تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5881) پێنج شەممە 28ی تشرینی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

بۆ نووسینەوەی ڕەشنووسی بودجەی 2020ی عێراق شاندێکی هەولێر دەچێتەوە بەغدا

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدای پایتەختی عێراق رایگەیاند: بە مەبەستی نووسینەوەی ڕەشنووسی پڕۆژە بودجەی 2020ی عێراق، سەرەتای هەفتەی داهاتوو شاندەکەی هەرێمی کوردستان دەچێتەوە بەغدا.

فارس عیسا ، سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بە خەباتی ڕاگەیاند ، ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکەنەوە. ئەوەشی ڕوونکردەوە کە ئامانجی سەردانەکە بۆ بەشداریکردنە لە ئامادەکردنی ڕەشنووسی پڕۆژەبودجەی 2020 ی عێراق، تاوەکو بە داواکارییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ پەرلەمانی عێراق بنێردرێت بە مەبەستی پەسەندکردنی. پێشتر دووجار شاندی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کردووە و لە پاش دوایین سەردانیش، باس لەوە کرا کە هەردوولا لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، ڕۆژانە هەرێمی کوردستان 250 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی حکوومەتی عێراق بکات و لە بەرامبەردا بەغدا مووچە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بنێرێت.

نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ پارتی و کۆمەڵ کۆبوونەوە

سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لە ڕۆڵ و هاوهەڵوێستی سەرجەم لایەنەکان بۆ پێکەوە کارکردن کردەوە





سەرۆک نێچیرڤان بارزانی جەختی لەسەر ڕۆڵ و بەشداری و هاوهەڵوێستیی کۆی لایەنە سیاسییەکان کردەوە بۆ پێکەوەکارکردن بە ئامانجی پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان.

لە دێڕەی دیدار و کۆبونەوەکانیدا لەگەڵ جەختیان لێکرایەوە.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی سوپاسی پەرۆشی و بەدەنگەوەهاتنی لایەنەکانی کرد بۆ هەوڵ و هەنگاوەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بە ئاڕاستەی تەبایی و یەکڕیزی و پێکەوەکارکردنی هەموان لە لایەنە سیاسییەکان، دوێنێ چوارشەممە 2019/11/27 لە هەولێر بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە یاوەریی بەڕێزان مستەفای سەید قادر و جەعفەر شێخ مستەفا جێگرانی سەرۆک، سەردانی هەر یەک لە کۆمەڵی ئیسلامی و پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد.

لە هەردوو کۆبونەوەکەدا، بایەخ و گرنگیی و هاوهەڵوێستیی کۆی لایەنەکانی کوردستان دەربارەی پرس و بابەتە سەرەکییەکان لەسەر هەردوو ئاستی کوردستان و عێراق، ئاست ڕووداو و پێشهاتەکاندا، بە تایبەتیش هەوڵەکانی پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی کوردستانی لە بەغدا کە بتوانێ یەکگرتووانە نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان و داکۆکی لە ماف و دەسکەوتە دەستوورییەکانی بکات.

لای خۆیانەوە هەر یەک لە پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی ستایشی هەوڵ و هەنگاوەکانی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و سەرۆکایەتیی هەرێمیان کرد و پشتیوانیی خۆیان بۆ یەکڕیزی و تەبایی و هاوگوتاریی کوردستانی دەربڕی.

ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەوە و چەند پرسێکی گرنگی تاوتوێ کرد

ئەنجوومەنی وەزیران ڕاپۆرتی شاندی دانوستاندکاری بۆ پرسی بودجەی فیدراڵی تاوتوێ کرد

ئەنجوومەنی وەزیران پشتگیریی بەردەوامبوونی پڕۆژەی دانانی پێوەری ئاوی ماڵان دەکات و داواش لە هاووڵاتییان دەکات ئاو بەفیڕۆ نەدەن



دوێنێ چوارشەممە 2019/11/27 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، کۆبوونەوەی هەفتانەی خۆی ئەنجامدا . لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران تیشکی خستە سەر سەردانیی هەفتەی ڕابردووی مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بۆ هەولێر کە دووپاتکردنەوەی ڕۆڵی گرنگی هەرێمی کوردستان بوو لە ناوچەکەدا .

ئینجا گفتوگۆ دەربارەی ئەنجامی کۆبونەوەکانی شاندی دانوستاندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا کرا کە بە ڕاسپاردە و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆک وەزیران بوون.

ئەندامانی شاندەکە دوایین پێشکەوتنەکانی ڕەوشی دانوستاندن و گفتوگۆی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی خستەڕوو. ئەنجوومەنی وەزیران خۆشحاڵی خۆی نیشاندا بە بەردەوێتشچوونی گفتوگۆکان بە ئاراستەی ڕێککەوتن لە سەر پڕۆژە بودجەی فیدراڵ بۆ 2020 کە ئێستا لە قۆناخی ئامادەکردنداید لە لایەن وەزارەتی دارایی عێراق.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

زەوییەکانی پێشمەرگە تاپۆ دەکرێن و خزمەتگوزاریشیان بۆ دابین دەکرێت

6

چاودێرانی سیاسی: سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بووەتە چەترێ کۆکەرەوەی هەموو کورد

2

حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی ڕاپۆرتێکی هیومان ڕایتس واتچ دەداتەوە

ڕێککەوتی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە وەڵامی ڕاپۆرتی هیومان ڕایتس واتچ ڕایگەیاند: ئەو قوتابیانەی کە نیشتەجێی کەمپی مەخموورن و لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم دەخوێنن ڕۆژانە بەشێوەیەکی ئاسایی هاتوچۆی خۆیان دەکەن.ڕاپۆرتی هیومان ڕایتس واتچ کە لە 2019/11/27 بە ناونیشانی هەرێمی کوردستانی عێراق: سنووردارکردنی هاتوچۆی ئاوارەکان دەرچووە باس لەوە دەکات کە دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم ڕێگریی دەکەن لە هاتووچۆی پەنابەرانی کەمپی مەخموور بۆ دەرەوەی شارەکان بەتایبەتی دوای کردەوەی تیرۆر کردنی دبلۆماتێکی تورکی لە شاری هەولێر. لەم بارەوە د.دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: لە دوای هاتنی بە لێشاوی ئاوارە و پەنابەران بۆ هەرێمی کوردستان دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم چەندین ڕێوشوێنیان گرتە بەر بۆ حەواندنەوەیان. زیاتر لەلاپەرە چوار بخوێنەوە

هەوڵدان بۆ داگیرکردنی زەویوزاری کوردان لە سنووری کەرکوک بەردەوامە

عەرەبە هاوردەکان بە تاپۆی ساختە و پاڵپشتیی سوپای عێراق دەستیان بە داگیرکردنی زەوییەکانی هاووڵاتییانی کوردی گوندی (پەلکانە)ی سەر بە ناحیەی سەرگەڕان لە قەزای دوبز کردەوە سوپای عێراقیش بەڵێننامە بە خاوەن زەوییەکان پڕ دەکاتەوە. ڕۆژی سێشەممە 2019/11/26 ژمارەیەک عەرەبی هاوردە بە پاڵپشتیی سوپای عێراق چوونەتە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکانی گوندی پەلکانەی سەر بە ناحیەی سەرگەڕان لە قەزای دووبز لە پارێزگای کەرکووک و تاپۆی ساختەیان پێ بووە و گوتوویانە ئەو زەویانەیان هی عەرەبەکانە و ڕێگە نەدراوە خاوەنەکانیان زەوییەکان بکێڵن.

زیاتر لەلاپەرە چوار بخوێنەوە

بەهێز نەوزاد پاڵەوانی کیک بۆکسینگ بۆ خەبات:

خەونم ئەوەیە نازناوی جیهان بە دەست بێنم و ئاڵای کوردستان بەرز بکەمەوە



15

هێمن هەورامی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لە ئەڵمانیا بەسەر دەکاتەوە

لە چوارچێوەی سەردانەکەیدا بۆ وڵاتی ئەڵمانیا بە مەبەستی بەشداریکردن لە دیداری بەرلین بۆ سیاسەتی دەرەوە لەسەر بانگهێشتی فەرمیی دامەزراوەی کۆربەر و وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە، دوێنێ چوارشەمە 2019/11/27 هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان سەردانی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لە ئەڵمانیا کرد و لەلایەن دڵشاد بارزانی نوێنەری حکوومەتی هەرێم لەو وڵاتە پێشوازیی لێکرا.

لە دیدارێکدا هەردوولا بەگرنگییەوە باسیان لە پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پەرلەمان و حکوومەتی وڵاتان کرد بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە ئەزموونی کاری حوکمڕانی و پەرلەمانیی وڵاتان و پتەوکردنی پەیوەندییە ئابووری و دیپلۆماسییەکانی هەرێم لەگەڵ وڵاتان بەجۆرێک کە لە بەرژەوەندیی هەردوولادا بێت. لای خۆیەوە جێگری سەرۆکی پەرلەمان ستایشی رۆڵی دڵشاد بارزانی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لە ئەڵمانیا کرد بەرانبەر ئەم رۆڵە گەورەیەی کە لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی ئەڵمانیا بینیویەتی بەتایبەت لەکاتی شەڕی تیرۆریستانی داعش و هاوکارییەکانی ئەڵمانیا بۆ ئاوارەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان. لە تەوەرێکی تردا هەردوولا جەختیان لە پتەوترکردنی زیاتری پەیوەندییەکانی نوێنەرایەتییەکانی هەرێمی کوردستان کردەوە لە وڵاتە جیاجیاکان کە دەتوانن رۆڵی زۆر گەورە ببینن لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان وڵاتان و هەرێمی کوردستاندا.



نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە مەترانی ئەرمەن لە عێراق دەکات

هەرێمی کوردستان بە لانەی ئارام و شوێنی هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان دەمێنێتەوە



سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان بە لانەی ئارام و شوێنی هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان دەمێنێتەوە و جەختی لە قوبوڵکردنەوەی کولتووری پێکەوەژیان و لێبوردەیی و پاراستنی مافی ئەرمەن و تەواوی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان کردەوە.

پاشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەمە 2019/11/27 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز د. ئاڤاک ئەسەدۆریان مەترانی ئەرمەنی ئۆتۆدۆکس لە عێراق و شاندێکی یاوەری کرد کە لە ژمارەیەک پیاوانی ئایینی پێکهاتبوون.

لە دیدارێکدا بەڕێز ئەسەدۆریان سوپاس و پێزانینی کەنیسەی پێکهاتەی ئەرمەنی لە هەرێمی کوردستان پێشکەش بە سەرۆک نێچیرڤان بارزانی کرد بۆ ئەو پشتگیرییەی کە هەمیشە پێشکەش بە پێکهاتەی ئەرمەنی لە هەرێمی کوردستان کردووە.

لە دیدارەکەدا کە بەڕێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینیی هەرێمی کوردستانیش ئامادەی بوو، دۆخی ئەرمەن لە هەرێمی کوردستان و عێراق، کاروباری دێر و کلێساکانیان لە زاخۆ، دهۆک و هەولێر، مافەکانیان و پێداویستییەکانیان، تاوتوێ کران.

دڵشاد شەهاب: هەموو لایەنەکان پشتگیری یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە دەکەن



-جێگای خۆشحاڵییە کە هەموو لایەنەکان پاڵپشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستانن

دڵشاد شەهاب، راوێژکاری سەرۆکی هەرێم، لە دوای کۆبوونەوەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ئامانج و ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی ئاشکرا کرد.

بەگوێرەی کوردستان24 سەبارەت بە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە دڵشاد شەهاب، رایگەیاند، لەسەر دانووستانەکانی هەرێم و بەغدا قسەمان کردووە. راشیگەیاند، باس لە بابەتی دەستووری عێراق کرا، کە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەنگاوی بۆ نراوە. بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵی یەکخستنی نوێنەرانی کورد لە عێراق دەدەین. ئاماژەی بەوەشدا، هەنگاوەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە بە هاوکاری وەزارەتی پێشمەرگە و دامەزراوەکانی حکوومەت دەستیپێکردووە، جێگای خۆشحاڵییە کە هەموو لایەنەکان پاڵپشتی سەرۆکی هەرێمن بۆ ئەم مەبەستە.

ئاشکراشیکرد، لە کۆبوونەوەکە باس لە بەردەوامیی پەیوەندی نێوان سەرۆکایەتیی هەرێم و لایەنەکان کرا تاوەکو پەیوەندییەکان باشتر و بەهێزتر بن لە ناخۆی هەرێمی کوردستان

د. دلاوەر ئاژگەیی لەگەڵ سەرۆکی زانکۆی گێنت لە بەلجیکا کۆبۆوە

هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە دامەزراوەکانی دەرەوە دەکات بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەولێر



لە بەردەوامی هەوڵەکانی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا بۆ دروستکردنی هەماهەنگی و پەیوەندی دوولایەنە لە نێوان زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و زانکۆکانی ئەورووپا، د. دلاوەر خالید ئاژگەیی نوێنەری حکوومەت سەردانی زانکۆی گێنت لە بەلجیکا کرد و لەگەڵ پرۆفیسۆر ڤان دێر والّ سەرۆکی زانکۆی ناوبراو کۆبۆوە. لە کۆبوونەوەکەدا، د. دلاوەر ئاژگەیی و پرۆفیسۆر ڤان دێر والّ تاوتوێی هەل و دەرفەتەکانیان کرد بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان زانکۆی گێنت و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان. هەروەها بە وردی باسیان لەو بەش و فاکەلتیانە کرد کە دەکرێت هاوکاری دوولایەنیان لە نێوان دروست بکرێت.

د.دلاوەر ئاژگەیی دووپاتیکردەوە کە هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە سەرجەم دامەزراوە ئەهلی و حکومییەکان لە دەرەوە دەکات تاکو بێن و کار و چالاکی خۆیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان فراوانتر بکەن، داوای لە زانکۆی ناوبراو کرد یارمەتی هەرێمی کوردستان بدات لە ڕەخساندنی دەرفەت بە قوتابیان تاکو سوودمەندبن لە پڕۆگرام و خولی زانستی و ئەکادیمی کە سالانە زانکۆی گێنت لە ڕێگەی پڕۆژەی جیاواز و بێبەرامبەر دەیبەخشێت. هەردوولا کۆک بوون لەسەر ئەوەی شاندێک لە زانکۆکانی کوردستان ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی سەردانی بەلجیکا بکەن و لە نزیکەوە گفتوگۆ لەبارەی وردەکاریەکان بکەن.

ئێران ئامادەکاری دەکات بۆ مانۆڕی سەربازیی هاوبەش لەگەڵ ڕووسیا و چین لە زەریای هیند




فەرماندەی هێزەکانی دەریایی ئێران، ئەدمیرال حوسەین خانزادی ئاماژەی بەوە کرد کە لە کاتێکی نزیکدا لەگەڵ ڕووسیا و چین-دا لە دەریای عومان لە باکووری زەریای هیند، مانۆڕی هاوبەش سازدەکەن.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە بەبۆنەی ڕۆژی هێزەکانی دەریایی ڕێکەیخستبوو، خانزادی باسی لەوە کردووە پلانی پێشوەخت و پلانڕێژی بۆ ئەو مانۆڕە سەربازییە تەواوبووە کە لە کاتێکی نزیکدا لەگەڵ ڕووسیا و چین ئەنجام دەدرێت.

خانزادی باسی لەوە کرد کە ئەمەریکا لە ئێستادا لە ناوچەکەدا ڕاستەوخۆ هیچ هەڕەشەیەکی دژ بە ئێران دروست نەکردووە، بەڵکو لە ڕێگەی ئەو هێزانەی کاری بۆ دەکەن لە هەوڵی ئەوەدایە ناسەقامگیری زیاتر بکات و گوتی: ئەگەر ئەمەریکییەکان هەڵەیەک بکەن ئەوا وەڵامێکی دروست لە هێزە چەکدارەکانی ئێرانەوە وەردەگرن. هەروەها خانزادی باسی لەوە کرد کە تا ئێستا ٦٤ کەشتی گەلیان ڕەوانەی ئاوە نێودەوڵەتییەکان کردووە و لە دەریای سوور و کەناڵی سویس کەشتییەکانی سەربە ئێران مرافەقەیان کردووە.

ئەدمیرال حوسەین خانزادی، باسی لەوەیشکردووە کە تا کۆتایی ساڵ ئەو کەشتیە جەنگییەی ناوی دەماوەندیان لێناوە پەیوەندی دەکات بە کەشتیگەلەکەوە، کە بە مووشەکی تەواو تێکشکێنەر پڕچەککراوە. خانزادی لە ڕوونکردنەوەیەکیدا کە لە مانگی نیساندا بڵاویکردەوە، ئاماژەی بەوە کردبوو کە لەگەڵ ڕووسیا و چین مانۆڕی سێ قۆڵی ئەنجام دەدەن.

ڕێبوار هادی: کۆبوونەوەکانی لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستوور بەردەوامن



ئەندامێکی لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق گوتی، کۆبوونەوەکانی لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستوور بەردەوامن و دەشڵێ: پێنج کۆبوونەوەی ڕاوێژکاریمان ئەنجام داوە بۆ دانانی نەخشەڕێگایەک، بەڵام تا ئێستا هەنگاوی کردارییمان نەناوە.

ڕێبوار هادی، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاندووە: کۆبوونەوەکانی لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستوور بەردەوامن و تاوەکو ئێستا 5 کۆبوونەوەمان ئەنجام داوە، کە تاوەکو ئێستا چاوپێکەوتن لەگەڵ شارەزا و ڕێکخراوەکان دەکەین بۆ ئەوەی نەخشەڕێگایەک دابنێین تا بزانین بە چ شێوەیەک دەست بە هەموارکردنەوەی بکەین و ئەو ماددانەش دیاری بکەین کە هەموار دەکرێنەوە. هادی گوتیشیەتی: کورد بۆ هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق داواکاریی خۆی ئامادە کردووە و لە کاتی هەموارکردنەوەی ماددەکاندا داواکارییەکانی خۆمان دەخەینە ڕوو، بەڵام جارێ هیچ هەنگاوێکی کرداری نەنراوە.

پەرلەمانی عێراق لیژنەیەکی بۆ هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق پێکهێناوە، کە لیژنەکە دەستبەکار بووە و تاوەکو ئێستاش 5 کۆبوونەوەیان ئەنجام داوە، بەڵام هێشتا ئەو ماددانەیان دیاری نەکردووە، کە بڕیارە هەمواریان بکەنەوە.


yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: | پێنج شەممە 2019/11/28 ژمارە (5881) | www.xebat.net

ئەنجوومەنی وەزیران کۆبووەوە و چەند پرسێکی گرنگی تاوتوێ کرد

ئەنجوومەنی وەزیران راپۆرتی شاندی دانوستاندکار بۆ پرسی بودجەی فیدرالّی تاوتوێ کرد

ئەنجوومەنی وەزیران پشتگیریی بەردەوامبوونی پڕۆژەی دانانی پێوەری ئاوی ماڵان دەکات و داواش لە هاوواڵاتییان دەکات ئاو بەفیڕۆ نەدەن

رۆژانە 850 هەزار مەتر سێجا ئاوی پاکی خواردنەوە بە فیڕۆ دەدرێت کە تێچووی رۆژانەی دەکاتە 340 ملیۆن دینار



دوێنێ چوارشەممە 2019/11/27 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیران و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، کۆبوونەوەی هەفتانەی خۆی ئەنجامدا .

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران تیشکی خستە سەر سەردانیی هەفتەی ڕابردووی مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بۆ هەولێر کە دووپاتکردنەوەی ڕۆڵی گرنگی هەرێمی کوردستان بوو لە ناوچەکەدا .

ئینجا گفتوگۆ دەربارەی ئەنجامی کۆبوونەوەکانی شاندی دانوستاندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا کرا کە بە ڕاسپاردە و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆک وەزیران بوون. ئەندامانی شاندەکە دوایین پێشکەوتنەکانی ڕەوشی دانوستاندن و گفتوگۆی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرالّی خستەڕوو.

ئەنجوومەنی وەزیران خۆشحالّی خۆی نیشاندا بە بەرەوپێشچوونی گفتوگۆکان بە ئاراستەی ڕێککەوتن لە سەر پڕۆژە بودجەی فیدرالّ بۆ 2020 کە ئێستا لە قۆناخی ئامادەکردندایە لە لایەن وەزارەتی دارایی عێراق. ئەنجوومەنی وەزیران جەختی لە پابەندییەکانی هەرێمی کوردستان کردەوە لە بەرانبەر دابینکردنی تەواوی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتیی هاوبەشی هەردوولا. بڕیاریشە لە سەرەتای هەفتەی داهاتوو شاندی دانوستاندکار سەردانی بەغدا بکات.

پاشان ئاوات شێخ جەناب وەزیری دارایی و ئابووری ڕاپۆرتێکی خستەڕوو، دەربارەی میکانیزمی جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران تایبەت بە ڕێکخستن و یەکخستنەوە و گەڕاندنەوەی سەرجەم داهاتەکان بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری و پێداچوونەوەی تەرخانکراوی خەرجییەکان لەسەر بنەمای پێداویستی و کارە لە پێشینەکان . ئەنجوومەنی وەزیران ڕاپۆرتەکەی پەسەند کرد و وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕاسپارد کە ڕێکاری پێویست بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتینی خەرجکردنی پێشینەی وەزارەتەکان بگرێتەبەر، بە جۆرێک ئاسانکاری بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن کار و پڕۆژەکانیان ڕاپەڕێنن لە چوارچێوەی تایبەتمەندی و دەسەلاتەکانیان.

ئینجا ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، چەند ڕوونکردنەوەیەکی پێویستی دەربارەی پڕۆژەی پێوەری ئاوی ماڵان خستەڕوو، ئاماژەشی بەوەدا کە ڕۆژانە 2.1 ملیۆن مەتر سێجا، ئاوی شیرین بەرهەم دەهێنرێت، کە تێچووی گشتی ڕۆژانە لەسەر حکوومەت 840 ملیۆن دیناڕە، کە بەداخەوە ڕۆژانە 850 هەزار مەتر سێجا، ئاوی پاکی خواردنەوە بە فیڕۆ دەدرێت کە تێچووەکەی ڕۆژانە دەکاتە 340 ملیۆن دینار و سالانە زیاتر لە 124 ملیار دیناڕە، ئەمەش دەبێتە بەفیڕۆچوونی 40 مێگاواتی کارەبای ڕۆژانە. ئەنجوومەنی وەزیران پشتگیریی بەردەوامبوونی پڕۆژەی دانانی پێوەری ئاوی ماڵان دەکات و داواش لە هاوواڵاتییان دەکات کە بەرپرسیاریەتی پاراستنی ئاو لە ئەستۆبگرن کە سامانێکی نیشتمانییە و سنووریکیش بۆ بەفیڕۆدانی ئاو دابنرێت، چونکە خەرجییەکی زۆر لەسەر حکوومەت دەکەوێت.

لە کۆتاییدا کەمال محەممەد سالّح وەزیری کارەبا ڕوونکردنەوەی پێویستی بە داتا و زانیاری دا لەبارەی کەمبوونەوەی کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبای نیشتمانیی بە هاوواڵاتییان کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی زیاتر بەهۆی وەرزی زستان و زیادەڕۆیی بۆ سەر تۆڕی کارەباوە دروست بووە. وەزیری کارەبا ئاماژە بە هەوڵەکانی وەزارەتەکەی دا لەمبارەیەوە، ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا لە کۆبوونەوەی داهاتوو گفتوگۆی زیاتر لەسەر پرسی کارەبا بکات.



ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک:
خۆپێشاندانەکانی عێراق ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووکی دوا خستووە

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، خۆپێشاندانەکانی بەغدا و باشووری عێراق ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووکی دوا خستووە.

کامەران کەرکووکی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە فراکسیۆنی پارتی، بە خەباتی ڕاگەیاند: خۆپێشاندانەکانی بەغدا و باشووری عێراق ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک ,هەروەها گەڕانەوەی پارتی بۆ کەرکووک دوا خستووە، شێوازی دەبڕین و ئەو ئامانجانەی کە لە خۆپێشاندانەکان هەیانە ,هەندێکیان جێگەی مەترسین و هەندێکی دیکەیان داواکاری شەرعین و دەبێت پشتگیری بکرێن، تا سیاسەتی گۆڕەپانی تەحریر ڕوون نەبێتەوە هیچی ئەوتۆ ناکرێ.

گوتیشی: بابەتی کەرکووک ئێستا هەستیارە و حکوومەتی هەرێم لەگەڵ بەغدا دەکرێ ڕێکبکەون لەسەر ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک و بۆ ئەو مەبەستەش حکوومەتی هەرێم لە هەوڵەکانی بەردەوامە و دەبێت بۆ ئەو مەبەستە کەشێکی هێمن دروست بکرێت و ڕەوشی عێراقیش دیار نییە بەڕەو کوێ دەڕوات. لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کەرکووکیان بە ڕێککەوتن لەگەڵ گرووپێکی خیانەتکار داگیر کرد و لەو کاتەوە دۆخی کەرکووک لە زۆربەی ڕووەکانەوە ناجێگیرە و کوردیش هەوڵی ئاساییکردنەوەی دۆخەکە دەدات.

چاودێرانی سیاسی: سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بووەتە چەتری کۆکەرەوەی هەموو کورد

دۆخی ناوچەکە و گۆڕانکارییەکان پێویستی بە یەکگوتاریی کورد و چەترێکی کۆکەرەوە هەیە

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەنگاوەکانی بەرەو یەکڕیزیی ناوخۆیی و دروستکردنی یەکگوتاری دەستپێکردووە. چاودێرانی سیاسی و مامۆستایانی زانکۆ بڕوایان وایە، دۆخی ناوچەکە و گۆڕانکارییەکان پێویستی بە یەکگوتاریی کورد و چەترێکی کۆکەرەوە هەیە، ڕاگەیاندنکاران و ڕۆشنبیران کەشێکی لەبار بڕەخسێنن.

مەشخەڵ کەوڵۆسی، سەرۆکی ناوەندی چاوی کورد بۆ پەرەپێدانی سیاسی، بە مانّپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕایگەیاندووە: لە قۆناخێکی زۆر هەستیاردایین، لە ناوچەکەدا کورد پێویستی بە یەکخستنی ناوماڵی خۆی هەیە، دەسەلاتی سەرۆکایەتیی هەرێم دەسەلاتێکە بۆ پاراستنی شکۆی هەرێمی کوردستان، پێویستە کۆبوونەوە و هەنگاوی لێکنزیکبوونەوەی حزبەکان لەڕێر چەتری سەرۆکایەتیی هەرێم تا ئاستی نووسینی بەڵێننامەیەک لە نێوان لایەنەکاندا بێتە کایەوە، هەموان یەکگوتار بن و ئاسایشی نەتەوەییمان بپارێزین، مەرجەعیەتێکی یاسایی هەبێت کە تەواوی لایەنە سیاسییەکان لەسەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی، یەکگوتار بن. ناوبراو دەشڵێت: سەرۆکایەتیی مولّکی هەموو تاکێکی کوردستانە، پێویستە لەسەر حزبەکان بەدەمەوەچوونی جدییان هەبێت بۆ هەنگاوەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم بۆ یەکگوتاری و لەگەڵ ڕۆشنبیران و ڕاگەیاندنکارانە کەشێکی ئەرێنی بۆ قۆناخەکە بهێننە ئاراوە.

هاوکار عیزەت، چاودێری سیاسی، سەبارەت بە کۆبوونەوەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم و هێز و لایەنە سیاسییەکان، ڕاگەیاندووە: پێمواید هەمیشە نزیکی و کۆبوونەوە و تەبایی نێوان هێزەکان و دەسەلاتە بالاکانی هەرێم گرنگی و قورسایی خۆی هەیە، چونکە هەموو کات کەمکردنەوەی سپەیس و دووربینەکان دەبێتە خاڵیکی زۆر باش بۆ کاری پێکەوەیی، سەرۆکایەتیی هەرێم لە پەرلەمان متمانەی سەرجەم هێزەکانی وەرگرتووە و پێویستە هەموو لایەک وەک یەکێک لە دەسەلاتە بالاکانی هەرێم گرنگی بە دەورێ کۆبنەوە و بیکەنە خاڵی کۆبوونەوەیان لە دەورێ پڕۆژەیەکی نیشتمانیی گشتگیر و سەرۆکایەتیی هەرێم بکەنە خاڵی کۆتاییهێنان بە مللانێ حزبییەکان و دروستکردنی هاوپەیمانییەک بۆ کارکردن، وەک یەک تیم و یەک هاوپەیمانی لە عێراق، هێنده قورسایی دەداتە کورد، کە بتوانێت بە دەنگێکی دڵێر داوای مافە ڕەواکانی خۆی بکات لە چوارچێوەی دەستووردا .پێویستمان بەوە هەیە لەسەر ئاستی بەغدا یەکگوتاریی کوردی هەبێت، لە ناوخۆ یەکگرتوو بین لە ڕووی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

دڵشاد نامیق، مامۆستای زانکۆ دەڵێت: لە عورفی سیاسیدا سەرۆکایەتیی هەرێم تەعبیرە لە تەواوی ئەو حزبانەی هەن، بە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەلاتدارەوە، چاوەڕوانی ئەوەش دەکەین ڕۆڵی سەرۆکایەتیی هەرێم ئەو چەترە بێت کە هەموو لایەک خۆیان لەڕێریدا ببینەنەوە. ئێستا لە قۆناخێکی ناسکداین، عێراق وەک سالّی 2003 بۆ 2005 وایە، کاتێک دەستوور دەنووسرایەوە، بڕیە پێویستمان بەوە هەیە لەسەر ئاستی بەغدا یەکگوتارییی کوردی هەبێت، لە ناوخۆ یەکگرتوو بین، لە ڕووی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی گەورەی دیپلۆماسیی خۆی، ئەو ڕۆڵە بگێڕێت.

کۆیستان لەتیف، مامۆستای زانکۆی سلێمانی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: هەنگاوەکانی سەرۆکی هەرێم، هەنگاوی گرنگن لەم کات و ساتانەدا ناوچەکە و کوردستان لە هاوکێشەیەکی نێودەوڵەتیی ناوخۆیی گەرمدایە، کاتێک سەرۆکی هەرێم سەردانی سلێمانی دەکات و ئایدیۆلۆجیا جیاوازەکان لەسەر یەک مێز کۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی کورد یەکدەنگ بێت، بۆ هەرێمەکەمان سوودبەخشە، ئەگەر ئێمە چاو لە مێژووی کورد بکەین، هەرکات یەک نەبووین، دەستکەوتمان لەدەست داوە، دیارە تەجروبەکانی مێژوو لە سیاسەتی کوردیدا جێی بووەتەوە و دەبێ دەرفەت نەڕەخسێنین بۆ پەرتبوونمان، کە نەیارانمان سوودی لێ ببینن، هەنگاوی یەکڕیزیی سەرۆکی هەرێم زۆر گرنگ بوو، چۆن هەنگاوەکانی لە ڕووی دیپلۆماسییەوە گرنگن، ئێستاش هەنگاوەکانی بۆ یەکڕیزیی ناوخۆیی گرنگن؟

ئەو گۆڕانکارییانەی لە بەغدا بەڕێوەن، بەتایبەت لە هەموارکردنەوەی ماددەکانی دەستوور، ئەگەر کورد یەکگوتار و یەکگرتوو نەبێت، ئەوە ئەو دەستکەوتانەی بە خوێنی شەهیدان بەدەست هاتوون، لە دەستیان دەدەین.

وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
پێنج شەممە 2019/11/28 ژمارە (5881)
www.xebat.net
خەبات



عیماد تەها

سەرۆکایەتیی هەرێم

چەتری کۆکەرەوەی هەمووان

هەنگاوەکانی بەرێز نێچیرڤان بارزانی بۆ ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بایەخێکی گەورەی هەیە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شانەیێکی یاوەری بە سەردانێک چوون بۆ پارێزگای سلێمانی و هەرێەک لە لایەنی بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بەسەرکردەوە، دواتر تاجە گوڵبەندی لەسەر ئارامەگەی هەرێەک لە مام جەلال و نەوشیروان مستەفا دانا.

هەر لە یەکەم وتاریدا نێچیرڤان بارزانی هەوڵەکانی چڕکردەوە بۆ بەستنەوەی پردی پەیوەندی و بە سەرجەم لایەنەکانی راگەیاند کە کاری لە پێشینەی ئێمە هێنانەدی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان پارت و لایەنە سیاسییەکان دەبێت و هەوڵدان بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە دەبێت بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی نیشتمانی رێکخراو، واتا رێگە لەوە بگیرێت کە هەژموونی حزبی لەسەر ریزەکانی پێشمەرگە هەبێت، ئەمەش خواستێکی هەموومانە و لە هەمان کاتدا خواستی دۆست و هاوپەیمانەکانمانە.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و ئاساییکردنەوە و پتەوکردنیان، دیسان هەمو خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە لایەکی ترەوە گەواهی دەدەن کە دیبلۆماسییەت و سیاسەتی میانڕەو و ژیرانەی بەرێزیان تەواو کارێگەر بووە و دۆخی ئێستا سەلێنەری ئەو راستییەیە. هەموومان دڵنیاین کە سەرۆکایەتیی هەرێم وەکو بالاترین دامەزراوەی نیشتمانی دەبێتە چەتری کۆکردنەوەی سەرجەم لایەنەکان، بەرێز نێچیرڤان بارزانیش خودی خۆی لە کاری رابردووی خەمخۆری گەل و نیشتمان بووە و وەکو دیبلۆماتێکی شارەزا لە هەوڵدا بووە کە کۆمەڵگایەکی تەندروست و باشمان هەبێت و لە قۆناغە جیاجیاکانیش لە تەواوی گۆڕانکارییەکان رۆڵا و پێگەی بەرچاو بووە نەتوانراوە نادیدە بگیرێت.

رەنگدانەوەی ئەم راستیەش دیار و ئاشکرا بووە هەر لە کۆبوونەوەکانیان لەگەلا پارت و لایەنە سیاسییەکان و دروستکردنی لیژنەیەکی بالا بۆ یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و چوونیان بۆ سلێمانی بۆ ئاساکردنەوەی پەیوەندی نێوان یەکێتی و گۆڕان و سەرجەم لایەنەکان و کۆبوونەوەی لەگەلا عەلی باپیر ئەمێری کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان و بەپێی بەرنامەی کاری جەنابیان ئەمجۆرە دیدارانە دریژەیان دەبێت تا دەگاتە کۆششی بەردەوامیان بۆ ئاساییکردنەوە و پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییە عێراقییەکان و چەندین جار تەشریف بردنیان بۆ لای پارت و لایەنە سیاسییەکان لە بەغدا و وتوێژ لەگەڵیان و پێداگیریکردن لەسەر ماف و شایستە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان. هەروەها سەردانە میژوویییەکەی مایک پێنس جێگری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ هەولێر و پێش ئەوەش زنجیرە سەردانەکانی بۆ قەتەر و ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو و کۆدەنگی هەموویان لەسەر رۆلا و کەسایەتیی سەرۆکی هەرێم ئەمانە بەلگە و سەلێنەری ئەوەن کە سەرۆکایەتیی هەرێم و بە تایبەت کەسایەتیی نێچیرڤان بارزانی ئەو چەترە بالایەیە کە دەتوانرێت هەمو لایەنەکان لە سایەیدا پەیوەندییەکی ئاساییان هەبێت و ئاشتەوایی لە پەنایدا قوڵتر بکرێت و دووبارە بنیات بنرێتەوە.

بۆ ئەمەش پێویستە هەمو لایەک پالپشت و هاوکار و هەماهەنگ بن تا بتوانین بگەینە ئامانج و تەواوی مافە دەستوورییەکانی کوردستان دەستەبەر بکەین.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی راپۆرتێکی هیومان رایتس واتچ دەداتەوە

دکتۆر دیندار زێباری: رێگری لە هاتوچۆی پەنابەرانی کەمپی مەخموور نەکراوە



رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە وەڵامی راپۆرتی هیومان رایتس واتچ ڕایگەیاند: ئەو قوتابیانەی کە نیشتەجێی کەمپی مەخموورن و لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم دەخوێنن رۆژانە بەشێوەیەکی ئاسایی هاتوچۆی خۆیان دەکەن.

راپۆرتی هیومان رایتس واتچ کە لە 2019/11/27 بە ناونیشانی هەرێمی کوردستانی عێراق: سنووردارکردنی هاتوچۆی ئاوارەکان دەرچووە باس لەوە دەکات کە دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم رێگریی دەکەن لە هاتووچۆی پەنابەرانی کەمپی مەخموور بۆ دەرەوەی شارەکان بەتایبەتی دوای کردەوەی تیرۆرکردنی دبلۆماتێکی تورکی لە شاری هەولێر. لەم بارەوە د.دیندار زێباری رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: لە دوای هاتنی بە لێشاوی ئاوارە و پەنابەران بۆ هەرێمی کوردستان دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم چەندین رێوشوێنیان گرتە بەر بۆ حەواندنەوەیان و دروستکردنی کەمپ بۆیان، یەکێک لەو رێوشوێنانە بریتی بووە لە رێکخستنی هاتوچوی کەمپەکان ئەویش بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایشی کەمپەکان و رێکخستنی، بەڵام سەرەڕای ئەوەش رێگری لە کەس نەکراوە، تەنانەت ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەران لە ناو شارەکان دەژین.

زێباری تیشکی خستە سەر ئەو راپورتی هیومان رایتس و لەم بارەوە گوتی: لە دوای تیرۆرکردنی دیبلۆماتێکی کونسوڵخانەی تورکی لە هەولێر، دەزگا پەیوەندیدارەکان پێداچوونەوەیەک بە رێوشوێنە ئەمنییەکان کرد، بەشێک لە دانیشتووانی ئەم کەمپە کێشەیان هەیە بۆ تازەکردنەوەی ناسنامەی رێپێدان کە ژمارەیان دەگاتە 760 کەس کە رەزامەندی نوێکردنەوەیان لەلایەن حکوومەتی ئیتیحادییەوە دەدرێت نەک حکوومەتی هەرێم و لەبەر نوێنەکردنەوەی ناسنامەی رێپێدان بەشێکیان شێوەیەک بەشێک نییە لە بەرێوەبردنی کەمپەکە و هیچ هێزێکی ئەمنیش لەلایەن حکوومەتی هەرێم بوونی نییە لەو ناوچەیە.

رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئەوەشی هەروەها چەند گروپێکی سەربازی نافەرمی لە دەوروبەر و ناو کەمپەکە بوونیان هەیە کە دەست دەخەنە ناو بەرپرسیارکردنی کێشەی هاتوچۆی پەنابەرانی کەمپەکە و کارئاسانیکردن بۆیان لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەولێر بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەک بۆ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی ئیتیحادی، چونکە لەساڵی 2014 دەوە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی ئیتیحادی لە بەغدا نوێکردنەوەی ناسنامەی نشینگەی بۆ پەنابەرانی نیشتەجێی ئەم کەمپە راگرتووە، بەڵام پێشتر دانیشتوانی کەمپەکە ئازاد بوون لە هاتوچۆکردن بۆ هەموو شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی راپەراندنی کاروباری رۆژانەیان. زێباری ئەوەشی روونکردەوە کە سەرەڕای پێداچوونەوە بە رێوشوێنە ئەمنییەکان، رێگری لە هاتوچۆی پەنابەرانی کەمپی مەخموور نەکراوە و لەم رووەوە زیاتر گوتی: سەرەڕای ئەو رێوشوێنانەی کە لە ئێستادا پیادە دەکرێن لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە، بەڵام ئەو قوتابیانەی کە لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم دەخوێنن رۆژانە بەشێوەیەکی ئاسایی هاتوچۆی خۆیان دەکەن، هەروەها کەسانی نەخۆش کە لە بنکەی تەندروستی کەمپەکە چارەسەر ناکرێن و پێویستیان بە سەردانی نەخۆشخانەی شارەکان هەیە بە مەبەستی چارەسەری، بە هیچ شێوەیەک رێگریان لێنەکراوە، بەڵکو هاوکارییان دەکەن بۆ ئەوەی سەردانی نەخۆشخانە بکەن، تەنیا خاڵەکانی پشکنینی هەرێم داوای دڵنیابوونەوە دەکەن لە ناسنامە و بەڵگە فەرمییەکان. شایەنی باسە پەنابەرانی کەمپی مەخمور ژمارەیان دەگاتە نزیکەی 21000 کەس، بەر لە ساڵی 2014 کەمپەکە لەلایەن کۆمیسیۆنی بالای کاروباری پەنابەرانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، رێکخراوی قەندیل و فەرمانگەی کۆچ و کۆچبەرانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆوە بەرێوە دەبرا، بەڵام لە ئێستادا لەلایەن هێزە ئەمنییەکان سەرپەرشتی دەکرێت و سروشتی سیقیلی خۆی لەدەست داوە.

بە تاپۆی ساختە و پالپشتیی سوپای عێراق

هەولدان بۆ داگیرکردنی زەویوزاری کوردان لە سنووری کەرکووک بەردەوامە

ئێستا وەرزی چاندنە و ئەو کێشانەش دەبنە هۆی زیانگەیاندن بە جووتیارانی کورد

عەرەبە هاوردەکان بە تاپۆی ساختە و پالپشتیی سوپای عێراق دەستیان بە داگیرکردنی زەویەکانی هاوواڵاتیانی کوردی گوندی (پەلکانە)ی سەر بە ناحیەی سەرگەڕان لە قەزای دوبز کردەوە سوپای عێراقیش بەڵێننامە بە خاوەن زەویەکان پر دەکاتەوە. رۆژی سێشەمە 2019/11/26 ژمارەیەک عەرەبی هاوردە بە پالپشتیی سوپای عێراق چوونەتە سەر زەویە کشتوکاڵییەکانی گوندی پەلکانەی سەر بە ناحیەی سەرگەڕان لە قەزای دووبز لە پارێزگای کەرکووک و تاپۆی ساختەیان پێ بووە و گوتوویانە ئەو زەویانەیان هی عەرەبەکانە و رێگە نەدراوە خاوەنەکانیان زەویەکان بکێڵن. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە گوندی پەلکانە بە خەباتی راگەیاند دوای کێشەکە کە لە نێوان عەرەبە هاوردەکان و جووتیارە کوردەکان دروست بووە، هێزێکی سوپای عێراق چوونەتە سەر زەویەکان بەڵێننامەی بە کوردەکان پڕ کردووەتەوە کە نابێ ئەو زەویانە بکێڵن. گوتیشی: کێشەکە چارەسەر نەکراوە و رێگەش نەدراوە عەرەبە هاوردەکان زەویەکە بکێڵن. ئەوان داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق دەکەن رێگری بکەن لە داگیرکردنی زەویەکانیان. ئەو جووتیارانە دەشڵێن ئێستا وەرزی چاندنە و ئەو کێشانەش دەبنە هۆی زیانگەیاندن بە جووتیارانی کوردی ناوچەکە.

لە لوبنان 110 خۆپیشاندەر بریندارببوون



سەرچاوەیەکی پزیشکی رایگەیاند، بەهۆی هەولێی هێزە ئەمنییەکان بۆ بلاوەپێکردنی خۆپیشاندەران لە شاری تەرابلوس باکووری لوبنان، 110 خۆپیشاندەر بریندارببوون. کۆمەڵەی پزیشکی ئیسلامی لە لوبنان لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاویکردووەتەوە کە خۆپیشاندەران هەولیانداوە هەڵبکوتنە سەر نووسینگەی رەوتی نیشتمانی ئازاد لە شاری تەرابلوس، بەڵام لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە رێگریان لێکراوە و بەهۆیەوە پێکدادان لە نێوان هەردوولادا رووداووە. ئاماژە بەوەشکراوە کە بەهۆی پێکدادانەکەوە، 110 خۆپیشاندەر بریندارببوون. هاوکات سوپا هەڵمەتێکی بۆ راوەدوونان و دەستگیرکردنی ئەو کەسانە دەستپێکرد کە هەولیانداببوو ئاگر لە دوو بانکدا لە شاری تەرابلوس بەر بدەن. لای خۆیەوە سوپای لوبنان رایگەیاندووە کە لە میانی هەڵمەتەکەدا، چوار کەس دەستگیرکراون.

پسپۆڕێکی ئابووریی ئێران:

گەلی ئێران بەهۆی بوونی گەندەڵی و بەڕێوەبردنی خراپەوە خۆپیشاندانی سازکرد



مامۆستا لە کۆلێژی ئابووریی زانکۆی شەهید بەهەشتی لە تارانی پایتەختی ئێران، دکتۆر سەعید لەیلاز ئاشکرایکرد ئامانجی دواییین خۆپیشاندانەکانی وڵاتەکەی، زیادکردنی نرخی بەنزین نەبووە، بەڵکو گەندەڵی و بەڕێوەبردنی خراپە.

سەعید لەیلاز لە لێدوانێکدا بۆ مالپەڕی هەواڵیی جەماران کە بە مالپەڕێکی نزیک لە خانەوادەی خومەینی دادەنرێت، هەڵسەنگاندنی بۆ خۆپیشاندانەکان لە سەرانسەری ئێران کرد کە لەدوای بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین سەریانهەڵدابوو. لەیلاز کە پسپۆڕی بواری ئابووریی، رایگەیاند: پێموایە ئامانجی بنەڕەتیی خۆپیشاندانەکان بریتی نییە لە زیادکردنی نرخی بەنزین. گەل بەهۆی بوونی گەندەڵی و بەڕێوەبردنی خراپەوە، خۆپیشاندانی سازکرد. ئەم سیستەمە چیتر بەکارنایەت.

سەعید لەیلاز جەختی لەوەشکردەوە بەهۆی ترسیان لە یەکەم هەواڵگرییەکان، کارمەندانی حکوومەت ناتوانن کاربکەن و گوتی: دەڵێن نەکەی دەنگ بەرز بکەیتەوە. کاتێک کە دەنگت بەرز ناکەیتەوە، دۆخەکە بەمشێوەیەی لێدێت. لەکاتێکدا کە پێویست بوو هەنگاو بە هەنگاو چاکسازیی لە ئابووریدا ئەنجامبدرێت، نەکرا، کە بەوشێوەیەی لێهات، کە نەشتەرگەرییەکی پڕ ئازار ئەنجامنەدرا، دۆخەکە بە جێگایەک گەیشتووە، کە چاکناکرێت. لەیلاز تیشکی خستەسەر ئەوەی کە بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین لە بەرزبوونەوەی رێژەی هەڵاوسانەوە سەرچاوەی گرتووە، باسی لەوەشکردووە حکوومەت دوای ئەوەی تووشی گرفت لە کۆکردنەوەی باج هات، بەرزکردنەوەی نرخی بەنزینی وەک چارەسەر بینی. هەروەها رایگەیاند: هەر لە سەرەتاوە پێمووابوو خۆپیشاندانەکان سیاسیی نین و تالانین. بە تالان بردنی مارکێتەکان...لە رووداوەکاندا پێشنیارێکی سیاسیی نەبوون، روون بوو کە بەردەوام نابن. تالانی بەهۆی برسێتییەوە رووینەدا بەڵکو وەک کاردانەوە لەبەرامبەر جیاکارییە لەنێو کۆمەڵگەدا، هاتە ئاراوە.

هۆشیار سیوەیلی:

پەیامی سەرۆک بارزانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستانمان گەیاندە سەرۆک کارنباوەر

تاوتوێی بڕیاری مانەوەی هێزەکانی هۆڵەندامان لە هەرێمی کوردستان کرد

حکوومەتی ئەڵمانیا دۆستێکی بەهێزی هەرێمی کوردستانە



ساسان دەرویش-هۆڵەندا:

لە چەند ڕۆژێ ڕابردوودا هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەردانێکی فەرمیدا بۆ وڵاتانی ئەڵمانیا و هۆڵەندا چەندین دیداری سیاسی و دیبلۆماسی لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتانە ئەنجامدا و بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوەکانیان بوو لە کۆنگرەی 32هەمین کۆنگرەی پارتی کریستیان لە شاری لایپزیک لە وڵاتی ئەڵمانیا و هەروەها سەردانیکردنی بۆ تەلاری پەرلەمانی هۆڵەندا و هاوکات کۆڕ و کۆبوونەوە لەگەڵ ڕەوەندی کوردی هەردوو وڵات ئەنجامدا، لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییە بەرفرەی پارتی دیموکراتی کوردستان هەیەتی بەدرێژایی میژوویی دروستبوونی و بەسەربەرشتی باوکی ڕۆحی نەتەوەیی کورد بارزانیی نەمر و بایەخدانی بە پەیوەندییەکانی دەرەوە و گەیاندنی دەنگ و سەدای شۆڕشەکەی بەدنیا لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نیشتیمان و خزمەتکردن بە پرسە نەتەوەییەکان درێژەی هەیە و لە ئێستاشدا لەو پێناوشدا کاری دیپلۆماسی و پەیوەندییەکان ئاوێتەکردووە بە کابینەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لەو ڕێگایەشەوە خزمەت بە ئایندە و پێگەی هەرێمی کوردستان کردووە.

32 هەمین کۆنگرەی پارتی کریستیانی دیموکراتی ئەڵمانیا

لە پەڕاوێزی ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەکە، شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی بە فەرمی بانگهێشتی کۆنگرەکە کرابوون، لە ڕۆژانی 21-2019/11/23 پارتی یەکێتیی کریستیان دیموکراتی ئەڵمانی کۆنگرەی سالانەی لە شاری لایپزیک ڕێکخست. دڵشاد بارزانی بەرپرسی لقی شەشی ئەورووپا و هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە و هەڤاڵان لە لیژنەی ناوچەی لایپزیکی پارتی بەشداری کۆنگرەکە بوون، لەمبارەیەشەوە هۆشیار سیوەیلی بۆ خەبات گوتی: پارتی یەکێتیی کریستیان دیموکراتی ئەڵمانی کە تا ساڵی 2018 خاتوو ئەنجێلا میرکڵ، ڕاوێژکاری ئێستای ئەڵمانیا سەرۆکی بوو، ئێستا لە لایەن خاتوو ئانەگرێت کرامپ کارنباوەر، ناسراو بە ئەی کەی کەی سەرۆکایەتیی دەکرێت. ئەی کەی کەی لە مانگی تەمووزی ئەمساڵ دا بووە وەزیری بەرگری ئەڵمانیا و یەکەم گەشتیی دەرەوەی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان بوو لە مانگی ئابدا، ئەم پارتە دۆستێکی نزیکی پارتیمانە و حکوومەتی ئەڵمانیا دۆستێکی بەهێزی هەرێمی کوردستانە و لە ڕێگەی ناردنی چەک و مەشق و ڕاهێنان بە هێزی پێشمەرگە هاوکاری بەردەوامی هەرێمی کوردستانیان کردووە ، خاتوو کارنباوەر لە وتاری سەرەکی خۆیدا ئاماژەی بەوەدا کە پێویستە ئەڵمانیا ڕۆڵی کاریگەرتر بگێڕێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە جیهاندا و ناکرێ تاسەر چاوەڕێ بێت لایەنی تر ئەو ئەرکەی بۆ جێبەجێبکەن. باسی ڕۆژئاوای کوردستانی کرد و هێرشی تورکیا بە داگیرکاری و پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی ناوبرد، شایانی باسە خاتوو ئۆرسولا فۆن دێر لاین، وەزیری بەرگریی پێشووی ئەڵمانیا کە چەندینجار سەردانی کوردستانی کردووە و ڕۆڵی گەورەی لە کاتی جەنگی دژی داعش بینی، هەڵبژێراوە بۆ سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا و جێگەی ژان کلۆود جەنکەر دەگرێتەوە. ئەم پۆستەش لە یەکێتیی ئەورووپادا پۆستێکی گرنگ و باڵایە، لە میانەی ڕۆژانی کۆنگرەکەشدا، چەندین چاوپێکەتنمان لەگەڵ ئەندام پەرلەمانی فیدراڵی و هەرێمەکان و یەکێتیی ئەورووپا ئەنجامداوە هەروەها چاومان کەوت بە خاتوو ئاناگرێت کرامپ کارنباوەر، سەرۆکی پارتی کریستیان دیموکرات و وەزیری بەرگری ئەڵمانیا، ئەو سەرۆک و سەرکردەیەکی لێتهاتووی سی دی یو وە و لە ئایندەیەکی نزیکیش دا دەبێتە ڕاوێژکارێکی سەرکەوتووی ئەڵمانیا، پەیامی سەرۆک بارزانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستانمان گەیاندە سەرۆک کارنباوەر داوای هاوکاری و پشتگیریی زیاترمان کرد بۆ هەرێمی کوردستان.


دیدار بەڕێبەرسانی پارتەکانی هۆڵەندا لە تەلاری پەرلەمان

لە دوای بەشداریکردنی شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی لە کۆنگرەی سالانەی پارتی یەکێتیی کریستیان دیموکراتی ئەڵمانیا، شاندی ناوبراو سەردانی هۆڵەندایان کرد و لەگەڵ شاندی پەیوەندییەکانی لیژنەی ناوچەی هۆڵەندای پارتی سەردانی تەلاری پەرلەمانیان کرد لە شاری لاهای، لە یەکەم ڕۆژی سەردانەکەیان بۆ دیدار لە گەڵ شۆرد شۆردسما ، بەرپرسی بەشی نێودەوڵەتی پارتی دی شەست و شەش لە پەرلەمانی هۆڵەندا بوو ، ئەم پارتە، پارتێکی سۆشیاڵ لیبراڵە و ئەندامی لیبراڵ ئینتەرناشنالە. لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا خاوەنی 19 کورسی و لە سێناتیشدا 7 کورسی. پارتی پەیوەندی باشی لەگەڵ ئەم پارتەدا هەیە، هۆشیار سیویلی بۆ خەبات گوتیشی: چاومان کەوت بە جوویل فۆردوینذ، ئەندام پەرلەمان و بەرپرسی کاروباری دەرەوەی پارتی یەکێتیی کریستیان، تەوەری سەردەکی گفتوگۆی کۆبوونەوەکان جگە لە ڕۆڵی پارتی لە حوکمڕانی و پرۆسەی سیاسی کوردستان بە تایبەتی و عێراق بە گشتی، بڕیتی بوون لە باسکردنی دۆخی سیاسی و ئابووری و ئاسایشی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا و هەرێمەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش و هاوکاری سەربازی و ئابووری هۆڵەندا بۆ هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی سوپاسی پارتی گەلمان کرد بۆ هەڵوێستی دۆستانەیان بەرامبەر کوردستان بە تایبەتی لە ساڵانی شەڕی دژی داعش دا، باسی بڕیاری نوێکردنەوەی مانەوەی هێزەکانی هۆڵەندامان کرد لە هەرێمی کوردستان و سوپاسی هەڵوێستی حکوومەتمان کرد لەم بارەیەوە و هیواشمان خواست بڕیاری نوێکردنەوەی مانەوەی هێزەکان کە لە مانگی داهاتوو لە پەرلەمانی هۆڵەندا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت ، سوپاسمان کردن بۆ هاوکارییەکانیان لە بواری پەرەپێدانی کشتوکاڵ و هاوکاریی مرۆیی و سەربازی و هیواشمان خواست لە بودجەی ساڵی داهاتوودا هاوکاری زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان بکرێت.

دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ ڕەوەندی کوردی هەردوو وڵاتی ئەڵمانیا و هۆڵەندا

لە دوای کۆتایهاتنی سەردان و دیدارەکانی شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی لە هەردوو وڵاتی ئەڵمانیا و هۆڵەندا، هۆشیار سیوەیلی لەگەڵ ڕەوەندی کوردی لە هەردوو وڵات کۆبۆیەوە، کە ئاشنایەتی لەگەڵ زۆربەیان هەبوو بەهۆی ئەوەی لە ڕابردووداسالانێکی زۆر کاری پارتایەتی لەگەڵیان کردووە لە سنووری لقی شەشی ئەورووپا و وەک کەسایەتییەکی ناسراو هەڵقوڵاوی نێو بنەماڵەیەکی نیشتیمانپەروەر و خاوەن چەند سەرکردەی شەهید و پێشمەرگە و کادیرێکی بەتوانا لە بواری سیاسی و دیبلۆماسی و بڕینی چەندین پۆستی حکومی و پارتایەتی، پێشوازییەکی گەرمیان لێ کرد لە هەردوو بارەگای لیژنەی ناوچەی لایپزیک پارتی و لیژنەی ناوچەی هۆڵەندای پارتی، لەو دیدارانەدا باسی ئامانج و ئەنجامی سەرکەوتنی سەردانەکەی بۆ ئەورووپا و دیدارەکانی کرد لەگەڵ ئەڵمانیا و هۆڵەندا و باسی پەیوەندییەکانی پارتی و دۆخی ئێستای کوردستان و پێشهاتەکان و هەڵوێستەکانی سەرۆک بارزانی و پارتی بۆ ئامادەبووان کرد و لە هەمان کاتیشدا گوێی بۆ بۆچوون و سەرنج و پێشنیارەکانی ڕەوەندی کورد گرت لە هەردوو وڵاتی ئەڵمانیا و هۆڵەندا لە کۆتایشدا هۆشیار سیوەیلی لە بەرانبەر هەموو هاوکارانی سوپاسی گەرمی کردن و هیوای سەرکەوتن و یەکگرتنی هەمیشەیی بۆ خواستن بۆ خزمەتی کورد و کوردستان





شەنگە هاوارکاکەیی

وێنەی کەسایەتییە ئاینییەکان لە کەرکووک چ واتایەک دەگەیەنێت

هەڵواسینی وێنەی سیستانی لە فەرمانگە فەرمییەکانی شاری کەرکووک، لەلایەن هاووڵاتیانی ئەم شارەو کوردستانیانی هەر چوار پارچەی کوردستان ناڕەزاییەکی زۆری لێکەوتەوە، بەو پێیەی سیاسەتی داگیرکردن و سەپاندنی هێزی چەکداری و زەوتکردنیماڵ و مووڵکی کەرکووکییەکان شتێکی تازە نییەو مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە.

کەرکووکییەکان ڕاهاتوون لەسەر پەیڕەوونی ئەم دیماگۆجیەت و سیاسەتە بەپێوەری عورف و مەنتیق جا بەدەستوەردانی هێزە دەرەکییەکان بووبێ یاخود بە پاڵپشتی دەستی چەپەڵی خیانەتکاران و هێزە ناوەکییەکان، دەرئەنجامیش هەڵکوتینی یەک ڕاستییە کەوا دۆزی کەرکووک سەنگی مەحەکە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان.

ئەم کێشمەکێشانە لە گۆڕەپانەکەدا کە دەستپێکرد چ بە تەعریبکردنی ئەم شارە، چ بە زەوتکردنی سەروەت سامانیان و چ بەئاوارەبوونیان یان بەقەدەغەکردنی ئاخاوتن و نووسین بەزمانی شیرینی دایک و..هتد، لەپێناو شڵەژاندنی ڕەوشی ئارامییە لەو شارە کە ئاسایی نییەو هەمیشە هاووڵاتیانی شارەکە ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەدیاتە ئیقلیمییەکان بوونەتەوەو بە دڵگەرمی و بە ڕۆحی بەرخودان و مقاوەمەت دەرهاوێشتە نەرێنییەکانیانی ئەم سیاسەتەیان سڕکردۆتەوە. هەروەها هەمیشە لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆژێکی نوێ پرسیاری ئاخۆ تەماحەکانی وڵاتە دراوسێکان لە ئێران و تورکیا ئەم جارە چۆن ئاشی ئەم شارە دەگێڕن؟. بۆیە ئەگەر وێنەی سەرۆکی تورکیاش فەرمایشتەی سەر فەرمانگاکان بکەن و بە پیتی گەورە لەسەر وێنەکە بنووسن ئێرە مۆڵگەی تورکستانە یان ئێرانە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کەوا کەرکووک شارێکی کوردستانییە و ئەم دەرهاوێشتانەش بریتی بوونێک نییە بۆ شارنشینانی کەرکووک و تۆزقاڵێک لە هیمەت و خۆڕاگری و وەریان کەمناکاتەوە.

ئەمانە کە گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن کەوا بڵێسەی موقاوەمەت و بەرەنگاری نابێتە خەوشێک بۆ تاکی کەرکووکی، کە پەنا بۆ هیچ پارتێکی دیاریکراوی کوردیش بەرێ لە سەوز بوون و چاندنی تۆوی ڕۆحی کوردایەتی و مەردایەتی کەوا لەدڵ و دەروونیان گەرمتر لە گڕی باباگورگور، بەڵام ستەم هەر ستەمە، ئەم وێنانە کە بووەتە جێگەی سوختی هاووڵاتیان و لەپاڵیدا دەنگی ناڕەزایەتییەکانیان بەرز بووەتەوە تەنها بۆ گەیاندنی ئەو پەیامەیە بە جیهان، کەوا داگیرکەرانەی شیعەگەرایی دونیای کەرکووکیان بەخیانەت تلداوەو هیچی تر نا! چونکە کەرکووک پایتەختی دڵی کوردانە، ئەم هاشوهووشەی ئێستاش لە سەردەمی حزبی بەعس و سەدام حوسێن بەرپابوو، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون و ئێستا ئەو ڕۆژگارانە لە زبڵدان و حاویەکانی مێژوو پەرەکانی هەڵدەدرێنەوە!!! بۆیە موژدەی بێ مەفادی ئەم هەوڵانەش لەئارادایە، چونکە نە دیمۆگرافیای شارەکە هەڵدەتەکێ نە کەرکووکییەکانیش شوناسی نەتەوەییان لێ زەوت دەکرێ، نە کەشی ئەم شارەش کوردبوون تیایدا دەکوژێتەوە، هەروەها نە ئەتمۆسفیری بەتەپ و تۆزی خیانەت هەڵدەبرسکێ، کە سیمای ئەم شارە بە چەندان وێنەی هەندێ کەسایەتی ڕازاوەتەوە بێ ئاڵای کوردستان و وێنەی شەهیدانمان، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕاگەیەندراوی واتایەکە بۆ مانای زەوتکردن و داگیرکردنی مافی هاووڵاتیانی سڤیل کە لە هیچ بیردۆز و قاموسی سیاسەتدا دانی پێدا نەنراوە.

هەرچەندە زمانی سەردەم زمانی گفتوگۆ و دیالۆگە لە دونیای ئەمڕۆی سیاسەت، بەڵام بۆ قەدەر و چارەنوسی کورد بانێک و دوو هەوایە، بەو پێیەی وێنەکانی مەرجەعی شیعە لە شارەکانی باشووری عێراق و پایتەختی عێراق قەدەغەکراوە، کەچی لە شاری شاران ئەم وێنەیە دەشکێتەوە لەسەر بیلدینگ و فەرمانگەکان، پرسیار ئەوەیە ، ئاخۆ بۆ دەبێ کەرکووکییەکان دڵسۆزی مەرجەعی شیعە بن! تا ڕادەی ناهۆشمەندی، بێ ئاگایی، لە بری ئەو خزمەتگوزارییە بەرچاوانەی کەوا پێشکەش بەو شارە کراوە.

تەنها ڕێگە کە لە بەردەمان مابێ، گەڕانەوەیە بۆ هەنگاونان و ساڕێژکردنی بڕینی کەرکووکەکەمان، گەڕانەوەیە بۆ حیکمەتی سەرۆک بارزانی کە کلیلی چارەسەریی سەرجەم هاوکێشە سیاسییەکانی پێیە، هەرچەندە شانزەی ئۆکتۆبەر مێژوویەکی زۆر تاڵە، بەڵام لەگۆڕەپان و واقیعی سیاسی ئەمڕۆی کەرکووکدا دەتوانین وەکو پاداشت پۆلینی بکەین کە هەڵواسینی وێنەی مەرجەعی شیعە لە شارەکە یەکێکە لەو ئینجازاتە گرنگانەی کە هاوکات و هاوتەریب بوو لەگەڵ لێدوانی ئەرشەد ساڵحی سەرۆکی بەرەی تورکمانی بۆ سڕینەوەی مافە دەستوورییەکانی کورد لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵدا. ئەم بچووک بینینە لە دونیای سیاسەتدا خۆی پازدانێکە لەسەر زەوتکردنی مافە نەتەوەیی و دەستوورییەکان و یەک پێناسەی هەیە کە ئەویش ئەوەیە کەوا کەرکووک داگیرکراوە و بە هەناسەی داگیرکەر مەحکومە، بۆیە بوێری دەسەڵاتی داگیرکەر حەقە بەوە نەوەستێ و با بەیانی شارەکە بە وێنەی کەسانی دیکەی ئێرانیش ببرازێننەوە، چونکە لە دەرئەنجام ئەم شارە لەژێر چەتری داگیرکارییە، ئەم شارە حاڵی حازر بێ پێشەوایە، بێ ڕابەر و بێ خاوەنە و بێ ئیرادەی کوردییە، بۆیە تا گەڕانەوەی شەرعیەت و شەراکەتی ڕاستەقینە بۆ ئەو شارە هەر دەڵێین کەرکووک دڵی کوردانە.

*** ماستەر لە پاسای گشتی/ زانکۆی حیکمە بەیروت.**

دوای نۆژەنکردنەوەی، قوتابخانەی بەستۆرەی کچان بە سیستمێکی مۆدێرن کرایەوە



وەک ئەرکێکی نیشتمانی و لەپێناو زیاتر گرنگیدان بەکەرتی پەروەردەو خوێندن و دابینکردنی کەشێکی ئارام بۆ مامۆستایان و قوتابیان، بەئامادەبوونی بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی و کارگێڕانی لق و بەرپرسی لێژنە ناوچەکانی مامۆستایان و خانزاد و بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێرو بەرێوەبەری پەروەردەی شەقڵاوەو ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئیداری سنوورەکەو مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەکە، لە مەراسیمێکی خنجیلانەدا دوای نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەی بەستۆرەی کچان بەسیستمێکی مۆدێرن کرایەوە. لەدەسپێکی مەراسیمەکەدا بەرپرسی لقی16ی هەولێر سوپاس و دەستخۆشی ئاراستەی هەموو ئەکەسانە کرد کە وەک ئەرکێکی نیشتمانی هەڵسابوون بەنۆژەنکردنەوەی قوتابخانە بەشێوەیەکی مۆدێرن لەپێناو زیاتر پێشخستنی کەرتی پەروەردەو خوێندن لەدەڤەرەکە و پیرۆزبایی خۆیشی ئاراستەی مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەکە کردوو هیوای سەرکەوتن بۆ خواستن، دواتر بەم بۆنەیەوە لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەوکەوە چەندین تابلۆ نمایش کران و چەند ئۆپەرێت پێشکەشکران کەبوونە مایەی خۆشحاڵی ئامادەبووان. لەکۆتایی مەراسیمەکەدا لەلایەن بەرپرسانەوە ئامادەبووەوە خەڵاتی ڕێزلێنان و سوپاس و پێزانین بەخشرایە ئەو هاوئیشتمانیانەی کە لەسەر ئەرکی خۆیان هەڵسابوون بە نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکە.

سوپاس و پێزانین

بەناوی بنەماڵەی فەرمانده لە شۆڕشی ئەیلوول و هاوەڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، حەمەدئەمین فەقێ حەسەن سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی هەموو خزم و دۆست و لایەنە سیاسییەکان دەکەین، بەتایبەت نووسینگەی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی و بەڕێزان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت و وەزیرەکان و پەرلەمانتاران و سەرجەم یەکە ئیدارییەکانی سنووری قەزای سۆران و پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک و سەرجەم لقەکان، کە بەشداریان لە مەراسیمی بەخاکسپاردن و پرسەی هاوسەری کۆچکردووم عائیشە عومەر کرد، دەستی ماندووبوونتان دەگوشم و لە خەم و پەژارەتان کەمکردینەوە و سوپاسی هەموو ئەو دۆست و خزمانەش دەکەین کە بەنامە و ئیمەیل و پەیوەندی تەلەفۆنی لەناوە و دەرەوەی وڵات پەیامی هاوخەمی خۆیان گەیاند، داواکارم لە یەزدانی مەزن پاداشتتان بداتەوە و دووربن لە ناخۆشی. خوای گەورەش لێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

حەمەدئەمین فەقێ حەسەن دەرگەڵەیی
هاوەڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران

زەوییەکانی پێشمەرگە تاپۆ دەکرێن و خزمەتگوزاریشیان بۆ دابین دەکرێت



ماوەی چەند ساڵێکە لە سنووری شارەوانیی بەحرکە کەرتێک بە ناوی پێشمەرگەوە بەسەر پێشمەرگە قارەمانەکاندا دابەشکراوە، سەرۆکی شارەوانیش ئاشکرای کرد، زەوییەکانی کەرتی پێشمەرگە تاپۆ دەکرێن و خزمەتگوزاریشیان بۆ دابین دەکرێت. زەردەشت سەرسام، سەرۆکی شارەوانیی بەحرکە، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: پێش چەند ساڵێک لە سنووری شارەوانیی بەحرکە چوار هەزار پارچەزەوی دابەش کراون و نزیکەی دوو هەزار لەو زەوییانە بە پێشمەرگە قارەمان دراون، بەڵام تا ئێستا نە تاپۆ کراون و نە خزمەتگوزارییان بۆ دابین کراوە، بەڵام ئێمە وەک لایەنی پەیوەندیدار، لێژنەیەکمان لە نوێنەری سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر و شارەوانییەکان و شارەوانیی بەحرکە، بۆ تاپۆکردنی ئەو زەوییانە پێکهێناوە. سەرۆکی شارەوانیی بەحرکە گوتیشی: لە ئێستادا سەرقاڵی تاپۆکردنی زەویی پێشمەرگەین لە شارەدێی بەحرکە، بەڵام زەوییەکان لەسەر شارەوانیی هەولێرن و دوای گواستنەوەیان بۆ سەر شارەوانیی بەحرکە، دەست بە قۆناغی تاپۆکردنیان دەکرێت. زەردەشت ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: جگە لە تاپۆکردن، لە هەوڵدایین بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری، تا پێشمەرگە هەروری وتاری دەستەی پێشکەشکرد.

دواتر کارنامەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ ئەم هەڵمەتە نیشتمانیە لەلایەن خاتوو زیبا تەها بەرپرسی پلان و بەدواداچوونیی.(ئا.ک) خوێندرایەوە. هەروەها پانێلێک پێشکەشکرا کە لەلایەن خاتوو ناسک سەعید بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان بەرێوەبرا دەرئەنجامی دوو توێژینەوەی گرنگ ڕاگەیاندرا، یەکێکیان تایبەت بوو بە پێگەو وێنای ئافرەت لەمیدیای کوردیدا کە ئیدریسی هەمیشە زیندوو دەستیپێکرد، دواتر وتاری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەلایەن دکتۆر ڤیان سلێمان سکرتێری ڕێکخراو پێشکەشکرا، پاشان ئەڤین خولەکێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان سەروەریان بارزانیی نەمر و کاکە بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان ئامادەیان کردبوو و لەلایەن دکتۆر بەهات حەسیب قەرەداغی مامۆستا لەبەشی ڕاگەیاندن زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر دەرەنجام و شیکارییەکانی خرایەڕوو. دواتر مامۆستا ئەڤین و مامۆستا خەتاب مامۆستا لەبەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەدین دەرەنجامی ئەو توێژینەوەیان خستەروو کە وەک کەیس لەماوەی ساڵێکدا هاتونەتە بەشی پشتگیری کۆمەڵایەتی ڕێککخراو و کاریان لەسەرکراوە.

هەڵمەتی نیشتمانیی 16 ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ڕاگەیەنرا



ڕۆژی 26ی نۆڤەمبەری 2019 یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە ئامادەبونی ئەڤین هروری ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارەیەک لە بەرپرس و نوێنەرانی حکومی و حزبی، و چالاکوان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕێورەسمی ڕاگەیاندنی هەڵمەتی نیشتمانی 16 ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان سازکرد . سەرەتای چالاکییەکە بە ڕاگەیاندنی هەڵمەتەکە لەلایەن دکتۆر ڤیان سلێمان سکرتێری ڕێکخراو یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پێشکەشکرا، پاشان ئەڤین هروری وتاری دەستەی پێشکەشکرد.

دواتر کارنامەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ ئەم هەڵمەتە نیشتمانیە لەلایەن خاتوو زیبا تەها بەرپرسی پلان و بەدواداچونیی.(ئا.ک) خوێندرایەوە. هەروەها پانێلێک پێشکەشکرا کە لەلایەن خاتوو ناسک سەعید بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان بەرێوەبرا دەرئەنجامی دوو توێژینەوەی گرنگ ڕاگەیاندرا، یەکێکیان تایبەت بوو بە پێگەو وێنای ئافرەت لەمیدیای کوردیدا کە

کەلار... سێیەمین پێشانگەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان کرایەوە



خەبات- سەریە یوسف: دوێنێ بە ئامادەبوونی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەدروشمی خاک و ئاومان دەکەینە سەرچاوەی ئابوریمان، سێیەمین پێشانگای بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە تەنیشت قەڵای شێروانە لە شارۆکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان کرایەوە. شادی حوسێن، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی گەرمیان، بە خەباتی ڕاگەیاند: بەدروشمی خاک وئاومان دەکەینە سەرچاوەی خۆراک و ئابوریمان، سێیەمین پێشانگای کشتوکاڵی بۆ بەرهەمە ناوخۆییەکانی جووتیارانی سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان کرایەوە. وتیشی: ئامانج لەم هەنگاوەمان بۆ پاراستنی بەرهەمەناوخۆیەکانە، هاوکات بۆ هاندنی جووتیارانە بۆ ئەوەی زیاتر بایەخ بە بەرهەمەکانیان بدەن، زیاتر لە 100 جووتیاریش بەرهەمەکانیان لەسەوزەو میوەو شیرەمەنی نمایشکرد. لە گوتەیەکدا کە خەبات ئامادەی بوو، خاتوو بیگەرد تاڵەبانی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاویەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند: گەرمیان خاوەن زەویی بە پیتی کشتوکاڵییەو حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپلانیدایە بایەخی تەواو بەم ناوچەیە بدات.

ڕێگاوبانی هەولێر: بەشێکی زۆری ڕێگاوبانەکان بەر لەوادەی خۆیان تەواودەکرێن



خەبات- سەید فاتیح
بەرزنجی: ئەندازیار دڵشاد عیمادەدین بەڕێوەبەری چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر بە خەباتی ڕاگەیاند: ماوەی چەند هەفتەیەکە کاری نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان دەستی پێکردووەو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بڕی 10 ملیار دینار تەرخانکراو ماوەی 70 ڕۆژیش بۆ تەواو کردنی کاری نۆژەنکردنەوەکە دیاریکراو کارەکان بەخێرایی و بەکوالیتی بەرز جێبەجێ کراون و بەرلەهاتنی وەرزی زستان و باران بارین کارەکان تەواو دەکرێن. هەروەها گوتی: لەئێستادا نۆژەنکردنەوەی چەندین ڕێگای سەرەکی تەواو کراون لەوانە: پڕۆژەی چاککردنەوەی ڕێگای جەڤنیکان ڕ زراوەتی و کۆتاییهێنان بە قیرتاوکردن لە پڕۆژەی چاککردنەوەی خێرای ڕێگای خەلیفان ڕ گەلی عەلی بەگ ڕ سۆران و ئامادەکاری بۆ دانانی پردی ئاسن بە پانی 6مەترو درێژی 19 مەتر لەسەر ڕێگای سەرەکی چۆمان- حاجی ئۆمەران، کارکردن لە ڕێگای سۆران- بالەکیان و قیرتاوکردن بە چینی بایندەر لە ڕێگای سۆران ڕ بالەکیان و کارکردن لە ڕێگای هەولێر- مەخمور و قیرتاوکردنی ڕێگاکە و قیرتاوکردنی ڕێگای هەولێر ڕ مەخمور - کویە بە درێژی 11 کیلۆمەتر، دواتر ئەندازیار دڵشاد عیمادەدین گوتی: کارکردن لە هەموو پڕۆژەکان درێژەی هەیەو بڕیار وایە بەر لە ڕۆژی 12/15 کارەکان تەواو بکرێن.

دووەمین دیداری زانستی لە نێوان زانکۆی سەلاحەدین و دەزگای بەیتولحکمەی عێراقی بەڕێوەچوو



دوێنێ دووەمین دیداری زانستی لەنێوان کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین و دەزگاری بەیتولحکمەی عێراق بە ناونیشانی (هاوکاری و تەواوکاری لە بواری گەشەپێدان و ئاشتی نیشتیمانی و هەرێمایەتی) لە سەنتەری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی زانکۆی سەلاحەدین بەڕێوەچوو.

لە دیدارەکەدا کە ژمارەیەکی زۆری بەرپرسانی حکومی و کەسایەتی سیاسی و مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆکانی دیکەی عێراق و قوتابیان ئامادەی بوون، سەرۆکی زانکۆ لە وتارێکیدا ئاماژەی بەوەی کرد پەیوەندی و هەماهەنگی لە ناوچەکە بە گشتی و هەرێمایەتی بەتایبەتی، بە بەردەوامی پێویستی بە دیالۆگی زانستی و بونیادنەر هەیە بۆ بەرهەمهێنانی ئاشتی و ئاسایشی نیشتیمانی لە هەولێری پایتەخت و میژووی کوردستان ئەم دیدارە بەڕێوەدەچێت. دووپاتی کردەوە ئەمڕۆ عێراق پێویستەی بە سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوە و ئاسایش هەیە، کە ئەمەش بە سەلاحەدینی کرد و هەروەها خۆشحاڵی خۆی دەربڕی لە وتارێکیدا سوپاسی زانکۆی سەلاحەدین بۆ ئەو ڕۆڵەی گێڕای لە ڕێنیشاندانی خەڵک بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچەکانیان و ئاسایشی ناوچەکان و ئەو ڕۆڵەی لە ڕاهێنانی هێزەکانی ئاسایشدا هەیەتی.

ژینگەیەکی هەمێن و ئارامی هەرێمایەتی دروست دەبێت.

دواتر لە دیدارەکەدا دەستکرا بە بەڕێوچوونی دانیشتنی دیدارەکان، بە چەندین بابەت و توێژینەوە لەلایەن مامۆستایان زانکۆ پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

هەولێر... دوو تاقیگە و سەنتەرێکی چاو لەلایەن وەزارەتی تەندروستی داخران

خەبات- فاتیح: لەچوارچێوەی پشکنین و بەدواداچوونی خۆی لەلایەن وەزارەتی تەندروستی دوو تاقیگەو سەنتەرێکی چاوو و نۆرینگەیەک لە هەولێر داخران، ئەویش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و چاودێری بەدواداچوون بۆ نۆرینگەو تاقیگەو سەنتەرەکان لە هەولێر بڕیاری داخستنی سێ شوێنی لە گەڕەکی هەولێری نوێ و گەڕەکی بەختیاری دا بەهۆی سەرپێچی کردنیان لە یاساکانی پزیشکی و ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان. شایانی باسە سەنتەری چاوی گەڕەکی بەختیاری کەلوپەلی ماوەبەسەرچوویان بەکارهێناوەو سەرپێچیکارانیش درانە دادگا.

لەچەندین وڵات شانۆکاران بەشدارن

پێنجەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقام لە کەرکووک بەڕێوەدەچێت



ئا/خالدار قەرەداغی

لە پێناو پێکەوە ژیان و هێورکردنەوەی بارودۆخی دانیشتوانی کەرکوک ئەمسال فستیڤالی شانۆی شەقام خولی هونەرمەندی خوالێخۆش بوو (حسین میسری) کرا بە نێو دەوڵەتی. بەسەرپەرشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری هونەری کەرکووک گروپی شانۆی هەوار.



شاری کەرکووک فستیڤالی شانۆ لە ئامێز دەگرێت

لیژنەی بااڵی بەڕێوەبردنی فستیڤاڵ نزیکەی دوومانگە ئامادەکاری دەکات بۆ نمایشە جۆراوجۆرەکانی شانۆی شەقام کە لە پێشبڕکێ دان بۆ بەدەست هێنانی خەاڵتی یەکەمی ئاڵتونی و خەاڵتی دووەم زیووی بۆ باشترین خەاڵتی یەکەم ودووەمی کچ و کوڕ و باشترین بە رهەم و باشترین دەرهێنەر. لەگەڵ چەندین سمیناری ڕەخنەیی بۆ نمایشەکان و وەرک شۆپێکی تایبەت بە بۆ ئارەزوومەندانی شانۆ بەسەرپەرشتی شانۆکاری ڕۆژهەاڵتی کوردستان(موختار مەحمەدی) لەگەڵ ئەو بەشداربووانە شانۆیەک ئامادەدەکەن لە دەرەوەی خەاڵت بۆ فستیڤاڵ و تا ڕۆژی نمایش بێ ناوە نمایشەکە.

شانۆ بەشداربووەکان لە (سلێمانی و زاخۆ و هەولێر و کەرکووک و کەاڵر و چەمچەماڵ و کۆیە و دەربەندیخان و هەڵەبجە و بەغداد و بابل و دیالی و ئێران و قوروەی ئێران و ئیلام و مەریوان و تونس و ئەردەن و سوریا)ن.

حسین میسری

سلێمانی: لەگەڵ دەست پێکی فستیڤاڵ فلمێکی دیکۆمینتاریی لەسەر ژیانی هونەرمەندی خوالێخۆش بوو (میسری) نمایش دەکرێ کە دە ساڵ پێش ئێستا هونەرمەند (ئەحمەد مەحمود) ئەم دیکۆمینتاریەی ئامادەکردووە. ئەمەش بۆ ناساندنی (حسێن) ە.بەو میوانانەی کەلەدەرەوە هاتوون و کورتە باسێک لە یەکەمین کەرنەڤاڵی شانۆی سەر شەقامی هەڵەبجەیە لە 6ی ئاداری 1992کە بیرۆکەی خوالێخۆش بوو بووە. نمایشی (من لێردم وئێوەش لەگەڵم دان) بیرۆکەو دەرهێنانی(چیمن اسماعیل)ە خێزانی میسری. بەرهەمی تەلەفزیۆنی (خاک)ە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تەلەفزیۆنی (خاک) مالی دووەمی حسێن بووە. ئەم نمایشەکە ئامادەکراوە بۆ دەست پێکی فستیڤاڵ و لەدەرەوەی خەاڵتە باس لە ژیانی مندالی هونەرمەند حسین میسری دەکات تاکو کۆچی دوایی میسری.نواندنی (کمال عەلی و شیالن عەبدوللا) .

سپی و ڕەش

زاخۆ و بەهاوبەش سلێمانی : نمایشی هاوبەش سلێمانی و زاخۆ نمایشی(سپی و ڕەش) نووسین و دەرهێنانی کامەران مەنصور) نواندنی ئەم نمایشە باس لە خود دەکات لەگەڵ خود دیالۆگ لە نێوان من باڵا و منی پایین لەسەر خواستەکانی دڵ و بیرکردنەوە و بیرەکانی مێشک ،سانسۆردانە لەسەر خودی تاک بەتایبەت ئافرەت کە ڕوو بەڕوویان دەبێتەوە شایەنی باسە ئەم شانۆیە بە ئۆن الین کاری دەرهێنەو و ئەکتەر پێکەوە پرۆڤە یان کردووە.

ئەمرۆ و کۆمەڵگا


هەولێر: تیپی شانۆیی تیشک بەنمایشی (ئەمرۆ) بەشداری بیرۆکە و دەرهێنانی (تارق ئاکرەیی) باس لە ئەمرۆ و کۆمەڵگا دەکات لە ڕووی کۆمەاڵیەتی وهزری و خەون و بەدیهێنانی خەون ئومێدەکان و ریسایکلینگ و ژینگە و پاراستنی و بایەخ دان بە بنەماکانی کات ئەم شانۆگەرییە یەکەم جارە نمایش دەکرێ لە شاری کەرکووک.

مرۆڤی ئاڵتونی

کەاڵر: کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد/لقی کەاڵر بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری سلێمانی گەرمیان نمایشی(مرۆڤی ئاڵتونی) نواندن و دەرهێنانی (پشکۆ محمد ڕۆستم) ئەم نمایشە لە کۆمەڵێ چیرۆک پێک هاتووە بە نمایشی شیرپەنجە دەگێڕێتەوە باس لە ئەنفال و نوگرە سەلمان و خورماتوو و عەرعەر و دەربازبوانی ئەو چوارده کەسەی لە گۆڕی بە کۆمەڵ دەرباز بوون لە هەمان کات دا کۆمەڵی دیاری دابەش بێت گەر بە بڕێکی زۆر کەمیش بێت بۆ توشبوانی نەخۆشی تاالسیمیا کە مانگانە ئەم تاکانە پێویستیان بە خوێنە تاکو لە ژیان بەردەوام بن و لەڕێگەی خۆێنی ئێمەوە ژیان بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە بەخشینی خوێن سود بەلەشی خوین بەخش دەگەیەنێ.

فەرشی سور

دەربەندیخان: بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری دەربەندیخان نمایشی (فەرشی سور) نووسین و دەرهێنانی (سیروان رفعت) ئەم نمایشە باس لە دۆزینەوەی دەرچەیەک دەکات بۆ دروست بوونی کوردستانی گەورە بەرژەوەندی باڵەکان و دەسەاڵتدارانی ئەمڕۆ و ڕابردوو و ئەو کەسانەی کە ئەمڕۆ بەرپرسیارن لە ئاستی ژیانی خەڵک



کورد لە میدیاکانی جیهاندا



شێرکۆ حەبیب

بەرژەوەندی و گرنگی پتەوکردنی پەیوەندییەکان

گرنگیدان و پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای دروست و لێکتێگەیشتن لە دێرزمانەوە هۆکاری پتەوکردن دوستایەتی و هاوکاری و هەماهەنگی نێوان میللەتان و بەرەوپێشوەچوون و گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵگا بووە، هەروەها هۆکارو ئامرازێک بووە بۆ پێشکەوتنی شارستانییەت. ئەگەر چی پەیوەندییەکانی کوردستان زۆر هەوراز و نشێوی بەخۆوە بینیوە، نەخاسمە پەیوەندییە نێوخۆییەکان کە زۆرجار لە بەرژەوەندیی ئەم لایەن و ئەو لایەن تووشی شکەست هاتووە و تەنانەت کاریگەری لەسەر پەیوەندییە دەرەکییەکان کردووە، تا ئەمڕۆش کوردستان بەو دەردەوە گرفتارە، کە بەداخەوە گوتاری سیاسیی یەکگرتووی نییە، ئەمەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی ئەجندای هەندێ حزبی سیاسی و لایەنی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان کە بەرژەوەندییەکانیان بەستۆتەوە بە ئەجندای دەرەکی. گومان نییە ئەو ئەجندا دەرەکییانە، بەتایبەتی ئەجندای وڵاتانی هەرێمی کە هەردەم لە هەوڵی لەناوبردنی خەون و ئاواتی میللەتی کورد بووە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، تەنانەت ئەگەر ئاوڕێک لە میژوو بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن و بە چ شێوازێک دژایەتی کوردیان کردووە، دواییندیان دژایەتییەکی گشتپرسی و سەربەخۆیی کوردستان بوو، کە ئەمەش بە هاوکاری لایەنێکی ناوخۆ، جارێکی دیکە میژوو دووبارە بووەوە و خەونی سەد ساڵەی کوردیان لەباربرد.

دوای گشتپرسی هەندێ لایەنی دەرەکی و ناوخۆ لەو باوەڕەدابوون کەوا کورد ئیتر ناتوانێت هەنگاوێک بەدیوی سنوور بهاوێت، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆک بارزانی، لەو باوەڕە نەبوون کە سەرۆک بارزانی دەیێتە مەرجەعی نەتەوەیەک و بینیمان کە جەنابیان چۆن لەلایەن شاندی باڵا و بەرزی وڵاتان سەردانی دەکرێت، راستە نەبووین بەدەوڵەت، بەڵام گشتپرسی بوو بە ئامرازێک بۆ ئەوەی نێوەندەکانی جیهان زیاتر لە دۆزی کورد بگەن و بایەخی پێببەدن و لە هۆکارەکەی گەیشتن کە بڕچی کورد دەیەوێ دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێ، جگە لەوەی مافێکی یاسایی و سروشتی خۆیەتی، بەڵام دەزانن کەوا عێراق بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت.

سەردانی جێگری سەرۆکی زۆرهێزترین دەوڵەتی جیهان بۆ کوردستان و دیداری لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێم و جەنابی سەرۆک وەزیران، بێگومان گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە کورد توانی ئەو پەیوەندییانە بپارێزێت و بەتینتریان بکات، لێرەدا ئەوەی ئەمڕۆ پێویستە لەسەر سەرکردایەتی کورد، جگە لە یەکهەڵوێستی و تەبایی و ئەجندای کوردستانی دوور لە کاریگەری دەرەکی، پێویستە لۆبییەکی بەهێز لە سەرانسەری جیهان دروست بکات کە بەداخەوە تاوەکو ئیستا لەو بارەوە لاوازین، دەبێ لە وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپی و ئەمریکا لۆبییەکی بەهێزمان هەبێت، نەخاسمە لە کاتی ئێستا ئاینده عێراق روون نییە بەرەو چارەنووسێکی نادیار هەنگاو دەنێت و هەڵوێست و بۆچوونەکان وا ئاماژە دەکەن کاتێک هەندێ لایەن لەم کات و ساتە داوای هەمواركردنی دەستوور دەکەن کە لە بەرژەوەندیی کورددا نییە، بۆیە دەبێ سەرکردایەتیی کورد زۆر بە هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتە بکات و لەئاستی بەرز گفتوگۆکان بەرێوە بچێت، نابێ ئەم جارە هیچ هەلێک لەدەست بدات، بێگومان عێراقێکی دیموکراسی فیدراڵی فرەیی بۆ ئێمە باشترە لەم کات و ساتە تا کاتێکی گونجاو دەرەخسێت، بەڵام ئەو عێراقەی ئێمە گەرەکمانە دێتە ئاراوە، ئەوە ئایندەیەکی نزیک ئەو وەڵامەمان دەداتەوە.



رێبوار حەمەلاو شوانی

لە سەردانی لەناکاوی خۆیدا بۆ عێراق پێنس کار بۆ پشتیوانی هاوپەیمانە کوردەکان دەکات
Associated Press

لە سەردانە کتوپڕەکەیدا بۆ هەولێر، مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا دووپاتی لەسەر پاڵپشتی ئەمەریکا لە هاوپەیمانە کوردەکانی کردەوە. ئەم سەردانە ڕانەگەیەندراوەی پێنس وەکو سەردانێکی هەرەئاست بەرزی ئەمەریکا دادەنرێت هەر لەوکاتەی دوو مانگی رابردوو، سەرۆک ترامپ بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکای لە سووریا دابوو. پێنس بە فرۆکەی سی حەڤدەی جێتی سەربازی گەیشتە هەولێر و لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی گەرمی لێکرا. لە کۆبوونەوەکەدا دووپات لەسەر بەڵێنی بەهێزی ترامپ بۆ هەرێمی کوردستان کرایەوە بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ترامپ بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەباکووری ڕۆژهەڵاتی سووریای دابوو و زیان بە کورد کەوتبوو. بارزانی سووپاسگوزاری هەرێمی کوردستان بۆ پشتیوانی ئەمەریکا لەجەنگی دژ بەداعش نیشاندا. هەروەها جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لەگەڵ سەربازانی ئەمەریکا لە عێراق بەشداری لەئاهەنگی خواردنی سوپاسگوزاری کرد. هەروەها پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراقی ئەنجامدا. سەردانی پێنس بۆ عێراق بە واتای جەختکردنەوەی پشتیوانی ئەمەریکایە بۆ هاوپەیمانانی لە جەنگی دژ بەداعش بەتایبەتی دوای ئەوەی کە کوردانی سووریا دوای بڕیاری ترامپ زیانی گەورەیان بەرکەوت و لەلایەن تورکیاوە هێرشیان کرایە سەر.

لە سەردانە لەناکاوەکەیدا بۆ عێراق مایک پێنس پشتگیری لە کورد کرد
Deutsche Welle

مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لەسەردانە کتوپڕەکەیدا بۆ عێراق هەوڵەکانی خۆی بۆ پاڵپشتیکردنی کوردانی عێراق لەلایەن واشنتۆنەوە خستەگەڕ، ئەمەش سەرباری ئەوەی کە پاشەکشێی ئەمدوایەی هێزەکانی ئەمەریکا لەباکووری سووریا، کوردانی نیگەران کردبوو. پێنس لەفڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی گەرمی لێکرا. لە کۆبوونەوەکەدا دووپات لەسەر بەڵێنی بەهێزی ترامپ بۆ هەرێمی کوردستان کرایەوە بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ترامپ بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەباکووری ڕۆژهەڵاتی سووریای دابوو و زیان بە کورد کەوتبوو. بارزانی سووپاسگوزاری هەرێمی کوردستان بۆ پشتیوانی ئەمەریکا لەجەنگی دژ بەداعش نیشاندا. هەروەها جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لەگەڵ سەربازانی ئەمەریکا لە عێراق بەشداری لەئاهەنگی خواردنی سوپاسگوزاری کرد. هەروەها پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراقی ئەنجامدا. سەردانی پێنس بۆ عێراق بە واتای جەختکردنەوەی پشتیوانی ئەمەریکایە بۆ هاوپەیمانانی لە جەنگی دژ بەداعش بەتایبەتی دوای ئەوەی کە کوردانی سووریا دوای بڕیاری ترامپ زیانی گەورەیان بەرکەوت و لەلایەن تورکیاوە هێرشیان کرایە سەر.

لە سەردانە لەناکاوەکەیدا بۆ عێراق مایک پێنس پشتگیری لە کورد کرد
Deutsche Welle

مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لەسەردانە کتوپڕەکەیدا بۆ عێراق هەوڵەکانی خۆی بۆ پاڵپشتیکردنی کوردانی عێراق لەلایەن واشنتۆنەوە خستەگەڕ، ئەمەش سەرباری ئەوەی کە پاشەکشێی ئەمدوایەی هێزەکانی ئەمەریکا لەباکووری سووریا، کوردانی نیگەران کردبوو. پێنس لەفڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی گەرمی لێکرا. لە کۆبوونەوەکەدا دووپات لەسەر بەڵێنی بەهێزی ترامپ بۆ هەرێمی کوردستان کرایەوە بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ترامپ بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەباکووری ڕۆژهەڵاتی سووریای دابوو و زیان بە کورد کەوتبوو. بارزانی سووپاسگوزاری هەرێمی کوردستان بۆ پشتیوانی ئەمەریکا لەجەنگی دژ بەداعش نیشاندا. هەروەها جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لەگەڵ سەربازانی ئەمەریکا لە عێراق بەشداری لەئاهەنگی خواردنی سوپاسگوزاری کرد. هەروەها پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراقی ئەنجامدا. سەردانی پێنس بۆ عێراق بە واتای جەختکردنەوەی پشتیوانی ئەمەریکایە بۆ هاوپەیمانانی لە جەنگی دژ بەداعش بەتایبەتی دوای ئەوەی کە کوردانی سووریا دوای بڕیاری ترامپ زیانی گەورەیان بەرکەوت و لەلایەن تورکیاوە هێرشیان کرایە سەر.

هاوپەیمانی بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی لەگەڵ کوردانی سووریا ڕایگەیاند، ئەویش لەکاتێکدا کە پێنس سەردانی عێراق دەکات
Haaretz

مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا ڕۆژی شەممە سەردانی عێراقی کرد و پشتگیری وڵاتەکەی بۆ کوردانی عێراق دووپاتکردەوە، دوابەدوای بڕیاری ترامپ لەکشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا کە دواتر ئەم ڕەخنەیە ئاراستەی ترامپ کرابوو کەپشتی لە کورد کردووە. تەوەرەکانی سەردانی پێنس بۆ هەرێمی کوردستان بریتی بووە لەک ۆبوونەوە لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق، هەروەها پشتیوانی بۆ هێزەکانی ئەمەریکا لەپشووی سوپاسگوزاری لە ئەمەریکا. ئەم سەردانە لەکاتێکدا ئەنجام دەدرێت کە ئەمەریکا و کوردانی سووریا پێکەوە ئۆپەراسیۆنی هاوبەش دژی داعش ئەنجام دەدەن.

پێنس لە سەردانەکەیدا پشتگیری لە کوردو تاوتوێی خۆپێشاندانەکانی لە عێراق لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق کرد
Middle East Eye

مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لەسەردانە ڕانەگەیەندراوەکەیدا بۆ عێراق پشتگیری واشنتنی بۆ هاوپەیمانە کوردەکانی ڕاگەیاند. هەروەها پێنس لە هەولێر لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە. پێنس بۆ هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوەی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەپێناو پشتگیری کردن و متمانەکردن بە ئەمەریکا لەناوچەیەکی ستراتیژیدا. هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا کار دەکات بۆ چارەسەرکردنی هەندێ کێشەی ناکۆکی نێوانیان. هەروەها هەرێمی کوردستان داوای پشتگیری دارایی زیاترەکات و دەیەوێت کێشە و ناکۆکییەکانی وەکو کەرکووک، داهاتی نەوت و دابینکردنی پارەی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکات، لەم سۆنگەیەوە، ئەمەریکا لایەنێکی سەرەکییە بۆ پشتگیریکردنی هەرێمی کوردستان.

سەردانی کتوپڕی پێنس بۆ عێراق و کوردستان
USA Today

مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا سەردانی عێراق و هەولێری کرد و لەچوارچێوەی سەردانەکەیدا بۆ عێراق لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە. سەردانی پێنس بۆ هەرێمی کوردستان بەمانای دووپاتکردنەوەی پشتگیری ئەمەریکایە لەنێوان هاوپەیمانانی دیکەی ناوچەکە لە هەرێمی کوردستان ئەویش لە دۆخێکی نائارامی جیوپۆلۆتیکی ناوچەکەدا. پێنس جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە سەردانەکەی بۆ هەولێر وەکو دەرفەتێک بووە لەجیاتی سەرۆک دۆنالد ترامپ ئەنجامی داوە بۆئەوەی تەئکید لەسەر پەیوەندی بەهێزی نێوان خەڵکی ئەمەریکا و گەلی کورد لەناوچەکە بکاتەوە. بڕیاری کشانەوەی مانگی ڕابردووی ترامپ لەکشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەناوچە کوردییەکان هەڕەشەی بۆپشتگیریی هێزە کوردییەکانی هاوپەیمانی ئەمەریکا دروست کردو بووە هۆی سەرکۆنەکردنی بڕیارەکە لەلایەن ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمەریکا لەهەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتەکان.

پێنس لەسەردانێکی لەناکاو بۆ عێراق بۆ پشتیوانی کورد و سڵاوکردن لەهێزەکانی ئەمەریکا
Voice of America

مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا سەردانێکی پێشتر ڕانەگەیەندراوی بۆ عێراق ئەنجام دا کە ئەمە وەکو سەردانێکی هەرەئاستبەرزی ئەمەریکا دادەنرێت دوای ئەوەی سەرۆک دۆنالد ترامپ فەرمانی پاشەکشێی هێزەکانی ئەمەریکا لەماوەی دوو مانگی ڕابردوو لەسووریا دابوو. پێنس لەفڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە پێشوازی لێکرا و پشتگیری ئەمەریکای بۆ هەرێمی کوردستان دووپات دەوە.

سەردانی لەناکاوی پێنس بۆ عێراق
he Guardian

مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لە سەردانە لەناکاوەکەیدا بۆ عێراق کە ئاستێکی هەرەبەرز لەدوای کشانەوەی ئەمەریکا لە سووریا بەرێوەچوو، بەمانای پاڵپشتیکردنی ئەمەریکایە لەهاوپەیمانانی لەجەنگی دژ بەداعشدا. هەروەها سەردانی پێنس دەرفەت دەداتە ئیدارەی ترامپ بۆ جەختکردنەوە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەتایبەتی کە پرۆسەی گۆڕگرتن لە تۆمەتەکانی ترامپ لەواشنتن بەرێوەدەچێت.

پێنس لە هەرێمی کوردستان و بنکەی ئەمەریکا لە عێراق بۆ سەردانی کتوپڕ
The Jerusalem Post

سەردانی مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا



ئەمەریکاش گۆڕانکاری دەوێ



پارێزەر: عومەر سەیدزادە

لەسەرەتای ساڵی **2019** سەرۆکی ئەمەریکا لە کاتی شەوداو بە نهێنی سەردانی سەربازگەی (عەین ئەسەد)ی کرد لە ئەنبار، هاتنەکە بەجۆرێک نهێنی بوو تەنانەت گلۆپی فڕۆکەکانیشیان دانەگیرساندبوو، ترامپ لەبەردەم سەربازەکانی ئەمەریکا لە (عەین ئەسەد) ناڕەحەتی خۆی لەو بارودۆخە نەشارەدەوە و گوتی ئێمە پارەیەکی زۆرمان لە عێراق خەرج کردووە (7 تریلیۆن دۆلار) کەچی بەشەو و بەنهێنی دێین بۆ ئێرە، ئەوەش پەیامێک بوو بۆ عێراق و لایەنە پەیوەندیدارەکان کە ئەمەریکا ئەم بارودۆخەی قبوڵ نییە، بە واتایەکی تر ئەوە ڕاگەیاندنی گۆڕینی ئەو بارودۆخە بوو، هەروەها سەرۆکی ئەمەریکا لەو سەردانەیدا هیچ بەرپرسێکی باڵای عێراقیشی لەو هاتنەی ئاگەدارنەکردبۆوەو کەسیشیانی نەبینی، ئەوەش پەیامێکی تر بوو کە مانای ئەوەی دەگەیاند ئەمەریکا هێندە حیساب بۆ ئەو حکوومەتەی ئێستای عێراق ناکات، دواتر جێگری سەرۆکی ئەمەریکا (پێنس) کە لە ڕۆژی **2019/11/23** هاتە عێراق هەمان هەڵوێستی نواندو لە سەربازگەی (ئەسەد) دابەزی و هیچ بەرپرسێکی عێراقی نەبینی و تەنیا بە تەلەفون لەگەڵ سەرۆک وەزیران قسەی کرد.

ئەمەریکا چی لە عێراق دەوێ؟

لە ساڵی **2016** ئەنجومەنی ئەتلەنتیک (کە ئەنجومەنێکی تۆڕێنەوەی قازانج نەویستەو ئامانجی یارمەتیدانی حکوومەتی ئەمەریکایە بە مەبەستی پتەوکردنی زیاتری پێگەی ئەمەریکا لە سیاسەتی نێودەوڵەتی) گرووپێکی پێکهێنا بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی عێراق و پێشکەشکردنی ڕاسپاردە دەربارەی سیاسەتی ئایندەی ئەمەریکا لە عێراقدا، گرووپەکە بە سەرۆکایەتی (رایان کرۆکەر)ی باڵێۆزی پێشووی ئەمەریکا و ئەندامێتی **20** کەس لە کەسانی ئەمەریکی و عەرەبی و عێراقی پێکهاتبوو کە کوردیشیان تێدا بووە، هەروا **40** کەسیش وەک ڕاوێژکار هاوکاری گرووپەکەیان کردووە، کە هەموویان کەسانی شارەزابوون لە بارودۆخی عێراق، گرووپەکە دوای ساڵێک تۆڕێنەوە و بەدواداچوون ڕاپۆرتێکی ئامادە کرد بەناوی (ڕاپۆرتی گرووپی کارکردن بۆ ئایندەی عێراق) و تیایدا چەند ڕاسپاردەیەکی خستە بەردەم سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمەریکا (ترامپ) کە نەخشە ڕێگەی سیاسەتی ئەمەریکای لە عێراق دیاری کردووە.

بێگومان سەرۆکی ئەمەریکا پابەند نییە بە ناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتە، ڕاینەگەیاندبووش کە ناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتە دەکاتە نەخشە ڕێگای سیاسەتیان لە عێراقدا، بەڵام چاودێران ئەوانەی بایەخ بە کاروباری عێراق دەدەن دەڵێن جێبەجێکردنی هەندێک لەو ڕاسپاردانەی لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە لە ئەرزی واقیعدا دەبینین.

ڕاسپاردەکانی نێو ڕاپۆرتەکە چین؟

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئامانجەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەکا و دەڵێت (ئامانجی ئەمەریکا ئەوەیە عێراق ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، سەقامگیر، گەشەسەندوو، هەم لەناو سنوورەکەی خۆیدا و هەم لەگەڵ دراوسێیەکانی لە ئاشتیدا بژیت، خاوەن حکوومەتێکی شەرعی و چالاک بێت، هەروا مەیلێکی زۆر بەهێزیشی هەبێت بۆ دۆستایەتیکردن و هاوکاریکردنی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا).

دەربارەی داعشیش دەڵێت (ئەو بارە تێکچوەی عێراق ڕێگەی خۆشکردووە گرووپە تیرۆریستییەکانی وەک داعش سەرهەڵبدەن کە هەرەشەی ڕاستەوخۆن بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا).

دیارە ئەو ڕاپۆرتە لە ساڵی **2016** کاری لەسەرکراوە و لە ساڵی **2017** تەواوبووە کە ئەو کاتە هێشتا داعش لە عێراق و سوریا خاکی لەژێر دەست مابوو، بۆیە ڕاپۆرتەکە بایەخی زۆری بە شەڕی داعش داوە، بۆیە کە باسی داعش دەکەین باسی کاتێک دەکەین کە هێشتا بە تەواوەتی کۆتایی نەهاتبوو.

ڕاپۆرتەکە ئەو کارانە دیاری دەکا کە پێی وایە پێویستە ئەمەریکا لە عێراقدا بیانکات لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکانیان لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە گرنگترینیان ئەمانەن:

1- بێبەشکردنی گرووپە تیرۆریستییەکان (داعش) لە هەر پەناگەیەکی ئەمین تاکو نەبێتە قۆڵایی ستراتیژی بۆ گرووپە هاوشێوەکانیان لە سووریا تاکو نەتوانن هەرەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانیان دروست بکەن.

2- کۆتاییهێنان بە نفوزی ئێران لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

3- دەستەبەرکردنی توانای عێراق و ئوردن، پێویست بۆ بەردەوامبوون لە هەناردەکردنی نەوت و گازی عێراق.

4- کردنەوەی ڕێگەی بازرگانی لەنێوان عێراق و ئوردن.

5- ئەنجامدانی چاکسازی پێویست لە سیستەمی سیاسی و لە بواری ئابووری.

6- چارەسەرکردنی کێشەی گەندەڵی بەتایبەتی لە بواری بەڵێندەرایەتی.

7- ڕاپۆرتەکە پێی باشە سوننەکانیش ئاوڕیان لێبدرێتەوە و ناوچەکانیان ئاوەدان بکرێتەوە و دەسەڵاتێکی لامەرکەزیشیان پێ بدرێ لە بواری ئەمنی و ئابووری.

8- ناوبژیکردن لەنێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا بۆ چارەسەری کێشەکان، چونکە ڕاپۆرتەکە پێیوایە درێژەکێشانی ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا هەم لە زیانی هەردوولایانە و هەم لە زەرەری بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکایە.

9- هەروا ڕاپۆرتەکە پێی باشە ئاسایشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم (ناوچە جێناکۆکەکان) بە هاوبەشی لەنێوان هەولێرو بەغدا بەرێوەببرێن و ئارامیی لەو ناوچانە ڕاپرزراو بێت.

10- هەروا دەڵێت لەسەر ئەمەریکا پێویستە نە لایەنگری سەربەخۆیی کوردستان بێت نە دژی بوەستێتەوە.

دوای نزیکەی 3 ساڵ چی کراوە؟

بێگومان ئەو ڕاپۆرتە کە لە ساڵی **2016** دەستی پێکراوەو لە ساڵی **2017** تەواوبووە لە ژێر کاریگەریتی بارودۆخی ئەوکاتە نووسراوەتەوە، کە هەرێمی کوردستان هێشتا بریاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی نەدابوو. هەروەها هێشتا هێرشی بەغداش بۆ سەر کەرکووک ئەنجام نەدرابوو، ئێستاش دوای نزیکەی سێ ساڵ جێبەجێکردنی زۆرێک لەو بەندانە لە واقیعدا دەبینین، لەوانە کردنەوەی ڕێگەی بازرگانی عێراق و ئوردن، چڕکردنەوەی هەوڵەکانیان بۆ وەدەرنانی ئێران لە عێراق، هەوڵدانیان بۆ لەیەک نزیککردنەوەی هەولێر و بەغدا و چارەسەری کێشەکانیان بە تایبەتی کێشەی ئەمنیی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم و مەسەلەی هەناردەکردنی نەوت و بودجە، هەروەها بەهێزکردنی هەرێمی کوردستان کە یارمەتییەکانیان بۆ هیزی پێشمەرگەو مەشق و ڕاهێنانکردن بە هێزی پێشمەرگە بەردەوامە، دواجار هاتنی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لە **2019/1/23** لە بنکەی سەربازی (عەین ئەسەد)ەوە ڕاستەوخۆ بۆ هەولێر و کۆبونەوەی لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و فەرامۆشکردنی بەرپرسانی بەغدا بەڵگەیەکی زۆر بەهێزە کە ئەمەریکا هەرێمێکی کوردستانی بەهێزی دەوێ.

هاوکات ئەمەریکا بە بارودۆخی ئێستای بەغدا ئاسودە نییە، هەر بۆیە نە سەرۆکی ئەمەریکا (کە لە سەرەتای **2019** هاتە عێراق) و نە جێگرەکەی لە **2019/11/23** سەردانی بەغدایان نەکردو هیچ بەرپرسێکی باڵای عێراقیان نەبینی، هەروەها پشتیوانی خۆشیان بۆ خۆپیشاندانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دەربڕی، یەو و داوایان لە حکوومەتی عێراق کردووە داخوازییەکانی خۆپیشاندەران جێبەجێ بکات، خۆپیشاندەرانیش داوای دەرکردنی ئێران لە عێراق دەکەن لەگەڵ لەسەرکار لاچوونی ئەم حکوومەتە، لەگەڵ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان، ئەمەریکاش ڕاستەوخۆ داوای لە حکوومەتی بەغدا کردووە کۆتایی بە نفوزی ئێران لەناو عێراق بهێنێ، هەروەها بە ناڕاستەوخۆش پێیدەڵێت لەسەر داوای خۆپیشاندەران بڕۆ و دەسەڵات بەجێبهێڵە، بۆیە پێشبینی دەکرێ ئەمەریکا ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت لە ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە بارودۆخی سیاسی عێراق.

سەردانەکەی جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ کوردستان و سەروەریی عێراق



سەربەست بامەرنی

یەکێک لە پێناسەکانی سەروەریی ئەوەیە: دەوڵەت دەسەڵاتی باڵا بێت، ئەوەی دەسەڵاتی تەواوی بەسەر هەرێمی خۆیدا هەیەو هیچ لایەنێکیش بەشداریی لە مافەکانی سەروەریی ناکات، لە دیاریکردن و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ چواردەوری دەروەیدا.



ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ڕەوشی ئێستای عێراق، کە پاڵی بە ملیۆنەها عێراقییەوە ناوە، لەدژی بوونی ئێران و لەپێناوی ئازادی و ژیانێکی خۆش ڕاپەڕن، هەر قسەکردنێک لەسەر سەروەریی ڕاستەقینەو تەواو بۆ دەوڵەتی عێراق و سیستمی سیاسیی، قسەی پڕوپووچەو هیچی تر نا، چونکە زۆرینەی پارتەکانی سیاسیی دەسەڵاتدار، لەوەتەی ڕژێمی دیکتاتۆری کەوتووە و میلیشیاکانی سەر بەوان، لە جغزی ئەو سنوورە دەخولێنەوە، کە لەلایەن ئێرانی دراوسێیان کێشراوە، هەتا ئەگەر شتەکە بە دامەزراندنی فەرمانبەرێکی سادەش لە فەرمانگەیەکەوە پەیوەست بێت، گرەوکردن لەسەر ئابووری عێراق، پەیوەندییەکانی دەرەکی، ڕەوشی دارایی، مەسەلەکانی نەشوناما، گەشەپێدان و ژێرخانی بنەڕەتیش بە هەموو لایەنەکانی، لەو سنوورە ناچنە دەرەوە، هەر لەبەر خودی ئەو هۆیەش، شەقامی عێراق ڕاپەڕی و هەژموونی بیانی ڕەت کردەوە، بۆیە پێشتر و ئێستاش دیارترین دروشمەکانی ڕاپەڕین ئەوەیە (بەغدا ئازادە ئازادە.. ئێران بۆ دەرەوە بۆ دەرەوە)، لەکەس نهێنی نییە، شەقامی عێراق بە تەوسەوە دەڵێت، سەرۆک کۆماری ڕاستەقینەی عێراق، بەڕێز جەنەرال قاسم سلێمانییە، سەرۆکی حکومەتیش، جەنابی باڵێۆزی ئێران، ئیریج مەسجدییە.

لەوەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، لە باشترین ڕەوشدا، سەروەریی عێراق، بەلایەنی کەمەوە، سەروەرییەکی نەقوستانە، نەوەکو تەواو بێت، ئەو ڕاستییەش، هاوولاتی عێراقی ڕاپەڕیو و هەموو بایەخدەران بە کاروباری عێراق دەیزانن، لەگەڵ ئەوەشدا، ژمارەیەک لە ستەمکارانی ڕەگەزپەرستی شکستخواردوو و دەست بەخوێن سووری ئاڵی کوردستانیان (پاڵەوانی خورماتوو بە ئوونە)، سەردانەکەی بەڕێز، مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمریکایان بۆ هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوەی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێز، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمیان قۆستەوە، کە بە بەغدا دا ڕەتنەبوو و چاویشی بە هیچ بەرپرسێکی ئەوێ نەکەوت (بەهۆی بارودۆخی ئاسایش، وەکو لایەنی ئەمریکی ڕایگەیاند)، بۆ ئەوەی ڕای گشتی عێراق، لەدژی گەلی کوردستان و حکومەتەکەی هان بدەن، لە مەیانی زیادکردنی سووک و لێدوانی منداڵەکارەدا، کە کەمترین لایەنی ئەقڵانییەت و بابەتیانەی تێدا نییەو، سەردانەکەی جێگری سەرۆکی ئەمریکاش، سووکایەتیکردنە بە سەروەریی عێراق!، وەکو ئەوەی هەولێری پایتەخت، شارێکی عێراقی نەبێت، گەلی کوردستان، دووەم نەتەوەی سەرەکیی لە وڵات نەبێت و هەرێمیش بەشێک لە دەستووری عێراقی فیدراڵ نەبێت، ڕۆڵی بەرچاوی کوردستانیان لە بەرگریکردن لە عێراق، لەدژی تیرۆری جیهانی لەبیرکردووە و نکۆڵیش لەو ئاسایش، ئاشتی و سەقامگیرییە دەکەن، کە لە هەولێری پایتەختدا هەیە، لەو کاتەی ئەوان، لەبەر تووڕەیی گەلی عێراق، لەوە دەترسن لە ماڵەکانی خۆشیان بخەون.

عێراق، کە بەو تاقمە ڕەگەزپەرست و تایەفییە دواکەوتووە، تووشی بەڵا بووە، بەهۆی پاشکۆیەتی تەواویشی، لەمێژە سەروەریی خۆی لەدەستداوەو کەمترین تواناشی نییە، بڕیارێکی گونجاو لە هەموو لایەنەکانی سیاسی، ئابووری و هەتا کۆمەڵایەتیش دەربکات، بە دڵنیاییەوە کارگێڕی ئەمریکا و بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەمریکاش، ڕاستییەکانی سەرەوە بە هەموو وردەکارییەکان دەزانن و هیچ ئاسایشێک لە بەغدا نابین، وەکو لایەنی ئەمریکی باسی کردووە. سەردانەکەی جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان، زیاتر لە پەیامێکی بۆ لایەنە پەیوەندارەکان بە ڕەوشی عێراق، کوردستان بەشێوەیەکی تایبەتی، بارودۆخی ناوچەکە بە گشتی و ئەوانەی شتەکەیان بەلاوە گرنگە هەڵگرتبوو، بۆ ئەوەی بەباشی، چاو بەلێکدانەوەکانی خۆیان بخشێننەوە، لە جیاتی ئەوەی خنخنۆکی ڕووداوەکان با بدەن، ساختەی بکەن و لە بابەتی سەروەریی بیئاخنن، کە هەر لە بنەڕەتەوە نقوستانە، یان داوای بانگکردنی باڵێۆزی ئەمریکا و ئەو شتە قۆڕانە بکەن، ئەگەر ئەوان بەڕاستی بایەخ بە سەروەریی عێراق دەدەن، دەبێت بەدەنگی داواکارییە ڕەواکانی شەقامی عێراقییەوە بچن، بۆ ئەوەی ئەو سەروەرییە بەدی بێت، بەر لەوەی شەپۆلەکە لەگەڵ خۆی ڕاپێچیان بکات.

و: ڕەمزی میرەکانی

وون بوون
پسوولەی شارەوانی توبزاوە بەبری ٣٠٠٠٠٠ ژمارەی پسوولە ٠٦٦١٢٨٧ بەروار ٢٠١٥/١١/٢٩ بەناوی کوسرەت کبیر پیرو وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
وون بوون
ناسنامەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لقی هەولێر بەناوی سلیمان علی سایل وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
مديرية تنفيذ زاخو
العدد/ ١٠٨٩/نتنفيذ/٢٠١٩
التاريخ/ ٢٠١٩/١١/٢٧
اعلان
الى المدين/ بهجت ابراهيم حسين
العنوان السابق/ زاخو – خامتير
نظرا لمجهولية محل اقامتك حاليا حسب كتاب مركز شرطة كاريز المقرم ٤٢٣٧ في ٢٠١٩/١١/٢٥ و اشعار مختار محلة خامتير عليه و بموجب المادة (٢٧) من قانون التنفيذ قررنا تبليغك عن طريق صحيفتين محليتين للحضور امام مديرية تنفيذ زاخو او من ينوب عنك قانونا و ذلك عن الدين المتعلق بذمتك في الاضبارة التنفيذية المرقمة العدد ١٠٨٩/نتنفيذ/٢٠١٩ و الخاصة بالدائن (سالار محمد صديق صالح) و بعكسه سوف تتخذ هذه المديرية الاجراءات القانونية بحقك بعد مرور الفترة القانونية البالغة ١٥ خمسة عشرة يوما من اليوم التالي لنشر هذا التبليغ.
المنفذ العدل/ خضر محمد حسن
* * *
مديرية تنفيذ ئاكرى
العدد /١٩٥٣/ت.د/٢٠١٩
التاريخ /٢٠١٩/١١/٢٧
الى / المنفذ عليه (سردار عبدالله محمد)
م / تبليغ بوقوع الحجز
اشارة الاضبارة التنفيذية المرقمة (١٩٥٣/ ت.د/٢٠١٩) وكتاب مركز شرطة كردسين المرقم ٢٦٤٧/٧ في ٢٠١٩/١١/٢٥ واشعار المختار (خةلێن) قررت هذه المديرية تبليغك عن طريق صحيفتين محليتين يوميتين بوقوع الحجز على السيارة المرقم (٣٢٠٨٥/ دهوك حمل) من نوع (تويوتا بيكب دبل قمارة) موديل (٢٠١٠) ابيض اللون العائدة لى وملزم بتادية الدين وملحقاته خلال ثلاثة ايام من اليوم التالي لتاريخ تبليغكما عن طريق (النشر) والا وبعكسه سوف يباع السيارة المحجوز المذكور اعلاه وفق احكام هذا القانون استنادا الى المادة (٦٩) الفقرة الثانية من قانون التنفيذ
المنفذ العدل / بدران عبدالرحيم حاجى
* * *
محكمة بداءة ئاكرى
العدد/٥٥٦/ب/٢٠١٩
التاريخ/٢٠١٩/١١/١٩
الى المدعى عليه (ايوب عزيز ايوب)
ب/اعلان
اصدرت هذه المحكمة في الدعوى البدائية المرقمة اعلاه حكما غيابيا بحقك جاء في الفقرة الاولى منه ابطال قيد العقار المرقم (٢/٢٠٦ مقاطعة ١٣٧ بساتين طاقي وزيوكي وجوستي) والمسجل باسمك وباسم جميع شركاءك في العقار المذكور وتسجيله ثانية باسم مالكه (رجب قادر رجب) وبما ان الحكم قد اصدر غيابيا بحقك عليه قررت هذه المحكمة نشر الحكم المذكور في جريدتين محليتين يوميتين بحيث يحق لك الاعتراض والتمييز على الحكم المذكور خلال المدة القانونية وبعكسه يكتسب القرار الدرجة القطعية وفق الاصول
القاضي / خالد عثمان يوسف
* * *
محكمة بداءة ئاكرى
العدد/٥٥٦/ب/٢٠١٩
التاريخ/٢٠١٩/١١/١٩
الى المدعى عليها (شاجدا احمد امين حاجي)
ب/اعلان
اصدرت هذه المحكمة في الدعوى البدائية المرقمة اعلاه حكما غيابيا بحقك جاء في الفقرة الاولى منه ابطال قيد العقار المرقم (٢/٢٠٦ مقاطعة ١٣٧ بساتين طاقي وزيوكي وجوستي) والمسجل باسمك وباسم جميع شركاءك في العقار المذكور وتسجيله ثانية باسم مالكه (رجب قادر رجب) وبما ان الحكم قد اصدر غيابيا بحقك عليه قررت هذه المحكمة نشر الحكم المذكور في جريدتين محليتين يوميتين بحيث يحق لك الاعتراض والتمييز على الحكم المذكور خلال المدة القانونية وبعكسه يكتسب القرار الدرجة القطعية وفق الاصول
القاضي / خالد عثمان يوسف
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٩١٦/ش/٢٠١٩
رێکەوتی / ٢٠١٩/١١/٢٦
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : محمد جميل صالح
ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٩١٦/ش/٢٠١٩) ل روژا (٢٠١٩/١١/١٨) ژێك ڤەبوونا دادی (تفريق قضائي) دناڤبەرا تە و داواکار (ايمان انور محو) ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامەیێت روژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاسایيدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت .
دادوەر / دارا طاهر توفيق
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٩٤٧/ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ٢٠١٩/١١/٢٤
راگەهاندن
بو / داوالێکراوێ : ملكه حسن ابراهيم
ل دیف داخوازیا داواکاری (جهاد ناصر جادر) وکێشا ژمارە (٩٤٧/ش/٢٠١٩) تێدا داخوازا پەسەندا مارەبرینا دەرەکی ناف بەرا تە و داواکاری دا ل (٢٠١٣/٥/١٥) لسەر مارا پیشەکی (١٠ مسقال زیر عیار ٢١) نەوەرگرتیە و (١٩ نوزدە مسقال زیر عیار ٢١) وگەهاندنا رەها زاروکی (باران) روژا دایک بوون (٢٠١٤/٦/١) رەگەزا وی کورە جهێ بوونا وی استنبول – ترکیا . بو تە وبو داواکاری وپەسەندا تەلاقا دەرەکی دناف بەرا تە و داواکاری دا ل (٢٠١٥/٤/١٠) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (سیالکا) یا ژمارە (٤٠١٩) ل (٢٠١٩/١١/٢١) و نڤیسارا بەربژارێ تاخێ (سپیریز) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامیت روژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢٠١٩/١٢/٣) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / دارا طاهر توفيق
* * *
دادگای بەرایی کەلار
ژمارە: ١٥٥/ب/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/١١/٢١
ئاگاداری
بۆ داوا لەسەرکراو: عدی حسین علوان
بە پێی بڕیارێکی ئەم دادگایە تایبەت داوای ژمارە (١٥٥/ب/٢٠١٩) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە بە پێی ڕاڤەی ئاگادار کەرەوەی و (اشعاری)ی موختیاری (ناحیە جبارە) وە بونیاد لەسەر بریار دادگا (٢٠١٩/١١/٢١) بە پێ مادەی (١/٢) لە یاسای دادبینی شارستانی کە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی ئاگادارت بکەینەوە بە بڕیاری ژمارە (١٥٥/ب/٢٠١٩) لە (٢٠١٩/١٠/١٥) کە تیایدا دادگاکەمان بڕیاری داوە بە ناچارکردنت بە گەڕاندنەوەی ئۆتۆمبێلی ژمارە (١١٨٣١٠/ سلیمانی- بار) لە جۆری (اڤیکو تاك ویل دبل قمارە تریلە فلات ٢ دنگیر مع سحال تاك تایر اوتوماتیك ٣٦,٥ تەن) مۆدێل (٢٠٠٥) (ڕەنگی زەرد) بۆ داواکار (هوار صدیق سعید) وە بڕیاری دادگا شیاوی بەرهەڵست کردنە و تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوە، بە پێچەوانەوە دادگا بە پێی یاسا بەردەوام دەبێت لەسەر کارەکانی.
دادوەر/ حسن احمد عباس
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
بە دواداچون و ئامار
ژمارە/ أنابە/٢٠١٩
رێکەوت/ ١٠/١٠/٢٠١٩
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
بە دواداچون و ئامار
ژمارە/ أنابە/٢٠١٩
رێکەوت/ ١٠/١٠/٢٠١٩
ئاگاداری
پاشکۆی زانیارییەکان
- (١ یەك) م بینا لە بەشی قەرزار (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینارە.
- کۆی نرخی زەوی و بینای بەشی قەرزار (١١٠,٩٨٩,٠٠٠) سەدو دە ملیۆن و نۆسەد و هەشتاو نۆ هەزار دینارە.
* وێنەیەك بۆ
- دوو لە ڕۆژنامەکان
- تابلۆی ئاگادارییەکان
دۆسیێیەکە لەگەڵ شوێن و مو لکە کە .
ل. بەشی بەدواداچوون و بینینی منداڵ
هێشوو تالب عبدالرحمن
٢٠١٩/١٠/١٠
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٥
ژمارە:٥٢٢٦/ش٢٠١٩/٥
رێکەوت:٢٠١٩/١١/٢٧
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (ئاکۆ فایق عبدالمحمد) شوێنی دانیشتنت نادیارە.

داواکار/ حنان فهمی جمال داوای ژمارە (٥٢٢٦/ش٢٠١٩/٥)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای تفریق دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت بەپێی اشعاری مختاری هەولێر – گەرەکی راپەرین بۆیە دادگا بریاری دا بەپێراگەیاندنت لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٢/١٥, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە شێوەی ئاشکرا و پاشملە.
دادوەر/ پەژار عبدالله نصيف
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارە/٣٦١٥/٢٠١٩
بەرواری/ ٢٠١٩/١١/٢٦
بۆ/ جاردانی کەل و پەلی گلدراوە
ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٣٦١٥/٢٠١٩) هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەم کەل و پەلانەی خوارەوە کە بەبڕی (٣٠,٧٩٠,٠٠٠ سی ملیۆن و حەوت سەدو نەوەد هەزار دینار) قرساوە وە بەلێك زیادکردنی ئاشکرا لەجیاتی قەرزی خاوەن قەرز (احمد عبدالجبار احمد) کە بڕەکەی (٧٣,٢٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینارەیە جا هەرکەسێ ئارەزووی کڕینی هەیە لەماوەی (٧) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە بارمتەی یاسایی لەگەڵ خۆی بهێنی کە لە (١٠٪) نرخە قرساوەکەیەتی وە دەڵالیش لەسەر کریارە.
هاپێچ/ وێنەیەك لە لیستی کەلووپەلەکان
جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی
شارەوانییەکانی هەولێر
لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی
دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی
گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
ژمارە ٦٥/١٠٠
رێکەوت/ ٢٠١٩/١١/٢٥
ئاگاداری
لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (١٢) دوکان مولکی شارەوانی بەم شێوەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی رواندوز بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە رێکەوتی ٢٠١٩/١/٧ کاتژمێر (١٢:٣٠) دوانزە و نیوی نیوەڕۆ لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کڕینی خەملێنەراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کڕینی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.
١- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی زنجیرە (١) لەسەر بەشێك لە زەوی ژمارە (٧٨٧ قەڵای رواندوز) رووبەر ٢٠م٢ کڕینی سالانەی خەملێنەراو بۆ کۆی ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ.
٢- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی زنجیرە (٩) لەسەر بەشێك لە زەوی ژمارە (٧٨٧ قەڵای رواندوز) رووبەر ٩٦٤,٨٧م٢ کڕینی سالانەی خەملێنەراو بۆ کۆی رووبەر/ ٨٠٠٠٠٠ هەشت سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ.
٣- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی زنجیرە (١٠) لەسەر بەشێك لە زەوی ژمارە (٥٩٧ قەڵای رواندوز) رووبەر ٢٥,٠٤م٢ کڕینی سالانەی خەملێنەراو بۆ کۆی رووبەر/ ٣٠٠٠٠٠ سێ سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ.
٤- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی زنجیرە (١١) لەسەر بەشێك لە زەوی ژمارە (٥٩٧ قەڵای رواندوز) رووبەر ٢٥,٠٤م٢ کڕینی سالانەی خەملێنەراو بۆ کۆی رووبەر/ ٣٠٠٠٠٠ سێ سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ.
٥- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی زنجیرە (١٢) لەسەر بەشێك لە زەوی ژمارە (٥٩٧ قەڵای رواندوز) رووبەر ٢٥,٠٤م٢ کڕینی سالانەی خەملێنەراو بۆ کۆی رووبەر/ ٣٠٠٠٠٠ سێ سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ.
٦- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی زنجیرە (١٣) لەسەر بەشێك لە زەوی ژمارە (٥٩٧ قەڵای رواندوز) رووبەر ٢٥,٠٤م٢ کڕینی سالانەی خەملێنەراو بۆ کۆی رووبەر/ ٣٠٠٠٠٠ سێ سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ.
٧- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی زنجیرە (١٤) لەسەر بەشێك لە زەوی ژمارە (٥٩٧ قەڵای رواندوز) رووبەر ٢٥,٠٤م٢ کڕینی سالانەی خەملێنەراو بۆ کۆی رووبەر/ ٣٠٠٠٠٠ سێ سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ.
٨- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ بینایەی زنجیرە (١٥) لەسەر زەوی ژمارە (٥٩٨ قەڵای رواندوز) رووبەر ١٠٣,٥٥م٢ کڕینی سالانەی خەملێنەراو بۆ کۆی رووبەر/ ٦٠٠٠٠٠ شەش سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ.
٩- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ بینایەی زنجیرە (١٦) لەسەر زەوی ژمارە (٤٥٤ قەڵای رواندوز) رووبەر ٧٠٣,٥٠م٢ کڕینی سالانەی خەملێنەراو بۆ کۆی رووبەر/ ٧٠٠٠٠٠ حەفت سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ.
١٠- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ بینایەی زنجیرە (١٧) لەسەر زەوی ژمارە (٢٨٣ قەڵای رواندوز) رووبەر ٢٨٣م٢ کڕینی سالانەی خەملێنەراو بۆ کۆی رووبەر/ ٨٠٠٠٠٠ هەشت سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ.
١١- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ بینایەی زنجیرە (١٨) لەسەر زەوی ژمارە (٤٠٩ قەڵای رواندوز) رووبەر ٢١٩٠م٢ کڕینی سالانەی خەملێنەراو بۆ کۆی رووبەر/ ٦٠٠٠٠٠ شەش سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ.
١٢- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ بینایەی زنجیرە (١٩) لەسەر زەوی ژمارە (٤٧٥ قەڵای رواندوز) رووبەر ١٠٣٣,٧٠م٢ کڕینی سالانەی خەملێنەراو بۆ کۆی رووبەر/ ١٢٠٠٠٠٠ یەك ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی
شارەوانییەکانی هەولێر
* * *

DNO
EST - 1971

Job Title	Well Testing Supervisor-Fixed term 6 weeks
Work Location	Field (Tawke)

Additional Details and requirements

Job Summary:

Well Test Supervisor is responsible for all aspects of well testing operations at the wellsite on behalf of the company. Providing supervision at site for well testing operations, in particular ensuring safe and efficient operations to meet testing objectives.

Key Responsibilities:
•Responsible for all aspects of well testing operations at the wellsite.
•Providing supervision at site for well testing operations, in particular ensuring safe and efficient operations to meet testing objectives.
• Implementing testing program steps and data acquisition requirements
•ensure quality of the data and reporting from operations.
•ensure fluid separation conditions are optimized for safe handling for the fluids as well as data gathering requirements.

Required Attributes & Experience:
•Experienced and knowledgeable in well testing equipment and fluid processing.
•Requires site leadership.
•Experience working with multiple contractors in a multi-cultural environment.
•Individual needs to have a proven track record of HSE leadership.
•Experience working in Kurdistan region is preferred.

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

بەڕێوەبەرایەتی گشتی
فەرمانگەکانی داد
فەرمانگەی دادنوسی / کەلار یەك
ژمارە : ٢٧
ریکەوتی ٢٧ / ١١ / ٢٠١٩
ئاگاداری
بەپێی ئەو داوایەی کەلەلایەن داواکار پشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بە ناوی (محمد سعید حسین) داواکارە بە تۆمار کردنی ئامێرەکانی کارگەی (مامۆ) بۆ دروست کردنی بلۆك کە لە (کەلار / ناوچەی پیشەسازی) دانراون و ئامێرەکان لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسای دادنووس ژمارە (٣٣) لەساڵی (١٩٩٨) بەڵاوی دەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەك لەم ئامێرانە دادەنێ لەماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارەوە تۆمار دەکرێت و بڕوانامەی پێ دەدرێت.
ژ ناوی ئامێر / ژمارەی ئامێر/ دروستکراو مۆدێل/ توانای کارەبایی
١- خەباتە / نیەتی کارەبا / ٢٠١٥ / ٦٠ ئەسپ
٢- کابیسە / نیەتی کارەبا / ٢٠١٤ / ٢٥ ئەسپ
٣- ڕافیعە / نیەتی گازوایل / ١٩٨٤ / ٣ تۆن
سیامندمحمدصالح
دادنووسی یەکەمی کەلار
٢٧ / ١١ / ٢٠١٩
* * *
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ١٥١٠ /ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٧ /١١/ ٢٠١٩
ڕاگەهاندن
بو/داواکەری (رنا سعد محمد) ل دوێف داخازیا داواکار (احمد عصمت رسول) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازا پەسندکرنا تەلاقا دەرەکی ژتە کریە وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دوێف نڤیسارا بەربژارێ (دهوك/تاخێ شاخکی) ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/١١/٢٤ ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕۆژانە دا ئامادەبی ل ڕۆژا ٢٠١٩/١٢/٨ یان بریکارەکێ پێش خۆقە ئامادەبکە وبەرۆڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەهاتە تە پاشەملی هێتە کرن
دادوەر/ زیڤان احمد حسین
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٥٥٠/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/٢٥/١١/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (رواء نبیل محمود) جهێ ئاکنجی بوونی نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ب پەسندکرنا مارە برینی دەرەکی ل ٢٠١٣/٩/١٢ ورەچلەك خوشکا داواکاری (کولستان) ل ٢٠١٥/٧/١٦ (تصدیق زواج الخارجی واثبات نسب شقیقتی من والده المتوفی) ژ تە وبابی داواکاری یی خودی ژی رازی (احمد سلیمان عبدالله) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر ودەستەکا پاریزگەها دهوکی ناحیا جمانکی سپێنداری ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداجوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دهە ڕۆژا ژبەلافکرنا ڕۆژنامێ بەرۆڤاژی بریار دێ دومahیك ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسایی
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /٣٩١/ت/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠/٦/٢٠١٩
ئاگاداری
بۆ / قەرزار : ناجح حواس احمد
لەبەر نەزانین ونەدیاری شوێنت بۆیە بەپێی ماده (٢٧)ی یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا لە ڕێی ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە ئامادەبیت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (محمد علی حسو) کە (٣٠٥٦٩٧٥٠٠٠) سێ ملیار وپینچی وشەش ملیون ونەسەد وحەفتی وپینج هزار دیناری عیراقی یە دەنا بە پێی یاسا ناچاری دانەوەی دەکرێت
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
* * *
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە /٦٠/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/١٨/٦/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکەراو (ناجح حواس احمد)
شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە
ئەم دادگایە بریاریدا لە ڕۆژی ٢٠١٩/٣/٦ لە داوای ژمارە ٦٠/ب/٢٠١٩ ب پێگیریکرنا تە ب دانا پارەی ب کۆژمێ (٢٥٥٠٠٠٠) دوو ملیون وپێنج سەد وپێنجی هزار دولار کو دبیتە (٣٠٥٤٩٠٠٠٠٠) سێ ملیار وپێنجی وچار ملیون ونەسەد هزار دیناربت عیراقی بو داواکاری (محمد علی حسو) وەك دەین دابونە تە (قرضة حسنة) دگەل دانا پێداچونێت داوێ ماندیبونێت پاریزەری کۆژمێ دوو ملیون دینار ژبەر نەشتەجیبوونا تە نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری کومەلگەها گرشین ل قەزا سمیل ل ڕۆژا ٢٠١٩/٦/١٦ بۆیە دادگا بریاری دا کە بریارەکەت پێ ڕابگەیەنێت بە هۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە کە لە هەرێمێ کوردستان دەردەچیت وهەوە مافێ نەرازیبونێ وتێهەلچوونێ وپێداچوونەوە هەیە لە ماوەی یاسایی دا وبە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەر دەکریت بەپێی یاسا
دادوەر / ابراهیم خشمان گرگری
* * *
دادگای باری کەسی دهشتی هەولێر
ژمارەی:٧٨٧/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٨
جارێدان
بۆ داوالێکراو (مهین حسین عباس)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (دارا خضر ابراهیم) داوای ژمارە ٧٨٧/ش/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە, کەتیایدا داوای (سەماندنی هاوسەرگیری و پەسندکردنی تەلاق) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختارەکانی (گەڕەکی چوارچرا/ بنصلاوە) بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت ڕابگەیەنرێت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٣ کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەملە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ عبدالله عثمان خضر
* * *
سەرۆکایەتی لێژنەی بریاری ٢٢٢ ساڵی ١٩٧٧
ژمارە: ٣٩٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٧
ئاگاداری
ئاگاداری خاوەن پارچە زەویەکانی ژمارە (٢١ و ٣٢ و ٣٣) کەرتی ٦٤/ فلون دەکەینەوە کەوا لێژنەکەمان هەڵسا بە خەملاندنی پارچە زەویەکانی ئامازەپێکراو کە بۆ هەر (١) دۆنم زەوی بری (٦,٠٠٠,٠٠٠) شەش ملیۆن دینار خەملێنرا جا لەکاتی ناردزایی لە نرخەکە لەماوەی (١٥) ڕۆژ دەتوانێت داواکاری پێشکەش بە دادگا تایبەت مەند بکات بەپێچەوانەوە نرخەکە جێگیر دەبێت لەگەڵ ڕێزماندا..
د.عبدالرحیم عمر مصطفی
سەرۆکی لێژنە
* * *
وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی دوو
ژمارە: ١٧٣ - ٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/١١/١٢
ئاگاداری نامە
بۆ/تۆمەتبار/ ن.ع: سواره احمد یاسین حسن
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ دادگاکەمان بە مەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی (٣٥/ سێ یەم و ٦٣ لە یاسای سزادانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧) لەسەر تاوانی (هەڵهاتن و بردنی چەك و عیتاد تایبەت بە خزمەتی سەربازی) لەبەر ئەوەی جێگای دیاری کراوت نییە بریاماندا ئاگادارت بکەین بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لەبەرواری هەڵواسینی ئاگاداری نامەکەت لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت وە بە پێچەوانەوە دادگایی ئەکرییت بەبێ ئامادەبوونت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا وە هەموو مالی گوازراوە و نەگوێزراوە (الاموال المنقولة و غیر المنقولة)ت دەستی بەسەردا دەگیرێت وە, وە هەموو فەرمانبەرێکی گشتی پابەندە بەدەستگیرکردنت وە هەر کەسێك زانیاری هەبێت دەربارەی شوێنی خۆشاردنەوەت پابەندە بە ئاگادارکردنەوەی لایەنی سەربازی.
ناونیشان:
پاریزگا/ کرکوك
عمیدی مافپەروەر/ عبدالرحمن ملا محمد طاهر
سەرۆکی دادگایی سەربازی دوو
* * *

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای(مائدە الخیر) بۆ (بازرگانی گشتی/سنوردار) بڕیاری گۆڕینی (ناو)ی کۆمپانیای داوە لەکۆمپانیای (مائدە الخیر) بۆ کۆمپانیا (غصن النعناع) بۆیە هەرکەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لەماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لەشاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری-تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆیەکلایکردنەوەی کێشەکان.
د.پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٨٦٨٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٦
بڕیاری داخستنی لقی کۆمپانیای (بیانی)
دوای تەواو کردنی ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای (الاتحاد الطیران)ی ئیماراتی (للطیران الجوی و نقل الاشخاص و الحمولات و البضائع و البرید مساهمة عامة) وە پالپشت بە ماددەی ١٥ لە سیستەمی ژمارە (٥) سالی ١٩٨٩.
من وەك تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە داخستنی لقی کۆمپانیای ناوبراو و سرینەوەی ناوی لە تۆماری تۆمارکاری کۆمپانیاکان.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٨٧٣٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٧
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Five Line international) بۆ (بازرگانی ڕاگەیاندن و ریکلام و بڵاوکردنەوەو چاپکردنی ڕۆشنبیری و بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٠٧٨٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٠
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (تاخ) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (تاخ) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/١٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (عفان جلال عبدالله) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/٢٠
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢١١١١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٧
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (برکة الدهاس)
بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (برکة الدهاس) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (مەتین عبدالرحمن جلال) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/٢٧
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (تاخ) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (برکة الدهاس) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر


ترانستڕۆمەر و گەشتێک لەگەڵ چەپکێک لە شیعرەکانی تۆماس ترانستڕۆمەر



ئاکۆ عەبدوڵا

ئەم ساڵ لە چاپخانەی بینایی، نامیلکەی (چەپکێک لە شیعرەکانی تۆماس ترانستڕۆمەر) لە بەرگێکی جوان و قایم چاپکرا، کە جگە لە پێشەکی و کورتەیەک لە وێستگە گرنگەکانی ژیانی ناوبراو، کۆمەڵێک چامەی هەڵبژادەشی گرتۆتەخۆ، هەموو ئەوانەش لەلایەن د. کەمال مەعروف لە زمانی سویدیەوە وەرگێڕدراون.

ترانستڕۆمەر (1931- 2015)بە گەورەترین شاعیری سویدی لە سەدەی رابردوو دادەنرێت. لەتەک کەسانی وەک ئۆگست ستریندبێرگ و ئینگمار بێرگمان و ئیمانوێل سفیدنیوری، رووی ڕۆشنبیری ئەو وڵاتەی بەرجەستەکردووە. وەک لە لاپەڕە 10ی ئەو بەرهەمەشدا هاتووە (لەبەر قوواڵی و پڕ واتایی شیعرەکانی و ئەندێشە مەزن و بەربڵاوەکەی و پڕ مۆسیقایی زمانەکەی و هەمە جۆری بابەتە شیعرییەکان و وێنە بەهێزە شیعرییەکان و هەستە مرۆڤپەروەرانەکەی، بە مەزنترین شاعیری ئەسکەندەناڤی دوای جەنگی دووەمی جیهانی و بە کاریگەرترین شاعیری ئەو سەردەمەی ئێمە دادەنرێت). ناوبراو لەسەر ڕێبازی شاعیرانی پێشتری وڵاتەکەی، لەوانە جۆنار ئیلیکیلۆف و فێرنەر ئاسپنسترم و جۆنار یۆرلینگ ڕۆیشت، بەڵام بە ستایلێکی نوێخوازانە و پێشەنگانە لە گرتنەبەری گۆڕان و هێنانەناوەوەی بابەتی وەک میتافیزک و توخمی نوێ بۆ شیعری ئەسکەندەناڤی هەوڵیدا. تەکانێکی گەورەشی بە شیعری سویدیدا و زیاتر بەرەو خۆیی و ڕەشباوبانەی برد.



بەرهەمەکانی ناوبراو:

* لە ساڵی 1954دیوانی (هەڤدە چامە)ی بڵاوکردەوە
* لە ساڵی 1958دیوانی (نهێنیەکانی ڕێگە)ی بڵاوکردەوە
* لە ساڵی 1962دیوانی (نیوەی ئاسمان تەواوبووە)ی بڵاوکردەوە
* لە ساڵی 1966دیوانی (زەنگەکان و ڕێگەکان)ی بڵاوکردەوە
* لە ساڵی 1970دیوانی (بینین لە تاریکیدا)ی بڵاوکردەوە
* لە ساڵی 1973دیوانی (ڕێگەکان) ی بڵاوکردەوە
* لە ساڵی 1974دیوانی (باڵتیق) ی بڵاوکردەوە
* لە ساڵی 1978دیوانی (بەربەستی ڕاستی)ی بڵاوکردەوە
* لە ساڵی 1983دیوانی (گۆڕەپانی بازاڕی دڕندەیی)ی بڵاوکردەوە
* لە ساڵی 1989دیوانی (لە پێناو زیندوو و مردووداا)ی بڵاوکردەوە
* لە ساڵی 1993کتێبی (یادگاریەکان من دەبینن)ی بڵاوکردەوە
* لە ساڵی 1996دیوانی (بەڵەمی غەم)ی بڵاوکردەوە
* لە ساڵی 2001دیوانی (بەندیخانە)ی بڵاوکردەوە
* لە ساڵی 2004دیوانی (ڕازی گەورە)ی بڵاوکردەوە

داڕکانیش بۆ ژمارەی ڕەش و ئوتۆمبیلی ناو تاریکایش بۆ دەفرەڤیوو و دیمەنی لەم جۆرە. ئەمەو شیعرەکانی لەگەڵ سادە و ساکاری و پیادەکردنی زمانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی، کەچی بۆ وەرگێڕان ئاسان نین، چونکە چینی دەنگی و واتای وەهایان هەڵگرتووە کە دیمەنی سروشتی ڕازاوەی ئەسکەندەناڤیایان گرتووە و خودی ترانستڕۆمەریش زۆر جار لە وەرگێڕانەکان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی ناڕازیبووە. هەرچەندە بە هۆی وەرگێڕانە زۆرەکەی، بەرهەمەکانی بۆ ژمارەی زۆری زمانەکان، کاریگەری زۆری بەسەر زۆر شاعیری جیهانی کرد. بێگومان ئەو چەپکە وەرگێڕدراوەی بۆ زمانی کوردی نەبینیوە تاکو بزانین لەو بارەوە هەڵوێستی چۆن دەبوو. بەڵای خۆشیەوە جیاوازی لە نێوان شیعری ئۆریجناڵ و شیعری وەرگێڕدراو لە ڕووی زمانەوە نەبووە ?چونکە شیعر لەناو خودی ئەو زمانە ڕەسەنەی پێیدەنووسرێ، وەک وەرگێڕدراوێک وایە.

وێستگە گرنگەکانی ژیانی:

* ساڵی 1956دوای تەواوکردنی زانکۆ، وەک پسپۆڕی دەروونی، لە دەزگەی چاودێریکردن یاخود بەندیخانەی نەوجەوانان دامەزرا،
* ساڵی 1990دووچاری جەلتەی دەماغ بوو، ئەو ڕووداوە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە توانستی جولە و قسەکردنی کرد، بە هۆیەوە پاشماوەی ژیانی بە نیوە ئیفلیجی بەشی ڕاستە و بێدەنگی بەسەر برد. لەگەڵ ئەو حاڵە سەختەشدا کە بەهرە شیعریەکەی لە دەستنەدابوو، توانی بە دەستە چەپە خۆی بۆ نووسین و ژەنینی پیانۆ رابهێنێ.
* ساڵی 2011ئەکادیمیای سویدی، خەڵاتە مەزنەکەی نۆبڵی ئەو ساڵەی پێبەخشی .

لە ڕاگەیانراوێکدا ئاکادیمیای ناوبراو بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیە، ئاماژەی بەوەدا (تۆماس ترانستڕۆمەر یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی جیهان. لە ڕێگەی نەخشاندنی وێنەی چڕ و ڕوون لە ناو شیعرەکانیدا، کلاوڕۆژنەیەکی نوێ و ڕوانینێکی نوێمان بۆ واقیع پێدەبەخشێ. کارەکانی ئەو شاعیرە بەشێوەیەکی قوواڵ، خوێندنەوەیە بۆ یادگا و میژوو و مردن).

جگە لەو خەڵاتەش کۆمەڵێک خەڵاتی دیکەی پێبەخشراوە لەوانە لەوانە خەڵاتی (سیگ کارلسۆن) لە ساڵی 1956و خەڵاتی (پتراکا پریس) ی ئەڵمانی ساڵی 1981و خەڵاتی Neustadt Inter-national لە وڵاتی لیتوانیا و خەڵاتی (فاینەر) ساڵی 1990و خەڵاتی (ئاکادیمیای باکووری سوید)ی ساڵی دواتر و خەڵاتی Horst Bienek ساڵی 1992لە وڵاتی ئەڵمانیا و خەڵاتی (ئۆگستس) ساڵی 1996لە سوید و خەڵاتی (جان سمیر) لە سلۆڤاکیا ساڵی 1998و خەڵاتی (تاجەگوڵینەی زێڕین) ی ساڵی 2003لە مەقەدۆنا و خەڵاتی (گریفین) ی ساڵی 2007لە کەنەدا و خەڵاتی (ناونیشانی پرۆفیسۆر)ی ساڵی 2011لە وڵاتی سوید. کەواتە دەتوانین بڵێین زۆربەی خەڵاتە ئەدەبییەکانی وڵاتانی ئەوروپای وەرگرتووە. هەروەها ساڵی 1997 شارەوانی شاری فاستیرس ،خەڵاتی ترانستڕۆمەری ڕاگەیاند کە هەر دوو ساڵ جارێک دەبەخشرێت.

چەند نمونەیەک لە شیعرە وەرگێڕدراوەکانی شاعیر وەک لەو نامیلکەیەدا هاتووە:

ساتی وەرچەرخانی نیوەشەو

مێرووی درەخت بە بێدەنگی دەڕوانێت،
سەیری
هیچ ناکات. هیچیش نابیستێت جگە لە تکەکردن
لە گەڵایەکی نادیار و ورتەورتی قووڵی شەو
بۆ ناو خەرەندی هاوین

* * *

دار کاژەکە وەک میلەکانی کاتژمێرێک وەستاوە،
پەڵ و پژدارە. مێرووەکە لەناو گردی سێبەرەکەوە دەبریسکێتەوە
چرپکەی باڵدارێک! لە کۆتاییشدا.
تەڵخە هەورەکان بەهێواشی
گلۆر دەنەوە

پۆرتڕێتی مێژنەیەک، سەدەی 19م

دەنگی ژنەکە لەناو جلەکانیدا خنکاوە.
چاوەکانی بەدوای
زۆرانبازەکەوەن، ئینجا ئەو خۆی لەناو بازنەی زۆرانبازیەکەدایە. ئەرێ ئەو ئازادە؟ چوارچیوەیەکی
زەرکەفت
وێنەکەی خنکاندووە

ماڵە تەنیاکانی سوێد

تێکەڵ و پێکەڵی دار کاژی تاریک و
تریفەی مانگی دووکەڵاوی
لێرە کێڵگۆکەکە نزم هەڵکەوتووە و
هیچ نیشانەیەکی ژیان نییە

* * *

تا ئەو ساتەی کەوا شەونم دەکەوێتە بۆڵە بۆڵ و
پیرەمێردێکش بە ژ دەستە لەرزۆکەکانی-
پەنجەرەکەی خۆی دەکاتەوە و
کوندەبۆیەک بەدەر دەنێت

* * *

دوورتر لەوێ، باڵەخانە نوێیەکە
هەڵمەدووی لێوە دێتەدەر
بە ئامێری ئوتووە پەپوولەییەکەوە
لە سوچێکەوە دەکەوێتە باڵەفڕێ

* * *

لەناو جەرگەی دارستانێکی گیانەلادەر
لەوێ کەوا دارزین لەناو
دیمەنی ئاوەخۆردەکەی سەروسەودای
تورێکڵ کونکەرەکان دەخوێنێتەوە

* * *

هاوین بە بارانە پڕچ کەتانییەکەیەوە
یان هەورێکی تریشقەداری تەنیا
کەوا بەسەر سەگێکی وەڕبوو دەخزێت
تۆوەکەش لەناو خاکەکەدا خەریکی
پێکووتان و شەق هەڵدانە

* * *

دەنگی بە جۆش و خرۆش، دەموچاوەکان
لەناو تەلەکانی تەلەفۆندا
بە باڵی خێرای لە گەشەخراو
بەسەر زەوی بەیاردا چەندان میل دەفڕێت

* * *

خانووەکانی سەر دوورگەکە لەناو ڕووبارەکە
لەسەر بناغە بەردینەکەی کڕکەوتووە
دووکەڵی هەمیشەیی ژ ئەوان کاغەزی
نهێنی دارستانەکە دەسووتێنێ

* * *

باران لە ئاسماندا گڕ دەخوات
ڕوناکی لەناو ڕووبارەکە پێچ دەخوات
ماڵەکانی سەر تەلانەکە سەرپەڕشتی
گا سپیپەکەی قەڵبەزەکە دەکەن

* * *

پاییز بە ڕەوەیەک ڕیشۆڵەوە
ڕێگری لە گزنگ دەکات
خەڵکەکان بە ڕەقی لەبەردەم
ڕوناکی شانۆیەکە دەجوولێنەوە

* * *

لێیانگەڕێن بەبێ وریاکردنەوە
هەست بە باڵە شاراوەکان و
وزەی خودا بکەن
کەوا لەناو تاریکییەکە پێچی خواردووە

حەسەن حەیران
حەیرانبێژی شۆڕش و بەرگری



جەمال گردەسۆری

پێشەکی: حەسەن حەیران ئەو مرۆڤە بوو، کەتوانی میژوویەک بۆ خۆی دروست بکات نەوەی ئێستاو دوارۆژ شانازی پێوە بکەن، وەک کەسێکی کورد پەروەرو حەیرانبێژێکی لێهاتوو هەریەکەی لەم بواره ئەو مرۆڤە دەناسن، عیشق و ناسینی بەندە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیم لە یادمە لەساڵی 1975بەر لە نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەگەڵ دایکم و کاکم کەمال لە گوندەکەمان گوندی گردەسۆر دەچووینە گوندی سۆفی ئیبراهیم مالی خاڵمان لەوێ بوو لەنزیک گوندی سۆفی ئیبراهیم چەند چەکدارێک لەسەر ڕێگا دانیشتبوون بە موسەجەل کاسێتی حەسەن حەیران خرابووە سەر دەنگی لەدووڕەوە دەهات.

بەشی پێنجەم

-34-

دەڕێم بابە دیسان سەرییا من گەلە گەلە دێشی
درم دەکاتن دایم تەخمینە
دەمگۆتە گەلی دۆست و براو برادەران
دەوەرن بەوێ فەسڵی دەرە بواران
دەبا مە بە عام بچینە سەر چاکەکەی سوڵتان عەولای عاردبی
خۆ لە دنیایێ مەشهورە چاکەکی گەلە گەلە بەتینە
ئەمن وەکی شۆڕ دەبوونەوە
لە کەندێ حوسێنی غازی
زەینی خۆمان بەردەداوە
دەشتی کاولە قەراجی
کلکەیێ مەخموری
ئەوسار دایم بە دایم
لە من و بە ژنێ باریک
سۆر بوو لە کەونی غەوێمە
ئەوجا کێژ دەرێ
چاوەکەم دەتو وەرە لەبۆ خۆ
دەستەکی باوێ سەر ملێ بە کەزی
بگرە جۆتە شەمامە شەمامان
حەز لێ کردنی کێژو کوڕی عالەمێ
بەسارو مانگە
بەبێ قەول و پەیمان
ئەمان حەز لێ کردنێ دوو چاوێ بەرەک
بە خوا هەر بۆ ئەوە بە مردن و ئاوات و ژینە.

-35-

ئەدی نەم دەگۆ حەیران گەوارەکم گەیشتێ
لۆبێ نەم دەزانی پیرە بوار
چەند درەنگم پێزانی
ئەورۆ بەوێ هێتوارێ
دەڕێم گەوارەکم پێگەیی
دەبا چاوێ غەدار داکە
لە بۆ من هێنێ
بە بەردیلەکانی بەدمان و بەرۆک
وەکی هەموو فەسڵێ دەرە بواران
لەبۆ خۆ دەمگۆ
لەناو مەرکێ و خەلەکی و خەیلانی
ناوەللا لەبۆ من هێنێتەوە
چاوێ بە کارو کار غەزالەکانی سۆرخونی
وەکی دەلەوەڕێتەوە لەدەشتی کاولە قەراجی
هەموو دانی هێواران
ئاوێ خۆی دەخواتەوە
لەبن بەردو بێ بەردان
چاوەکەم دەڕێم ئاوڕێ خۆی دەداتەوە
بەخوای لەسەر توخمێ
مێردو کەلای ئاشقانی.

-36-

بابە دەڕێم چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم



دیسان ئەمن لەبەر کەیفی دڕێ خۆ
دری گەلی دۆست و برادەران
نازانم بە کێندەڕێدا هەر بڕێم
دەڕێم سەرم گەلە گەلە دێشی
درم دەکاتن گەداو تاوە
سەبارەتێ بەدوو چاوێ بەرەک
سەرێ چەند سارە لەبۆ خۆ
بوێم لە دان و بەدەران کەتیمە بەناوە ناوە
ئەمن قەت برادەرەکێ هەندە دڵ بەقاو
متمانم نەبوو
دایم بە دایم
دری خۆم دەدا بەخوناوە

-37-

بابە دەڕێم چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
دەڕێم قەرەچووغ لە من و لە بەژنی باریک
چاوەکەم دەڕێم لەمن بە دارە بەنە
وردەکەی بێ پەرە
وەڵاڵا دەڕێم قەرەچووغ لەمن بەدارە بەنە
دەمگۆ بە چاوی من بڕۆننێ میری کێژۆران
سبەینان لەگەر گەزەنگێ ڕۆژێ
وەکی دێتەوە لە ڕێی سراوێ
زێدە لەکێژوکارێ
دەڕێم دایم بە دایم
دەوی بە پێکەنین و
وەڵاڵا دەڕێم تیلاکەی خوارە
زولفی سۆری بە خەنە
ئەوجا بابە دەڕێم
دیسان دەڕێم قەرەچووغ لەمن بەدارە بەنە
ئاوا دەبۆوە دوو چاوی بەرەک
دەڕێم زولفی سۆری بەخەنە
سەبارەتێ بە دوو چاوی بەرەک و
گەردەنی زەردی بە خاری
خۆی لەمن شین با بەو پایزی
سەرێ چەند سارە
بەخوای لەمن بوویتەوە مەفتەنە.

-38-

ئەدی نەم دەگۆ ساماڕە
لۆبێ لۆت هێنێم باریکی بێپەرە
دەڕێم ساماڕە ساماری شینە
دەمگۆتە گەلی دۆست و براو برادەران
دەبا بچینە سەر زورگی
چاوگ و کەونە بەنان
زەینێ خۆ بدەینە زێیەکا بادینان
چەند شیرین پێدادێ
کەڕەکە لەگەر هوردە گەمینان
ئەڕێ برام ئەنگۆ نازانن
گەلە عاشق بریندارن
بە شیران و بە تیران
ئەمان کاکینگۆ بریندارە
بە دوو چاوی چاوکارێ
دایم بەدایم لە بریانم دێتن خیزاو خینان.

-39-

بابە دەڕێم ئەمن لەبە کەیفێ دڕێ خۆ
دری گەل و دۆست و براو برادەران
نازانم بە کێندەڕێدا هەر بڕێم
چاوەکەم دەڕێم بە مەزنایێ قەنتەڕێ
ئەمن دونێ دانی سبەینێ
وەکی زەینی خۆم دەدا
دوو چاوی ڕەشکۆکەو
قەدو قامانا شیرین
چەند شیرین دەڕێسی ئارموش و کەتان
بەشلکەیێ ڕانی
فرمێسکان بەردەداتەوە
بەسەر ڕوومەتا سۆڕێ گور گوری
دەزانم دری گەلە گەلە بە غەمە
گەلە بە نازی خۆ دەلەنگێنی
لەسەر پانی قۆندەرێ
ئەوجا کێژ دەرێ
گەلە بە نازی
چاوی ڕەشی هەر دەینی
دەرێ حەیران دەوەرە
لەبۆ خۆ غەمان هەر مەگرە
چ بەخەم و خەیارێ
ئەوێ دنیایێ پێک نایێ
لەبۆ خۆ بە دەستەکی
بترازێنە کلیلی سنجاقان
بەوی دی بگرە جۆتە شەمامە شەمامان
هەر مژە خارێ گەردەنان
بۆنکە گەرێ خەناوکەو مۆری و مەرجانان
ئەمن دەڕێم دەرۆیشم
لەبەر کەیفا درا توو نەبی
قەت ناکەم نەزەرێ.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/11/28 ژمارە (5881)
خەبات

بیتەر بروک

چۆن تێکستە شانۆییەکانی خۆی هەڵدەبژێری؟



حەیدەر عەبدولڕەحمان

خۆ ئەگەرچی بیتەر بروک لەدایک و باوکێکی رووسی لەلەندەن لەدایک بووە، دواتر سەریان هەڵگرتووە بۆ فەرەنسا و لەئینگلتەرا جێگیر بووە، زۆرترین کارە شانۆییەکانی لەوێ ئەنجام داوە، تا لەئەنجامدا بۆتە یەکێک لەدیارترین دیاردەکانی شانۆ لەجیهاندا، بەهۆی کارە شانۆیی و سینەماییەکانی وەک لیر پاشا، فاوست، ماراساد، مها بارتا، هاملێت، کارمن، کۆنگرەی بالندەکان، و چەندینی تر ..

زۆر لە ڕەخنەگرەکان پێیان وایە نهێنی هەرە گەورەی داهێنانی بیتەر بروک لەوە دایە، شانۆکارێکی بوێرەو زۆر ئازایانە ڕووبەڕووی کۆتوپێوەندە تەقلیدییەکان بۆتەوە، هەرتەنها هەوڵی گۆڕینی وێنەی نمایشی شانۆیی نەداوە، بەڵکو شێوەی نوێی شانۆییشی بەرەو ڕەوتێک بردووە کە ئەو بڕوای پێ هەیە، بەتایبەت لەڕووی هەڵوەشاندنەوەی ئەو دیوارە وەهمییەی کە دەکەوێتە نێوان ئەکتەرو جەماوەر ..بۆیە خۆی دەربارەی سەرەتاکانی کار کردنی لەبواری دەرهێناندا دەدوێ و دەڵێت:

لەو کاتانەدا زۆر جاران بیرۆکەیەکی زۆشنبیریی ئەوتۆم نەبوو، تەنها ڕەچاوی بوونی غەریزەیەکی تایبەتیم دەکرد بۆ دروست کردنی چەند وێنەیەک کە سرنج ڕابکێشی، تەنها ئارەزوویەکم ئەوەبوو کە جیهانێکی هاوسەنگی ئەوتۆ لەسەر شانۆدا دروست بکەم کە پڕ بێت لە سەرنج ڕاکێشان.

من لەکاری شانۆییدا هەرگیز ئەوەم نەکردووە کە خەڵکی لە دەرهێنەرێکدا چاوەڕوانی دەکەن، قەت ڕوژێ لە ڕۆژان بیرم لەوە نەکردۆتەوە شانۆگەرییەک دروست بکەم بۆ چەند دەورێک، کە شانۆکارێک ڕۆڵی تیا ببینێ یاخود لە پێناو پرسێکی ڕۆشنبیریی، هەمیشە هەوڵ دەدەم درک بەهەست و ناخی خۆم بکەم

جێگەی ڕامان بوو کە بیتەر بروک لە کاری شانۆیی خۆیدا بایەخێکی زۆری بە ئەفریقیا دەدا، ئەوەتا ساڵی 1972لە گەڵ تیپەکەی خۆی زۆر لە شارو شارۆچکەکانی ئەفریقیای بەسەر کردەوەو کارەکانی خۆی تێدا پێشکەش کرد، لەوێدا کاری دەرهێنانی بۆ چەندین شانۆگەری کردووە، لەوانە هەردوو شانۆگەری (ئای کی) و شانۆگەری (کۆنگرەی بالندەکان) هەروەها لەگەشتەکانی دوایی بۆ ئەفریقیا شانۆگەری (تیرنی بوکار) ی گەورە نووسەری مالی (ئادۆ)ی نمایش کرد، تێیدا باس لەژیانی زانای سوفی (تیرنی بۆکار) دەکات کە پێشڕەوایەتی بزووتنەوەیەکی نهێنی ئیسلامی کردووە لە مالی ..دواتر لەو پێناوەدا ئازار دەدرێ و شەهید دەکرێت.

وەک بیتەر بروک ـ بۆی چووە، شانۆگەری تیرنی بوکار ژتیشکێکی نوێ دەخاتە سەر شێوازەکانی توندو تیژی و لێبوردەیی، کە ئەمڕۆکە بۆتە هەمێکی گەورەی جیهانیی

ئەوەتا (میخائیل بنتختۆن) لەڕۆژنامەی گاردیان-ی لەنەدەنی دەڵێت: ئەو شانۆگەرییە هەندێ پرسیاری وروژاندووە کە هیچ کۆتاییەکییان بۆ نیە، لەڕووی مانای بوون و ململانێ ی ئازاد و لەڕووی قەزاو قەدەر، هەروەها شانۆگەرییەکە ململانێ ی بەها ئەفریقییە ئیسلامییەکان نیشان دەدات لەگەڵ شارستانیەتی ڕۆژئاوا، بیتەر بروک ـ لە شانۆگەرییەکەی دا بانگهێشتەی ئەوە دەکات کە پەنا بۆ تێگەیشتن و ڕۆحی لێبوورەیی هاوکوف لەگەڵ سەردەمی نوێ دا ببردێت نەک توندو تیژی.

ڕەخنەگرەکان دەڵێن: بروک هەڵسوو کەوتێکی ئازادانەی لەگەڵ دەقدا ککردووە، هەرگیز خۆی بەپیرۆزی دەق نەبەستۆتەوە، وەک ئەو هەڵسوو کەوتە ئازادانەی لەگەڵ شانۆگەرییانەی شکسپیر بیندراوە ،هەمیشە تێڕوانینێکی ڕەخنەییانەی بۆ دەقە کلاسیکی و نوێکاندا هەبووە، بەڵکو هەوڵی داوە ساکاری لە بیرۆکەکان و پاکیزەیی لە ژیاندا بەرجەست بکات، ئەو خۆی دەڵێت: هەقیقەتێک لە تۆو هەقیقەتێک لە من و هەقیقەتێکیش لە هەقیقەت خۆی دایە، ئەمە لای من ئەوەیە کە پێی دەگوترێت شانۆی پیرۆز ..

(مارگرێت کۆربدن) لەگۆڤاری شانۆی ئەمریکی دا دیمانەیەکی لەگەڵ (بیتەر بروک) بڵاوکردۆتەوە، لە پرسیارێکا کە پێی دەڵێ :چی وای لێکردوی ئەو بایەخە زۆرە بەئەفریقیا بدەیت ؟ لە وەڵامدا دەڵێت: کێشوەری ئەفرقیا بەبەراورد لەگەڵ کێشوەرەکانی تر، کێشوەرێکی کەم مەعریفەیە، هەرگیز ئەو کاریگەربوونەم بە



ئەفریقیا لە سەردانی یەکەمم بۆی لەبیر ناچێتەوە، سەردانی پاشام کرد لە کۆشکەکەی خۆیدا، کە بریتی بوو لەکوخێکی لە قوڕ دروست کراو، دەرگاکەی ئەوەندە نەوی بوو دەبوا خۆتی بۆ دابێنیتەوە، مەبەست لەمەدا پەرپوتی بونیات نان نەبوو بەڵکو بەشێک بوو لە کولتووری ئەوان.

کاتێکیش (مارگرێت) لێی دەپرسێت ئەگەر پێت بڵێن شێوازی دەرهێنان لای تۆ چۆنە چییان پێ دەڵێیت؟ بروک وەڵام دەداتەوە دەڵێت: بێ ماناترین شتێ بۆ دەرهێنەر یا ئەکتەرو دیزاینی کار، یاخود موزیک ژەنی شانۆیی، بەشتێ دەست پێ بکات ناوی وۆرک شۆپێکمان لەشاری(فاس) لە مەغریب کردەوە، بەم شێوەیە ئێمە توانیمان زەمینە بۆ شانۆگەرییەک خۆش بکەین.

دواتر (مارگرێت) لێی دەپرسێ :بەو تەمەنەش هەر مکوڕی لەسەر گەڕان بە دوای نهێنی تر لە شانۆدا ؟ بیتەر بروک دەڵێت: تەمەنی من شتێکی نهێنی نیە، بەڵام من وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارانە نادەمەوە، من لەئێستادا دەژیم، ئا لەم چرکەیەدا، ئێستا دەرهێنان بۆ ئەم شانۆگەرییە دەکەم، من بە دوای شتی شاراوەدا دەگەڕێم، ڕەنگە بۆ شەش مانگی تر شتی ترم بەڕێوە بێت، بەڵام هێشتا کاتی قسە لەسەر کردنی نەهاتووە.

بیتەر بروک چۆن تێکستە شانۆییەکانی خۆی هەڵدەبژێری؟

بیتەر بروک یەکێ لەو دەرهێنەرە بەدەگمەنە جیهانییانەیە کە شاکارەکانی جۆرێک لەجیاوازی و تایبەتمەندی خۆی تێدایە لەگەڵ دەرهێنەرانی دیکەدا، وێرای قورسایی تیۆرە شانۆییەکانی و تێڕوانینە تازەگەرییەکانی بۆ شانۆ، کە لەتوێ ی چەندین کتێبدا بڵاوبونەتەوە، لەوانەش (خاڵی گواستنەوە، شۆێنی خاری، هیچ نهێنییەک لە ئارادا نیە، وێرای چەندین کتێب و وتارو نووسینی دیکەو دیمانەی ڕۆژنامەنووسی کە تیشکییان خستۆتە سەر تێڕوانین و شێوازی تایبەتی بروک و ئەزموونیی شانۆیی ئەو.

مارتن ئەسلن ـ ی ڕەخنەگر دەڵێت: هەموو ئەو کتێب و تیۆرو ئەزموونانەی بروک بۆ شانۆ، بێ شک ڕووداوێکی پڕ بەها بوونە، کە دەرهێنەرو شانۆکارانی دیکە بەدوای ئەوەدا گەڕاون کە سوود لەو ئەزموونانە وەربگرن بۆ کارەکانی خۆیان و تێگەیشتنیان بۆ شانۆ، لەو ڕوانگەیەشەوە ئەو دەرهێنەرانە بەدوای وەڵامی پرسیارێکدا گەڕاون ئەویش ئەوەیە ئاخۆ (بیتەر بروک) چۆن تێکستی بۆ شانۆگەرییەکانی خۆی هەڵبژاردووە، ئەو فاکتەرانە چین وایان لە بروک کردووە، بڕوای بەم تێکست و بڕوا نەبوونی بەوەی تری لەسەر بونیات نابێت، بەڵای بروکەوە کامە تێکست شایەنی ئەوەیە کاری لە سەر بکرێت، یان تێکست بەڵای ئەوەوە چ پێگەیەکی هەبووە لە کاری شانۆیی دا؟

بێگومان بەشێک لە فاکتەرەکانی ئەو هەڵبژارنە پەیوەستن بە خودی دەرهێنەرێک و نیگەرانیە ئایدۆلۆژیەکانی، هەڵوێست و بۆچوونی دەربارەی هەندێ پرسی مرۆیی، یا خواستی خەڵک و ئەو هەلو مەرجەی کە تێیدا شانۆ دەبێتە ڕەنگدانەوەو وەڵامی پرسیارەکانی سەردەم و بەرەژانەکانی، وێرای ئەو بونیاتە ڕۆشنبیریی و هزرییەی کە دەرهێنەر پەیدای کردووە بۆ شانۆ، ڕەنگە ئەو دوو فاکتەرە کلیلێک بن بۆ چوونە ناو دنیای خەیاڵی دەرهێنەرو ئاراستە شانۆییەکانی، بیتەر بروکیش خۆی ئەو پرسیارە دەکات و دەڵێت : چۆن تێکست بۆ شانۆگەرییەکانمان هەڵدەبژێرین ؟ ئایا بە ڕێکەوت هەڵیان دەبژێرین یان بە بژار؟

دواتر بروک خۆی باس لەو هۆکارانە دەکات کە وایان کردووە بۆ چەند جارێک لەسەر یەک تێستەکانی شکسپیر هەڵبژێرێ و دەیانگەڕێنتەوە بۆ غەریزەی یەکەمی چمک بێت، چونکە دەبێت تۆ هەمیشە بە دوای شتێکا بگەڕێیت کە زۆر واقیعی تر بێت لە ناوەڕۆک، سەقامگیر بوون لەسەر گەڕانداندا دەوەستێت، ئەوەتا پێش ساڵێک لەگەڵ یەکەم پرۆڤەدا، وۆرک شۆپێکمان لە شاری ئیفجنون ساز کرد، کە زۆرترین ستافی نواندن بەشداریان تێدا کرد، هەمووان یەکەم هێڵکاری شانۆگەرییەکەمان خۆیندەوەو موزیکمان بەلاوە نا، ئەم هەوڵەمان یەکەم هەنگاو بوو بۆ چوونە ناو کارەکە، دواتر هەموومان لەگەڵ بەڕسی موزیک و بەڕسی ڕووناکی چووینە ئەفریقیا، بە (مایدا) تێپەڕین تا چووینە ئەو شوێنەی (تیرنی) بۆ کار تێیدا لە دایک بوو، تێیدا مالئاوایی کردبوو،لەوێ کۆمەڵێ وێنەو فیلمی شوێنەکەمان گرت، کە پرۆژەشمان دەست پێکرد، زەوی بەردین و زەوی لمارییمان تاقی کردەوە، دوای ئەوە لەگەڵ تیپەکەمان



دەرهێنەر، دواتر دەڵێت: من حەز دەکەم ئەو تێکستە هەڵبژێرم، بەڵام دەشپرسم بۆ حەز دەکەم؟ لە بەرچی؟

بەم شێوەیە (بروک) باس لە سەرەتاکانی دروست بوونی بیرۆکەی هەڵبژاردنی تێکست دەکات ، هەروا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئاستی تێکستی ئەدەبی کاریگەری هەیە لەسەر بڕیاری دەرهێنەر، هەندێ جار ئاستی ئەو تێکستە ئەدەبییە، دەبیتە فاکتەرێکی هەرە گرنگی سەرکەوتنی دەرهێنەرێک، هەندێ جاریش تێکستی ئاست نزم دەرهێنەری باشیش دەڕوخێنێ? ئەوەتا هەندێ تێکستی دریژ ساردن و بینەر دووچاری مەیین دەکەن، دەیانقرتێنین، کەچی هێشتا رزگارمان نابێت لەو ساردییە، بۆیە وەک بروک گوتەنی لەو حاڵەتانەدا دەبێت دەرهێنەر بەدوای فۆرمێکدا بگەڕێت کە بۆشاییەکانی تێکست پڕ کاتەوەو بەجوانیی خۆی ببینە لە سارد بوونەوە رزگار بکات.

بۆیە بروک دەڵێت: دەبێ دەرهێنەر وریا بێت لە سارد بوونەوەی بینەر، چونکە کاری بینەر دیقەت دانەو ناتوانێت سێ سەعات، یان دوو سەعات گوێت لێ بگرێ تۆ دەبێ ئەو سێ سەعات و دوو سەعاتەی بۆ بکەیت بەسێ خولەک و خۆت لە تێکستی پڕ لە قسە رزگار بکەیت، بۆیە بە بڕوای بروک دەرهێنەر مافی ئەوەی هەیە تێکست بقرتێنێ بەو شێوەیەی کە لە قازانجی شانۆگەرییەکەی وایە و ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ بەرجەستە کردنی ئەوەی دەرهێنەر دەیخوازێ، تەنانەت (بروک) لای ئەو تیۆرەشی ڕەت کردۆتەوە کە دەڵێ کاری تێکست نەکرێت، لەوانەش شانۆگەرییەکانی شکسپیر و ئەو کارەش بە (سەخافەت) ناو دەبات و دەڵێت : من هەرگیز لە گەڵ ڕێگە گرتن لە نوێکردنەوەی حەوشەکەیان بۆن خۆشترین گوڵە باخی تیا بوو. لە نێوەڕووداند ئەو کاتانەی خەڵک پشوو دەدەن و سەرخەوێک لە ڕۆژانی هاوین دەشکێنێ هەر دەرفەتێکم دەست بکەوتایە دەڕێشتم گوڵە باخێکم دەدزی و دەمکردە دیاری بۆ نیان. سەربوردە ئەو ڕۆژە لەو شوێنەدا ئەوەندە بەلامەوە سەیر بوو سەرسامی کرد بوو، هەر دەگەڕام هەموو گرد و شاخ و نشێوی ئەو شوێنەم دەناسی، بەرد و خۆڵ و ئاو و داری ئەو جێگەیەم دەناسی. نەمدەزانی چۆن منی نامۆ نەشارەزا ئەم شوێنە لە بیرکردنەوەم تۆمارکراوە. خۆز لە زەردەپەڕە کارەکانی شکسپیردا نیم ، بەڵام بێ ئەوەی ناوەڕۆکە ڕەسەنەکەی بسوتێنێن، ئەو خۆی لەهەڵسوو کەوت کردنی لەگەڵ شانۆگەرییەکانی شکسپیردا هەموو ئازادییەکی بەخۆی داوە، پاشان دەڵێت : کاتێ ئێمە تێکستێک هەڵدەبژێرین دەبێ ئەو ئەکتەرانەمان هەبێت دەسەڵاتی بەرجەستە کردنی پاڵەوانەکانی ئەو تێکستەیان هەبێت، هەر بۆ نموونەش کە دەتەوێت هاملێت نمایش بکەیت، ئەوە دەبێت ئەو ئەکتەرەت هەبێ کە توانای ئەدای هاملیتی هەبێت ..ئەگەرنا ئەگەر بۆ چەندین ساڵ پرۆژەیەکت لەخەیاڵدا بێت ئەوە ناتوانیت لە جێ بەجێ کردنی دا سەرکەوتوو بیت ئەگەر ئامرازەکانی جێ بەجێ کردنت نەبێ بۆ بەرجەستە کردنی ئەوەی تۆ وەک دەرهێنەر ئاواتی بۆ دەخوازی، بەتایبەت ئەکتەر، ئەگەر ئەو تیمە جێ بەجێ کارە بەردەست بوون ئەو کات دەرهێنەر هەموو ئازادییەکی ڕەهای خۆی، بۆ بەرهەمی شانۆیی بەردەست دەبێت لەکاتی بڕیاردان لەسەر کار کردن لەسەر تێکستێک بروک دانیشتنی دەرهێنەر لەگەڵ ئەکتەرەکان بۆ خوێندنەوەی تێکست ڕەت دەکاتەوەو دەڵێت : دەبێ ئەو ئامانجەی ئێمە کاری بۆ دەکەین ئاوێتەی هەموو گیانمان بێت، بەتایبەت لە کاتی پرۆژە جەستەیی و دەنگییەکان، هەوڵیش بدەین تێڕوانینی خۆمان وەک دەرهێنەر لەنێو تێکستەکەدا بتاوێنینەوە ..چۆن بروک ئامادەیی دەکات بۆ کارەکانی ، بەڵام لەهەمان کاتدا پێی وایە کە دەرهێنەر دەست لە و قالبانە هەڵگرێ و خۆی نەکاتە کۆیلەی ئەو نەخشەو قالبە بۆ کێشراوانەو ببێت بە دەرهێنەرێکی مردوو کە ئازادی لە خۆی زەوت بکات لەپێناو پەیوەست بوون بەو قالبانەوە.

ڕۆژێک لە زەمەنێکی تردا....



ئەسعەد عەزیز محەمەد

گەیشتمە ئەو شوێنەی زەمەن تاساندمی، نەمدەزانی لەکام زەمەندام ؟ یادەوەرییەکانم ئەو یادەوەرییانەی بەبیرمدا دێنەوە، یادەوەری تۆز لێنیشتووی زەمەنی ڕابردوون یاخود یادەوەری زەمەنی داهاتوون. لەوەتی ئەم ڕچە ڕێیەم گرتۆتە بەر، نازانم بۆچی وام بەسەرهاتووە، لەوەتی هاتومەتە ئێرە بیرەوەری ئەم ناوچەیە بەتەواوەتی لە بیرمدا تۆمارکراوە وەک کەسێک چەندین ساڵ لێرەدا نیشتەجێ بوو بێت و خەڵکی ئەم شوێنە بێت بەڵام لەڕاستیدا ئەمە یەکەمجارە ڕوو بکەمە ئەم دەڤەرە و ئەم ڕێگایە ببینم، پێش ئەوەی بگەمە سەر گردەکە دەمزانی ڕێگاکە بەناو دۆڵەکەدا شۆڕ دەبێتەوە ئەوەشم دەزانی لەسەر ئەو ڕێگایە و لەناو دۆڵەکەدا دارتوویەکی زۆر گەورە و کانیاوێکی ئاوی سازگار هەیە.

هەندێ بیرەوەری سەیر بە تەزووی بیرکردنەوەم تێدەپەڕن کە گوایە من و کێچێکی جوانکیلە و نەشمیل ناوی (نیان) بووە پەیوەندی خۆشەویستیم لەگەڵیدا هەبووە، سێبەری ئەو دارتووە ژووانی ئەوینی هەردووکمان بووە، لە گەرمای هاویندا لەژێر ئەو دارەدا یەکمان بینیوە، لە ئاوی ئەو کانیادا ئاومان خواردووە و شەڕە ئاومان کردووە، بەڵام هەرچەند دەکەم و گوشار دەخەمە سەر بیرکردنەوەم هەرگیز ئەوەم بەبیردا نایەتەوە هیچ کەسم ناسی بێت ناوی (نیان) بێت. کەچی لاپەڕەی یاداشتەکانی بیرکردنەوەم جەخت لەسەر ئەوە دەکات من و نیان دوو عاشقی سەرسەختی یەکتری بووین. زەمەنێکی زۆر عەودالی یەکتر بووین.هەنگاو بە هەنگاو دەهاتمە ناو دۆڵەکە یادەوەری زیاترم بەیاد دەهاتەوە. گەیشتمە لای ئەو شوێنەی کە دەبوایە دار تووبیەک و کانیاوێکی لێبووایە. دارێکی وشکی لێ بوو، چاڵێکیش بەوە دەچوو شوێن کانی بوو بێت. بۆ چەند چرکەیەک ڕاوەستام و هەندێ بەسەرهاتم بیرکەوتەوە، ڕۆژێکی من ونیان پێکەوە دانیشتبووین لە ناکاو ئەوەی درکاند باوکی بەڵێنی داوەتە ئامۆزاکەی نیان شووی پێبکات، ئەو ساتە دونیای ڕووناکم لێ تاریکبوو، هەنگاوبەهەنگاو بەرەو ئەو شوێنە دەڕۆیشتین لە تۆماری بیرەوەرییەکانم نەخشەی گوندەکە بوو، گەیشتینە زەویەکی تەخت بەڵام لە بەڵگەی بیرەوەرییەکانمدا ئەوجێگەیە مالی مامە شاسوار بوو ئەو پیرە میردەی بە شمشاڵەکەی خۆشترین ئاوازی لێدەدا، ئاوازی شمشاڵەکەی مامە شاسوار زۆر غەمگین بوو هەرچی حوزن و حەسرەتی ئەو دونیایە هەبوو، لەناخی پەنگخواردووی شاسواردا بە ئاوازی زۆر خەمبار دەیچڕی، هیچ کات ئەو پیرە میردە بەسالاچووە ڕازی ناخی خۆی نەدەدرکاند بەڵام لەگەڵ هەوای ناو دەروونی پڕ لەجۆش و هەوای ژینگەی دەوروبەری خۆشترین ئاوازی لە ناخ دەردەچوو. خەڵکی گوندەکە ئەوەی دەگێڕایەوە شاسوار لە تەمەنی گەنجیدا حەزی لە کچێک دەکرد دوای چەند ساڵێک نیتر مالی باوکی کچە ڕازی بوون کچە شووی پێبکات لە ڕۆژی زەماوەندی خۆی و کچەکە بەهۆی تەقەکردنی خۆشی، کچە فیشەکێک بەر دڵی کەوت هەر لەو جێگایە کۆچی دوای کرد. ئیتر لەو کاتەوە مامە شاسوار بڕیاریدا هیچ کاتێک ژن نەهێنێت و خویداوە شمشاڵ لێدان، هیچ مالێک لەو شوێنە نەبوو ئەوە بەتەنها سەربوردەییەک بوو لە بیر و هزری منداا. چەند خولەکێک ڕێمکرد دوایی گەیشتم مالی مەلا عەلی یان ڕاستر بڵێم شوێن خانوەکەی مالی مەلا عەلی چونکە هیچ خانوییەک لەو دەشتاییە بوونی نەبوو. مالی نیان بە تەنیشت مالی مەلاعەلییەوە بوو، لەبەر ئەوە هەموو کاتێک هەر کەس کارێکی بە مەلا عەلی هەبوایە یەکسەر من دەڕۆیشتم دەمویست لەوێوەچاوم بە نیان بکەوێت. بناغەی خانوە ڕوخاوەکەی مالی باوکی نیانم بینی. هەرچەندە خانوەکە زۆر ساده و ساکار بوو بەڵام بەبۆنەی نیانەوە وا هەستم دەکرد ئەو خانوە خۆشترین خانوە. لەو ناوچەیەدا کەوتمە گەڕان بەدوای سەرێکی ئەو چیرۆکەم چنگ بکەوێت کە من دەبەستێتە جێگەیەکەوە هەرگیز نەمبینیوە. لەو سەری دێیەیە بەڕووی خۆر ئاواوە و گۆڕستانەکەم بینی ئەو ڕۆژە شوومەم بەبیرهاتەوە تەمەنم حەوت ساڵان بوو باوکم کۆچی دوایی کرد، ئەو هەستەی ئەو کاتە بۆ مردنی باوکم هەمبوو، بڕوام وابوو بەمردنی باوکم زۆر بێکەسم . چەندین ساڵ دوای ئەو ڕۆژە هەمان هەستم لە بیرو هۆشمدا ڕەنگیدەدایەوە. ماوەیەکی تر گەڕام لە گۆڕەپانەکەی نزیک ئاشەکەی ساڵەح ئەوەم بە بیردا دەهاتەوە یارێان دەکرد لەناو یاریەکەدا من کەوتم و قۆڵم شکا ئەوەشم لەیاد مابوو ماوەی چەندین ڕۆژ قۆڵم بەملەوە هەڵواسرابوو. ئەو شوێنە ئەوندە پێیەوە گرێدرابووم نەمدەتوانی بەجێبهێڵم، ناو چەمەکە مالی پورە فاتمی لێ بوو ئەو ژنەی باخچەی



حەوشەکەیان بۆن خۆشترین گوڵە باخی تیا بوو. لە نێوەڕووداند ئەو کاتانەی خەڵک پشوو دەدەن و سەرخەوێک لە ڕۆژانی هاوین دەشکێنێ هەر دەرفەتێکم دەست بکەوتایە دەڕێشتم گوڵە باخێکم دەدزی و دەمکردە دیاری بۆ نیان. سەربوردە ئەو ڕۆژە لەو شوێنەدا ئەوەندە بەلامەوە سەیر بوو سەرسامی کرد بوو، هەر دەگەڕام هەموو گرد و شاخ و نشێوی ئەو شوێنەم دەناسی، بەرد و خۆڵ و ئاو و داری ئەو جێگەیەم دەناسی. نەمدەزانی چۆن منی نامۆ نەشارەزا ئەم شوێنە لە بیرکردنەوەم تۆمارکراوە. خۆز لە زەردەپەڕە کارەکانی شکسپیردا نیم ، بەڵام بێ ئەوەی ناوەڕۆکە ڕەسەنەکەی بسوتێنێن، ئەو خۆی لەهەڵسوو کەوت کردنی لەگەڵ شانۆگەرییەکانی شکسپیردا هەموو ئازادییەکی بەخۆی داوە، پاشان دەڵێت : کاتێ ئێمە تێکستێک هەڵدەبژێرین دەبێ ئەو ئەکتەرانەمان هەبێت دەسەڵاتی بەرجەستە کردنی پاڵەوانەکانی ئەو تێکستەیان هەبێت، هەر بۆ نموونەش کە دەتەوێت هاملێت نمایش بکەیت، ئەوە دەبێت ئەو ئەکتەرەت هەبێ کە توانای ئەدای هاملیتی هەبێت ..ئەگەرنا ئەگەر بۆ چەندین ساڵ پرۆژەیەکت لەخەیاڵدا بێت ئەوە ناتوانیت لە جێ بەجێ کردنی دا سەرکەوتوو بیت ئەگەر ئامرازەکانی جێ بەجێ کردنت نەبێ بۆ بەرجەستە کردنی ئەوەی تۆ وەک دەرهێنەر ئاواتی بۆ دەخوازی، بەتایبەت ئەکتەر، ئەگەر ئەو تیمە جێ بەجێ کارە بەردەست بوون ئەو کات دەرهێنەر هەموو ئازادییەکی ڕەهای خۆی، بۆ بەرهەمی شانۆیی بەردەست دەبێت لەکاتی بڕیاردان لەسەر کار کردن لەسەر تێکستێک بروک دانیشتنی دەرهێنەر لەگەڵ ئەکتەرەکان بۆ خوێندنەوەی تێکست ڕەت دەکاتەوەو دەڵێت : دەبێ ئەو ئامانجەی ئێمە کاری بۆ دەکەین ئاوێتەی هەموو گیانمان بێت، بەتایبەت لە کاتی پرۆژە جەستەیی و دەنگییەکان، هەوڵیش بدەین تێڕوانینی خۆمان وەک دەرهێنەر لەنێو تێکستەکەدا بتاوێنینەوە ..چۆن بروک ئامادەیی دەکات بۆ کارەکانی ، بەڵام لەهەمان کاتدا پێی وایە کە دەرهێنەر دەست لە و قالبانە هەڵگرێ و خۆی نەکاتە کۆیلەی ئەو نەخشەو قالبە بۆ کێشراوانەو ببێت بە دەرهێنەرێکی مردوو کە ئازادی لە خۆی زەوت بکات لەپێناو پەیوەست بوون بەو قالبانەوە.

بوو پیرەمێردێک لەگەڵ ڕانە مەڕەکەی لەوێوە تێپەڕین سڵاوم لێکرد. ئەوەم بەبیردا هاتەوە من بە هۆی ئەوەوە کە ئۆتۆمبیلەکەم پەکی کەوتبوو و بەنزینی تیا نەمابوو هاتبوومە ئەم ناوچەیە، پرسیاری بەنزینم لێکرد گوتی وەرە لەگەڵم بۆ ناو دێیەکە لە ماڵەوە چەند لیترێک بەنزینت دەدەمێ تا دەتگەیەنێتە ناو شار. ئیتر لە ڕێگادا چەند جارێک ئاوڕی لێدامەوە گوتی:- " تۆ سیمات کەسێکی نامۆ نیە، هەست دەکەم زۆر لێمەوە نزیکی !!" لەڕێگادا باسی ئەوەی بۆم کرد ئەو شوێنەی لێی بووم ئەوە ئاسەواری کۆنی دێیەکەیە و لە کارەساتی ئەنفالدا تەختکرا و خەڵکەکەش لەو کارەساتە لەناوچوون. دوای ئەوەی بەنزینم هێنا ، ئۆتۆمبیلەکەم لێخوڕی، تاریکی خێمەی هەڵدابوو لایتی ئۆتۆمبیلەکەم پێکرد، لە تاریکستانی یادەوەرییەکانیشم بۆ ئەوە دەگەڕام چی شتێکە من بەو شوێنەوە گرێدەدات، یادەوەرییەکانی ڕابردووە کە ڕووینەداوە یاخود یادەوەری ئاینەدەیە کە هێشتا نەهاتۆتە دی، یان بەتەنها چیرۆکێکە لەبیری منداا دروست بووە، هەر کام لەمانە بێت ڕۆژێکبوو لە زەمانێکی تردا.



پارێزگاری هەولێر پێشوازی لە لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان دەکات

دوێنێ چوارشەممە 2019/11/27 د. فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر لە دیوانی پارێزگا پێشوازیکرد لە سەلاح حەسەن خەسرۆ سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەری کە پێکهاتبوو لە ئەندامانی دەستەی کارگێڕی لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێم.شاندی میوان وێرای گەیاندنی پەیامی پیرۆزبایی لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان و وەرزشکاران بە بۆنەی دەستبەکاربوونی پارێزگاری هەولێر، هیوایان خواست هەماهەنگی و هاوکاری نێوان پارێزگای هەولێر و لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان پتەوتربکرێ و بەردەوامی هەبێت. لەلایەن خۆیەوە پارێزگاری هەولێر سوپاسی کردن و دڵنیای کردنەوە کە بە هەموو شێوەیک پاڵپشت و هاوکاریان دەبێت.

ئەمڕۆ لە خولی نایابی کوردستان
هەولێر ژمارەیەک رووبەڕووبوونەوەی گرنگ بەخۆیەوە دەبینێت



پێشمەرگەی سلێمانی و نەورۆزیش لە دێربی سلێمانی بەیەک دەگەن

کارزان کانەبی

لە درێژەی یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بڕیارە ئەمڕۆ پێنج شەممە لەمیانی یارییەکانی هەفتەی شەشەمی خولەکە شەش یاری گرنگ و بەهێز بەڕێوەدەچێت، لە هەولێری پایتەخت، یانەی هەندرێن لە سەر یاریگای و بەردەم هاندەرانی یانەکەی لە بەهێزترین دێربی پایتەخت میوانداری یانەی هەولێر دەکات، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی یانەی هەندرێن ئەرکیان زەحمەتە کاتێک دەیانەوێ بە دوای یەکەم سەرکەوتن بگەڕێن لەدوای پێنج گەڕ لە خولەکە، هەولێریش بە ریتمی سەرکەوتن و هەنگاونان بەرەو لووتکە ئەم یارییە ئەنجام دەدات، سەرکەوتن لەم یارییەش بۆ هەردوو یانە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەندرێن بە هەر نرخێک بێت دەیەوێت یەکەم سێ خاڵ بکاتە دیاری هاندەرانی تیپەکەی، لەلایەکی دیکەوە یانەی برایەتی پێشەنگی یانەکانی کوردستان لەسەر یاریگای خۆی لە یارییەکی بەهێزدا میواندارى یانەی زێرەڤانی شاری دهۆک دەکات، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی فاتیح حەمەخانی راهێنەر مەشقی تۆکمەیان کردوە بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوامی بدەن بە ئەنجامە باشەکانیان، یانەی زێرەڤانیش چاوی لە ئەنجامی گرنگە بۆ ئەم یارییە، هەرچەندە ئەرکی زێرەڤانی زەحمەتە، هەردوو راهێنەرانی یانەکەش پنی تۆکمەیان داناوە بۆ ئەوەی یاری لوتکە لە بەرژەوەندی خۆیان کۆتایی پێبهێنن، یانەی پێشمەرگەی هەولێریش لەسەر یاریگای خۆی لە پیرمام میواندارى یانەی دەربەندیخانی بریندارەکات، پێشمەرگەی هەولێر بە پلانەکانی سەمیربابۆی راهێنەر چاوەیان لەوەیە یارییە بە سوودی خۆیان بە کۆتایی بێت، بۆ ئەم یارییەش مەشقی باشیان ئەنجامداوە و یاریزانەکانیش لەوپەری ئامادەباشیدان، دەربەندیخانیش کە لە پێنج یاری رابردوو ئەنجامەکانی وەکو پێویست بووە، چاوی لەوەیە لە دەرگای یانەی پێشمەرگەوە یانەکەی بە سەرکەوتن ئاشت بکاتەوە بەردەوامی بدات بە ئەنجامە باشەکانی و قەرەبووی شکستی هەفتەی رابردووش بکاتەوە و سێ خاڵیش بکاتە دیاری هاندەرانی ئەم یارییەش یەکێکە لە یارییە بەهێزەکانی ئەم هەفتەیە، لە شاری زاخۆش یانەی سۆران دەبێتە میوانی یانەی زاخۆ بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە لەوپەری ئامادەباشیدان و ئەنجامەکانیان لەم وەرزە بە دڵی هاندەرانی یانەکانیانە، بۆیە هەردوو یانە بە ئامانجی بەدەستهێنانی سێ خاڵ دێنە نێویاریگا سێ خاڵ یارییەکەش هەردوو یانە زیاتر لە خانەکانی پێشەوەی ریزبەندی یانەکان نزیک دەکاتەوە، لە شاری سلێمانیش لە دێربی ئەو شارە هەردوو یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و نەورۆز رووبەڕووی یەکتری دەبنەوە بۆ ئەم یارییە هەردوو یانە چاویان لە بەدەستهێنانی یەکەم سێ خاڵە، لە پێنج گەڕی رابردوو هەردوو یانە تامی سەرکەوتنیان نەکردوە و هەردوو راهێنەرە تازەی یانەکەش دەیانەوێ دێربی پایتەختی رۆشنبیری لەبەرژەوەندی خۆیان بە کۆتای بهێنن، لە قەزای کەلاری گەرمیانیش هەردوو یانەی شێروانە و سیروانی نوێ بەیەک دەگەن، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە چاویان لەوەیە قەرەبووی هەفتەی رابردوویان بکەنەوە کەئەنجامیان وەکو پێویست نەبوو، شێروانە بۆ ئاشت کردنەوەی هاندەرانیان و بەدەستهێنانی یەکەم سێ خاڵ دێتە نێو یاریگا، سیروانی نوێش بە ئامانجی وەرگرتنەوەی پێشەنگی یانەکان دەجەنگێ،ئەم هەفتەیەش دهۆک چاوەڕوان دەبێ، سەرجەم یارییەکانیش لەکاتژمێر 2?30خولەکی دوای نیوەڕۆ بەڕێوە دەچێت.

-1برایەتی 11خاڵ
-2سیروانی نوێ 10خاڵ
-3سۆران 8خاڵ
-4هەولێر 8خاڵ

لە بارزان خولێکی تۆپی پێ بەڕێوەچوو

مسلم دزلەمەری-بارزان

لەدرێژەی کارو چالاکی وخزمەتکردنی بە تۆێژی لاوان، ناوەندی چالاکی وپێگەیاندنی لاوانی نزاری سەربەناوەندی بالای بارزان، بەئامادەبونی ژمارەیەک لەبەرپرس ونوێنەرانی ئیداری وحزبی وقوتابیان ومامۆستایان، لە یاریگای فریزی دەستکردنی نزار کۆتایی بەخولێکی تۆپی پێ هات.

شایانی باسە لەم خولە ژمارەیەک تیپی قوتابیانی ئامادەی تێیدا بەشداربیون کەلە ئەنجامدا هەردوو 11ی وێژەیی وتیپی 11ی زانستی گەیشتنە یاری کۆتای و پاش هەولێکی زۆر تیپی 11ی وێژەی توانی بە ئەنجامی 4گۆڵ بەرامبەر بە 3 گۆڵ یاریکۆتای لە تیپی 11ی زانستی بباتەوەو ببێتە پالەوانی خولەکە، لەکۆتاییشدا خەلات بەسەر سەرکەوتوانی خولەکەدا دابەشکرا.

عێراق هۆشداری دەداتە هەڵبژاردەکانی کەنداوی 24

هەڵبژاردەی عێراق لە یاری کردنەوەی جامی کەنداو کە ئێستا لە وڵاتی قەتەر بەڕێوەدەچێت، هۆشداریەکی بەهێزی دایە هەڵبژاردە بەشداربووەکان، کاتێک لە یاریی کردنەوەدا لە هەڵبژاردەی قەتەری میواندار و پاڵەوانی ئاسیای بردەوە بە ئەنجامی 2-1 گۆڵ. هەڵبژاردەی قەتەر کە پاڵێوراوێکی بەهێزی ئەو جامەیە، هیوا بڕاو نابێت و لە دوو یاریی داهاتوویدا بەرامبەر هەڵبژاردەکانی یەمەن و ئیمارات، دەتوانێت قەرەبووی ئەو دۆڕانەی بکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە هەڵبژاردەی ئیمارات بە ئەنجامی 3-0گۆڵ لەهەڵبژاردەی یەمەنی بردەوە و بەجیاوازی گۆڵ لە پێش عێراقەوە دێت لە پێشەنگی گرووپەکەیدا.



مارکینیۆس: پاریس دەستبەرداری نەیمار و مبابێ نابێت



یاریزانی بەرازیلی، مارکۆس ئاواس کۆڕیبا، کە بە مارکینیۆس ناسراوە، بەرگریکاری یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی، دووپاتی کردەوە، تیپەکەی دەستبەرداری نەیمار داسیلڤا و کیلیان مبابێ نابێت، ئاماژەی بەوەش کرد، تەنیا زێدان نییە، کە شەیدای مبابێتیە، بەڵکو هەموو هەر وان. مارکینیۆس، لە کۆنگرەی رۆژنامەوانی پێش یاری تیپەکەی بەرامبەر ریال مەدرید، لە خولی یانە پالەوانەکانی ئەوروپا گوتی: ئەستەمە بەبێ مبابێ، بیر لە ئایندەی پاریس سان جێرمان بکەیتەوە، چونکە یاریزانێکی گەورەیە، تەنیا زێدان نا، بەڵکو هەموو شەیدای ئەو یاریزانەن، کە زۆری پێتیە و نازناوی زۆریشی بەدەستهێناوە، هەروەها گوتی: کلیان، لە چاو تەمەنی خۆی، خاوەن بەهرەیەکی گەورەیە، تواناکانیشی لەگەڵ تیپەکە و هەڵبژاردەی فەرەنسا سەلماندووە. ئێمە بەختمان هەیە، یاریزانێکی وەکو ئەومان هەیە، چونکە یاریزانێکی زۆر گرنگە و دەتوانێت ئاستی بەرز پێشکەش بکات". مارکینیۆس لە بارەی نەیاریشەوە وتی:"ئەو باش دەناسم، یاریزانێکە بەرگە گرە، شتێکی باشە پشتی پێ ببەستیت، چونکە تواناکانی خۆی دەردەخات". لە بارەی رۆیشتنی نەیاریش گوتی: پێمواە نییە پاریس بتوانێت دەستبەرداری بێت، چونکە یاریزانێکی گەورەیە و دۆستێکی نزیکی منیشە، حەز دەکەم بەردەوام لێمەوە نزیک بێت.

رەمزی میرەکانی

www.xebat.net
خەبات پێنج شەممە 2019/11/28 ژمارە (5881)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com



دەیەوێت لەیاری کیک بۆکسینگ کوردستان بخاتە سەرنەخشەی جیهان

بەهێز نەوزاد پاڵەوانی کیک بۆکسینگ بۆ خەبات:

خەونم ئەوەیە نازناوی جیهان بە دەست بێنم و ئاڵای کوردستان بەرز بکەمەوە



دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین

لاوانی کورد لەهەرکوێی جیهان بن شانازی بەکورد بوون دەکەن و لەپێناو بەهێزکردن و ناساندنی گەلەکەیان بەجیهان هەوڵ ئەدەن و تێ دەکۆشن، لاوی خوێن گەرم بەهێز نەوزاد ئەنوەربەگ یەکێک لەولاوە بەتواناو بەهێزانەی کە لەوڵاتی هۆڵندا نیشتەجێیەو بەردەوام لەکاتی یاریکردن وپاڵەوانیەتییەکان ئاڵای کوردستان لەسەرشانیەتی، ئەوپاڵەوانە کوردە نێودەوڵەتییە بەم جۆرە شرۆڤەی پرسیارەکانی کردین:

هەمو پێشمەرگەیەک پاڵەوانە

لەسەرەتای دیمانەکە ئەم پاڵەوانە کوردە گوتی: ناسراوم بە بەهێز(پێشمەرگە) خۆشناو، چونکە لەلای من هەمو پێشمەرگەیەک پاڵەوانە، منیش وەک شانازی ئەم وشەیەم هەڵبژاردووە. لە ساڵی 1994 ؟ لە گوندی سەروچاوە (لە سەر گردی قەسر)، لە دایک بوم، لەگەڵ خانەوادەکەم لە ساڵی 2000 چوین بۆ هۆڵەندا. لە هۆڵەندا زیاتر خەریکی خوێندن بوم و هەتا ئێستاش دانەبڕاوم لە خوێندن، لە تەنیشت خوێندن هەمووکات وەرزشم کردوە، تا 2013 یاری تۆپی پێم کردووە، لە یاری تۆپی پێ توانیم لە پلە دووی هۆڵەندا یاری بکەم، کە ئاستێکی نزم نییە،، لە 2013 لە تەمەنی (19ساڵی) بڕیارمدا واز بهێنم، چونکە حەزم کرد وەرزشێک بکەم تەنها پشت بەخۆم ببەستم، وە بۆئەوەی ڕەخنە لە کەس نەگرم لە کاتی دۆران تەنها لەخۆم نەبێت. دەستم کرد بە (کیک بۆکسینگ) ، لە سەرەتا بەس بۆ خۆشی و بۆ ئەوەی بتوانم بەرگری لە خۆم بکەم، بە ماوەیەکی کەم دەرکەوت کە خاوەن بەهرەیەکی باشم، لەگەڵ خۆ ماندوو کردنێکی زۆر توانیم بە ماوەی (6ساڵ خۆم بگەیێنم بە بەرزترین خولی کیک بۆکسینگ.

شانازی دەکەم بەکورد بونی خۆم

لەوەڵامی پرسیاری ئەوەی وەک پاڵەوانێکی کورد خۆت ناساندووە، دەکرێ باسی دواین ئەو پاڵەوانیەتیەمان بۆ بکەیت کە نازناوت بەدەست هێناوە ؟

بەهێز گوتی: بەڵێ شانازی دەکەم بەکورد بوونی خۆم ، لەپاڵەوانی 16 نۆڤەمبەری 2019 وەک هەمو پاڵەوانێتییەکانی ڕاهبردوو ڕاهێنانێکی زۆر باشم کردبو، ئەم پاڵەوانیەتە تۆزێک تایبەتتر بوو لە پاڵەوانێتییەکانی پێشوو چونکە لە ئاستێکی زۆر بەرز بوو پێش پاڵەوانیەتەکە ئەم یارییەم پێشکەش کردبوو بە مامی زۆر خۆشە و یستم (خوا لێخۆشبو) کاک سەردار ئەنوەر بەگ، کاتی یاری هەمو شتیک وەک من و ڕاهێنەرەکەم پێشبینیمان کردبوو وا بوو توانیم ئەو نەخشەی دامانابوو بۆ یارییەکە بە باشی ئەنجامی بدەم، زۆر سوپاس بۆ خوای گەورە توانیم سەرکەتوتن بە دەست بهێنم.

نازناوی جیهانم بە دەستهێنا

دەربارەی پرسیاری ئەوەی نهێنی چییە بەردەوام دەبینرێی کە لە پاڵەوانیەتییەکان ئاڵای کوردستان دەخەیتە سەر شانت؟ ئەو پاڵەوانە کورد گوتی: پێش هەمو شتێک من کوردم، من نیشتیمانەکەم ، گەلەکەم ،ئاڵاکەم خۆشدەوێت، من زۆر شانازی دەکەم کە بە ئاڵای کوردستان خۆم دەناسێنم بە میللەتانی جیهان، من نازناوی جیهانم بە دەستهێنا لە خولی دووەم، ئێستاش خەونم ئەوەیە نازناوی جیهان بە دەست بێنم لە بڵندترین خولی جیهان.

چەند کۆمپانیایەکی هۆڵەندی پشتگیریم دەکەن

پاشان لێمان پرسیی بەنیاز نیت ئەو ئەزموونەی خۆت بهێنیتەوە کوردستان، واتە لێرە وەک ڕاهێنەرێک ڕۆڵ بگێرێت ؟ بەهێز خۆشناو گوتی: من کاتم زۆر کەمە ناتوانم هەمو شتێک بکەم کە حەزدەکەم، بێجگە لە یاری (کیک بۆکسینگ) من دەخوێنم، لە داهاتوو دەمەوێت بیم بە پزیشکی ددان، باوکم زۆر ئامێژگاریم دەکات و پاڵپشتمە، چەند کۆمپانیایەکی هۆڵەندی پشتگیریم دەکەن وەک سپۆنسەر و پاڵپشت من بۆ ئەوەی بگەم بە ئامانجەکانم، تاکو ئێستا سپۆنسەری کوردیم نییە پاڵپشتم بکەن، هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیک سپۆنسەری کوردیشم هەبێت، بیرم لە داهاتوو نەکرۆتەوە لەبەر ئەوەی من زۆر حەز ناکەم نەخشە بۆ دوارۆژێکی دوور دا بنێم. بەڵام وەک کوردێک دەمەوێت ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم ئەزمونەم ببێت بە هاوکاری بۆ گەنجی کورد.

دەمەوێت گەنجی کورد هان بدەم بۆ ئەوەی خۆیان نیشان بدەن و ئاستی بەرز پێشکەش بکەن

گەنجی کورد لە کیک بۆکسینگ توانایان هەیە کوردستان بگەیەنن بە لوتکەی جیهان

داهاتویەکی زۆر گەش پێشبینی دەکەم

لەوەڵامی پرسیاری چ جیاوازییەک دەبینی لە نێوان پاڵەوانیەتی لە کوردستان و لە دەرەوە ؟ ئەو پاڵەوانە کورده وابۆمان دوا: ئاستی کیک بۆکسینگی هۆڵەندا لە لوتکەی جیهانە، ئاستی کیک بۆکسینگ لە کوردستان بەرز نییە، جیاوازی یەکجار زۆرە، هۆکاری سەرەکی ئەم جیاوازییە ئەوەیە کە کوردوستان ڕووبە ڕووی چەندەها جەنگ بۆتەوە بۆیە نەیتوانیوە پێش بکەوێت، بەڵام من داهاتوویەکی زۆر گەش پێشبینی دەکەم، چونکە گەنجی کورد توانای ئەوەی هەیە کوردستان بگەیەنن بە لووتکەی ئەم وەرزشە.





بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 28. Nov. 2019 No: (5881)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

با کچان چاو نەترس بن و هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان بدەن

هاژە باست: خوێنی شەهیدان پیرۆزترین شتە بۆ من، بەهۆی خوێنی ئەوانە، ئێمە بە ئازادی دەژین





دیمانە: وریشە عومەر

هاژە باست حەمەغەریب، لەدایکبوی ساڵی 1993لە سلێمانی، خوێندکاری بەشی ژمێریارییە، فێرخوازی ئامێری دەفە،ئەم خاتوونە لاوە حەزێکی سەرشێتی بۆ ئامێری دەف هەیە و زۆر بەجوانی دەف لێ دەدات بۆیشتگیر و دەرکەوتن زیاتر ئەم کچە لاوە ئەم دیمانیەمان لەگەڵ سازدا:

بۆمۆزیکت هەڵبژارد؟

موزیک خەونی هەموو تەمەنێکی من بووە و لە تەمەنی منداڵیدا لە منداڵ پارێزی کوردستان ئامێری ڤایۆلینم خوێندوە،چەن ساڵێکە خولیای فێربونی ئامێرە ریتمیەکانم هەیەو، بێژەن کامکار و خانمانی ولاتی ئێران زۆر هۆکار بون و هەموو کاتێ سەیری کۆنسێرت و ڤیدیۆکانیان دەکەم.

میژووی بەکارهێنانی دەف لەگەڵ گۆرانی بۆکەی دەگەڕێتەوە؟

وەک ئەو زانیارینەی من لە مامۆستای فێرگەکەمم وەرگرتوە دەف میژویەکی زۆر کۆنی هەیە و سەرەتا بێژەن کامکار دەف ژەنی لە گۆرانی سونەتی بەکارهێناوە، لەگەڵ ئەوەی دەف بە ئامێرێکی کوردی ناسراوە، بەڵام لە میژە لەلایەن عەرەبەوە لە گۆرانیا بەکاردەهێنرێت.

بەکێ سەرسامیت لەدەف ژەنانی جیهان و دەتەوێت پەناستی کێ بکەیت؟

بێژەن کامکار ، هەژار زەهاوی و محەمەد جابری کە بە دەفژەنی بێژەن کامکار ناسراوە، زۆر سەرسامم پێیان و هەموو کات سەیری بەرهەمەکانیان دەکەم، لەگەڵ ئەمانەش مامۆستاکەی خۆم دەفژەنێکی زۆر بەتوانایە و زۆر چار ئەو ڕیتمانەی ئەو بە زیندوو دەیژەنێ زۆرترین چێژم پێدەبەخشێت.

دەتەوێت لەڕێی ژەنینی دەف چی پەیامێک دەگەیەنیت؟

موزیک، یا هەر ئامێرێک بێت، هەمیشە پەیامێکی بەرز و پیرۆزی هەڵگرتوە و جوانی دەنەخشێنێت، لەگەڵ ئەوەش زمانێکی جیهانیە و لەڕێی موزیکەوە بەجیهان دەگەیت.

زەحمەت نییە بڕگێ ژەنیاری دەف بیت؟یان لەبواری هونەری کار بکەیت؟

لەئێستادا بارودۆخ زۆر گۆڕاوە، من لەتەمەنی منداڵیمدا لەبەر کۆمەڵگا وازم لە ئامێری ڤایۆلین هێنا ، بەڵام لە ئێستادا ئەوەنە پشتیوانم هەیە ناتوانم بۆ دەقەیەکیش لە دەفەکەم دوربکەومەوە، کێ و کوڕیش جیاوازی نییە، تەنها ئیرادە و هەوڵ و ماندوونە.

دەتەوێت چی جیاواز بکەیت،لەئافرەتانی پێش خۆت لەبواری هونەر؟

ئەوەی من وەک ژنێک دەمەوێت بیکەم، ئەوەیە کە ژنان نەبنە جوانکاری بۆ گروپ و کۆنسێرت و کارە هونەرییەکان، بەڵکوو خۆیان ناو بن و کاری هونەری سەربەخۆ بکەن.

دەف لای تۆچی دە گە یە نیێت؟ جگە لە ئامێری دەف چی ئامێریکی دیکە دە ژە نیت؟

دەف بۆ من تاکە هاوڕێی ژیانە ، ئارامی ڕۆحە ، ئەتوانم بڵێم خۆی هەموو ژیانە ، لەئێستادا تەنها دەف فێردەبم و بەرنامەی فێربونی زەڕیبشم هەیە.

خۆت بەقەرزاری کێ دەزانیت؟

خێزانەکەم هەمیشە هاوکار و پشتیوانمن بۆ هەر کارێک کە دەیکەم وەک شاخ لە پشتمن هەموو کات قەرزارپانم، دواتر هاوڕێ و پشتیوانی مامۆستاکەم نەبێ هیچ کات ناتوانم بەردەوام بم.

شەهیدان و پێشمەرگە لە کوێی خەونی داهاتوی تۆن؟

خوێنی شەهیدان پیرۆزترین شتە بۆ من، بەخوێنی ئەوانە ئێمە بە ئازادی دەژین، پێشمەرگەش هەموو کات پارێزەری ژیانمانن، سەری ڕێز و نەوازشیان بۆ دادەنەوێنم.

وە کولاوێک خەون بەچی دەبینیت؟

هەموو کات خواستم هەبووە، بتوانم لە داهاتوو فێرگەیەک بکەمەوە، ئەو منداڵانەی کەم دەرامەتن بێ بەرامبەر فێریان بکەم.

پێشنیارت چیە وەکوکچێک؟

وەک کچێک پێشنیار ئەکەم بۆ هەموو کچان چاو نەترس بن و هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان بدەن، خۆیان بوێر بن زۆر پشتگیریان دەکرت، لەگەڵ ئەوەش هەوڵ بۆ فێربونی ئامێرەکانی موزیک بدەن، باشترین ئارمکەرەوەیە بۆ هەموو کاتێک.

لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەرهەمهێنانی بنێشتیی کوردی ڕوو لە نەمانە



خەبات – شیراز چاربژنی

کوردستان کە زۆرترین دارقەزوانی هەیە ساڵانی پێشوو خەڵکانێکی زۆر لە دارقەزوانەکانەوە بنێشتیی کوردییان بەرهەم دەهێنابەڵام بەهۆی نەبونی کارگەوە بەرهەمهێنانی ئەو بنێشتە بەڕەو نەمان دەچێت لە زۆر بەی ناوچەکان.

دلشاد محەمەدهاوڵاتیەکە کە پێشتر کاری بەرهەمئینانی بنیشتی کوردی کردوە بۆ خەبات گۆت : بەرهەمهێنانی بنێشت چەند قۆناغێکی پێویستە و کاتی زۆر دەخایەنێت ، لە سەرەتادا دارقەزوانەکە بریندار دەکرێت و بنێشتەکە لە قەدی درەختەکەوە ورد ورد دێتە دەرەوە، پاش ئەوەی خانەیەکی قوڕ بۆ کۆکردنەوەی بنێشتەکە دروست دەکرێت و دەڕژێتە ناوییەوە کە حەوزی بنێشت کۆکردنەوەی پێ دەڵێن، پاش پڕبونی حەوزەکە، بنێشتەکە دەخرێتە قاپێکی گەورە و دەگوازرێتەوە ماڵ و پاشان لە ڕێگەی مەنجەڵێکەوە دەخرێتە سەر ئاگر بۆ جیابونەوەی بنێشتە دروستەکە ،ساڵانە لە مانگی ئایارو حوزەیراندا ئامادەکارییەکان بۆ بەرهەمهێنانی بنێشتی کوردی دەست پێ دەکەن بوو کۆکردنەوەی بنێشتەکە ، سەرەتا دەست بە بریندارکردنی دارقەزوان و دروستکردنی حەوزی بچووکی قوڕ بەدەورییەوە دەکەن.

سەردار عەلی گوندنشینێکی دەڤەری ئاکرێ یە بۆ خەبات گۆت : بەرهەمئینانی بنیشتی کوردی ئەرکی زۆرە بوویە کەمتر ساڵانی رابردوو خەلک بەرهەمدەهێنێت و لە هەمانکاتدا نرخیشی وەک پێویست نیە بۆ نمونە کێلوی لە 10بۆ 25هەزار دیناری ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی هاوڵاتیان کەمتر بنیشتی کوردی بەرهەمبێنن و خاڵێکی تر ئەوەیە کە نەتوانین بۆخۆمان سودی لێ بینن بۆ فرۆشتن بەتەنیا سودی وا زۆری لێ نابینن بۆیەش ساڵانە ڕێژەی بەرهەمئینانە کەمتر دەبێت و لەهەندێک ناوچە بەتەوای بن بڕبووە .

تاهر سالح چالاکوانی ژینگەیی بۆ خەبات گۆت : داتایەکی فەرمی بەردەست نییە لەبارەی چەندایەتی و چۆنیەتی ڕێژە و جۆری ئەو بنێشتەی لە کوردستان بەرهەم دێ، بەڵام پێشتر خەڵکێکی زۆر پێیەوە سەرقاڵ بوون و ئێستە کەم بووەتەوە، لە ناوچە شاخاوییەکان داری قەزوان زیاتر هەیە و بەشی هەرە زۆری دەکەوێتە ناوچە شاخەویەکان گوندەکان و ساڵانە ڕێژە یەکی زۆر قەزوان بەرهەم دەهێنرێت بەڵام بەرهەمهێنانی بنیشتی کوردی ڕوو لەمانەو کەمیکردووە.

پێنجەمین فستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقام لە کەرکووک بەڕێوەدەچێت

لە پێناو پێکەوە ژیان و هێورکردنەوەی بارودۆخی دانیشتوانی کەرکوک ئەمساڵ فستیڤاڵی شانۆی شەقام خولی هونەرمەندی خوالێخۆش بوو (حسین میسری) کرا بە نێو دەوڵەتی. بەسەرپەرشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری هونەری کەرکوک گروپی شانۆی هەوار. **(لەمبارەیەوە ڕاپۆرتێک لە ل7 بخوێنەوە)**

